دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
کوردستان
ژمارە: ٥١٣
www. kurdistanukurd.com
دووشەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٨٨ ـ ٦ی ژوولای ٢٠٠٩ـ ١٥٠ تمەن
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



کودیتای ئەم جارەو دەرهاویشتەکانی

سیاسی



ئاوڕێك لە بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا ( لە سەرهەڵدانەوە تا ئێستا )

کوردستانی



هەلبژاردن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ـ دا

کۆمەڵایەتی




بەشداریی ژنان لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێراندا

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مانگرتنی گشتی، یادی ٢٠ساڵەی تیرۆری د. قاسملووی ڕێبەر دەکاتەوە

## لە تیرۆرەوە بۆ کودیتا

قادر وریا

لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨)، ناردراوانی کۆماری ئیسلامی دکتور قاسملوویان لە ڤییەن لەسەر مێزی وتووێژ تیرۆر کرد. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر بە ناوبژیوانیی دوکتور فازل ڕەسووڵ، بۆ باس لە سەر پرسی کورد لە ئێران و دۆزینەوەی چارەسەر لە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتییەوە لەگەڵ ناردراوانی ڕێژیمی تاران کۆببوونەوە. ئەوان کەڵکوەرگرتن لە ڕێگای دیالۆگ و وتووێژیان نەك بۆ چارەسەری عاقڵانەی کێشەی کوردو گەیشتن بە ئاشتی، بەڵکوو بۆ لە داو خستنی دوکتور قاسملوو هەڵبژارد. بێرنارد کۆشنێر گوتەنی: "ئەوان لە پەیامی ئاشتی ترسان، بۆیە پێغەمبەری ئاشتییان کوشت"! بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە پڕ لە شوورەییەش، ڕاست ڕۆژی چلەی مەرگی خومەینی، ڕێبەرو دامەزرێنەری ڕێژیمەکەیان هەڵ بژارد.

لە ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ (١٢ی ژوئەنی ٢٠٠٩)دا، هەر ئەو تاقمەی ٢٠ ساڵ پێشتر، ڕێگایەکی شارستانییانەو سەردەمییانەیان بۆ مەبەستێکی شووم بە کار هێنا، هەڵبژاردن و دەنگوەرگرتن لە خەڵکیان وەك نەریتێکی مودێرن و دێموکراتیك بۆ مەبەستێکی شووم و نیازێکی چەپەڵ بە کار هێنا. ئەوان بە هەموو تواناوە هەوڵیاندا زۆرترین خەڵك بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن و چوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ڕاکێشن، بۆ ئەوەی وا بە دنیا نیشان بدەن کە خەڵکی ئێران لەگەڵ ڕێژیمەکەیان دایە. بەڵام سەرەڕای ئەم کەڵکوەرگرتنە تەبلیغاتییە لە حوزووری خەڵك، دەنگەکانی خەڵکیان خستە ژێر پێ و، لە جیاتی ئەو کەسەی زۆرترین دەنگی لە لایەن خەڵکەوە پێ درابوو، ئەو کەسەیان وەك براوەی هەڵبژاردن بۆ پۆستی سەرکۆماری ناساند کە بۆ خۆیان بڕیاریان لەسەر دابوو. ئەوان لە ژێر ناوی هەڵبژاردندا، کودیتایان لە خەڵك کرد!

ڕێکخەری کودیتای ٢٢ی جۆزەردان، هەر ئەو کەسەیە کە لە نێوان جۆزەردان و ٢٢ی پووشپەڕی ٢٠ ساڵ لەمەوبەردا، یەك لە بڕیار بەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی بووو، خۆی بۆ بەجێهێشتنی کۆشکی سەرکۆماری و دانیشتن لەسەر تەختی ڕێبەریی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئامادە دەکرد. ئەو کەسەش کە لە ٢٢ی جۆزەردانی ئەمساڵدا بە هۆی کودیتاوە کردیانەوە بە سەرکۆمار، یەك لە ئەندامانی دوو تیمی تیرۆرەکەی ٢٠ ساڵ لەمەوبەری ڤییەنە.

کودیتای ٢٢ی جۆزەردانی ساڵ ١٣٨٨، لاپەڕێکی دیکەیە لە کارنامەی نیزامێك کە تیرۆری ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی ئەنجام دا. لە نێوان دیمەنی ٢٠ ساڵ لەمەوبەری تەرمی خوێناویی شەهیدانی ڤییەن و دیمەنی خوێناویی ئەمڕۆی کچان و کوڕانی خۆپێشاندەر لە زانستگەو شەقامەکانی تاران، شیراز، زاهیدان، کرماشان و ورمێ، سەرەڕای جیاوازیی کات و شوێن، پێوەندی و وێکچوون هەیە. هەر دوو ڕووداو، هەوڵدانی شارستانییانەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکێك بۆ گەیشتنی بە ئازادی و سەرەتاییترین مافەکانیان و، قوربانیدانی ئەوان لە ململانێ لەگەڵ سیستمێکی دیکتاتور، تیرۆریست، پاوانخوازو کودیتاچیدا دەگەیەنن

ل٢

### لە٢٠ساڵەی تیرۆری د. قاسملوودا

## ڕێورەسمێک لە بەردەم بارەگای کۆمیسیۆنی ئوروووپا لە بروکسێل پێک دێ

لە بیستەمین ساڵوەگەڕی شەهید کرا ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملوو و کاک عەبدوڵلا قادری ئازەر نوێنەری حیزب لە ئورووپادا، نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێورەسمێکی بەنێوەرۆک و پڕ شکۆ بەڕێوە دەبا. بۆ ئەوەی لە بیست ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوودا نەک تەنیا ڕێز لە خەباتی درەوشاوە و کەسایەتیی کەموێنەی دوکتور قاسملوو بگیرێ و ڕێبوارانی ڕێگاکەی پەیمان لەگەڵ بیر و ڕێباز و ئیدئالەکانی نوێ بکەنەوە، بەڵکوو سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مێدیاییی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانیش بۆ لای مەسەلەی کورد لە ئێران و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان رابکێشرێ و بە کردەوەش داوای قەرەبوو کردنەوەی ئەو ناهەقی‌یە بکرێ کە لە کاتی تیرۆری دوکتور قاسملوودا دەرهەق بە گەلی کورد کرا، نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لێبڕاوە هەتا ڕێورەسمی سەرەکیی خۆی لە پێتەختی نیهادەکانی ئەورووپا واتە لە بروکسێل و لە بەردەم بارەگای گرینگترین نیهادی ئیجراییی یەکێتیی ئورووپا واتە کۆمیسیونی ئورووپا بەڕێوە ببا.

لەو ڕێورەسمە تایبەتی‌یەدا کە بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی ناسراوی کورد و ئێرانی و ئوروووپایی بەڕێوە دەچێ، سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات و کوردستانییانی دەرەوەی وڵات وێڕای بەرز ڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی دوکتور قاسملووی مەزن، پشتیوانیی خۆیان لە داوای وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تێرۆری ئەو ڕێبەرە شەهیدە دەردەبڕن و بەم چەشنە هاواری مەزڵومییەت و مافخوازیی نەتەوەی قاسملوو بە دامودەزگا پێوەندیدارەکان و بە جیهانییان دەگەیەنن.

ل٢



## داوای مانگرتنی گشتی لە خەڵکی کوردستان لە ٢٢ی پووشپەڕدا

لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ هەتاوی (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩)دا، ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە سەر مێزی وتوویژ لە شاری ڤییەن تیرۆر کرد. لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵدا، ٢٠ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی ئەم ڕێبەرە مەزنەی خەباتی نەتەوەکەماندا ڕادبڕێ.

یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو، دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە وەفاداریی خۆی بە ئامانجەکانی قاسملووی شەهیدو، بێزاریی خۆی لە ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی نیشان بداتەوە.

**خەڵکی تێگەیشتووو خەباتگێڕی کوردستان!**

ڕۆژی دووشەممە، ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، لە هەموو شارو ناوچەو گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مانگرتنی گشتی وەڕێ بخەن. بە داخستنی دووکان و بازاڕ، بە مانەوە لە ماڵەکانتان و نەچوون بۆ شوێنی کار، بەڕێز گرتن لە یادی قاسملوو، سومبولی دیالۆگ و ئاشتی و، بە دووپاتکردنەوەی وەفاداریی خۆتان بە ئامانجەکانی ڕێبەری شەهیدی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی خۆتان، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بکەن بە ڕۆژی مەحکووم کردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و، ڕێبەرو سەرکۆمارە دیکتاتورو تیرۆریستەکەی.

دووشەممە ٢٢ی پووشپەڕ، یادی ڕێبەری شەهیدی خۆتان و مانگرتنی گشتی لە بیر نەکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کومیتەی یادی ٢٠ ساڵەی**
**شەهیدبوونی د. قاسملووو هاوڕێیانی**
**پووشپەڕی ١٣٨٨**

## پشتیوانانی کەمپەینی چالاک کردنەوەی پەروەندەی تیروری د. قاسملوو لە زیاد بوون دان



دوای ئەوەی بە ئیبتکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پشتیوانی کۆمەڵێك کەسایەتی ناسراوی ئورووپایی کەمپەینێك بۆ چالاك کرانەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو و هاورێیانی وەڕێ خرا، شەپۆلی پەیوەست بوون بەم کەمپەینە لە نێو کوردەکان و ئێرانییەکان لە دەرەوەو ژوورەوەی وڵات، دەستی پێ کردوە. لە ریزی ئەو کەسانەدا کە پشتیوانییان لەم کەمپەینە کردوە، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دۆستی کورد و لایەنگری دادپەروەری دەبینرێ. تا ئێستا ژمارەی ئەو کەسانەی پشتی ئەم کەمپەینەیان گرتوە، گەیشتۆتە سنووری دوو هەزار کەس. چاوەڕوان دەکرێ تا ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر چەند هەزار کەسی دیکە پشتیوانی لەم کەمپەینە بکەن. ئەو کەسانەی تا ئێستا ئەم کەمپەینەیان ئیمزا نەکردوە دەتوانن بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ئەم لینکە بکەن:

http://www.petitiononline.co
/petition.html١٣١٩٨٩m/Ju

## بەبەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی ئاکادیمی سمینارێک لە سەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بەڕێوەچوو

به مەبەستی تیشك خستنە سەر ئەندێشەو کەسایەتیی "د. قاسملوو" ڕۆژی شەممە ١٣ی پووشپەڕ کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو سیمینارێکی بەڕێوە برد.

ئەو سمینارە بە بەشداری ژمارەیەك میوان لە باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاتژمێر ١٠ی بەیانی بە یەك خولەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان دەستی پێ کرد.

پاشان پرۆفیسۆر "عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ"، نووسەرو لێکۆڵەر بە گێڕانەوەی کۆمەڵێك بیرەوەری باسی لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو کرد. عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ بە ئاماژە بەوەی کە سەرەتای ساڵی ١٩٥٤ لە قەڵادزێ



دوکتور قاسملووی ناسیوە، وتی ئەو کاتە لە مهابادەوە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەنارده قەڵادزێ، ئێمە ئەوەندە بە ڕۆژنامەی کوردستانەوە خەریك دەبووین بە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی کە هی خۆمان بوو خەریك نەدەبووین. پاشان دوکتور قاسملوو هاتە قەڵادزێ و لەوێوە ڕۆیشتە بەغداو پاشان کاریگەریی قاسملوو لە بزووتنەوەی کورددا دەستی پێ کرد

ل ٢

درێژەی:

# له تیرۆره‌وه بۆ کودیتا

ئێستا که ٢٠ ساڵه‌ی تیرۆری د.قاسملووو هاوڕێیانی هاوکاته له‌گه‌ڵ زرینگانه‌وه‌ی زه‌نگی ریسوایی ده‌وڵه‌تی کودیتا له ئاستی جیهاندا، خه‌ڵکی کوردستان خۆیان بۆ مانگرتنێکی گشتی له ٢٢ی پووشپه‌ڕدا ئاماده ده‌که‌ن تا هه‌م وه‌فاداریی خۆیان به ئامانجه نه‌ته‌وه‌یی، دێموکراتیک و ئینسانییه‌کانی رێبه‌ری شه‌هیدیان نوێ بکه‌نه‌وه، هه‌م بێزاریی قووڵی خۆیان له ده‌سه‌ڵاتدارانی دوێنێ تیرۆریست و ئه‌مڕۆ کودیتاچی نیشان بده‌نه‌وه. که‌مترین چاوه‌ڕوانی له ئێرانییه‌کان له ده‌ره‌وه‌و ژووری وڵات ئه‌وه‌یه که له ٢٠ ساڵه‌ی تیرۆری د.قاسملوودا، ده‌نگی خۆیان تێکه‌ڵی ده‌نگی خه‌ڵکی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان بکه‌ن که له به‌ربه‌ره‌کانیی ئه‌م رێژیمه تیرۆریست و کودیتاچییه‌دا، پێشه‌نگ و پێشڕه‌وی خه‌ڵکی ئێران بوون و، هه‌زاران شه‌هیدی به‌نرخ، له نێویان دا رێبه‌رانی وه‌ک قاسملووو شه‌ڕه‌فکه‌ندییان له‌م خه‌باته‌دا، پێشکه‌ش کردوه. هاوپێوه‌ندیی ئه‌مڕۆی کوردستان و سه‌رانسه‌ری ئێران، تێکه‌ڵکردنه‌وه‌و لێک گرێدانه‌وه‌ی ئه‌و خه‌بات و به‌ربه‌ره‌کانییه‌یه که ٣٠ ساڵه له کوردستان و ئه‌مڕۆ له هه‌موو ئێران به دژی ئه‌و رێژیمه له گۆڕێ دا هه‌یه.

کۆمه‌ڵگه‌ی نێونه‌ته‌وه‌ییش ئێستا له‌گه‌ڵ تاقیکردنه‌وه‌یه‌کی چاره‌نووسساز به‌ره‌وڕوویه. ئایا رێگه ده‌دا تاقمێک تیرۆریست و پاوانخواز که له رێگه‌ی کودیتاو سه‌رکوت و کوشتنه‌وه، ته‌مه‌نی ده‌سه‌ڵاتداریتیی خۆیان درێژ کردۆته‌وه، هه‌روا بێ په‌روایانه درێژه به سه‌رکوتی به‌ره‌نگاریی خه‌ڵکی وه‌زاڵه‌هاتووی ئێران بده‌ن؟ ئایا له ٢٠ ساڵ بایگانی کردنی په‌روه‌نده‌ی تیرۆری د.قاسملوو له لایه‌ن ده‌وڵه‌تی ئوتریشه‌وه، هه‌روا بێده‌نگ ده‌بن؟ چاوه‌ڕوانیی خه‌ڵکی کوردستان و هه‌موو ئێرانییه‌کان ئه‌وه‌یه، ده‌وڵه‌تانی دنیا، کۆڕو کۆمه‌ڵه مرۆڤدۆسته‌کان و به تایبه‌تی رێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌ککگرتووه‌کان، هاتنه سه‌رشه‌قام و به‌ره‌نگاریی ده‌یان میلیۆن خه‌ڵکی ئێران دژی ده‌سه‌ڵاتدارانی کودیتاچی و خوێنڕێژی وڵاته‌که‌یان ببینن و پشتی بگرن.

درێژەی:

# له ٢٠ ساڵه‌ی تێرۆری دوکتور قاسملوودا

له‌و رێوره‌سمه تایبه‌تییه‌دا که به به‌شداریی کۆمه‌ڵێک که‌سایه‌تیی ناسراوی کوردو ئێرانی و ئوروپایی به‌ڕێوه ده‌چێ، سه‌دان که‌س له ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی دێموکڕات و کوردستانییانی ده‌ره‌وه‌ی وڵات وێڕای به‌رز راگرتنی یادو بیره‌وه‌ریی دوکتور قاسملووی مه‌زن، پشتیوانیی خۆیان له داوای وه‌گه‌ڕخستنه‌وه‌ی په‌روه‌نده‌ی تێرۆری ئه‌و رێبه‌ره شه‌هیده ده‌رده‌بڕن و به‌م چه‌شنه هاواری مه‌زلومییه‌ت و مافخوازیی نه‌ته‌وه‌ی قاسملوو به دامووده‌زگا پێوه‌ندیداره‌کان و به جیهانییان ده‌گه‌یه‌نن. کۆمیته‌ی به‌ڕێوه‌بردنی چالاکییه‌کانی بیست ساڵه‌ی شه‌هیدبوونی دوکتور قاسملوو له ده‌ره‌وه‌ی وڵات سه‌رجه‌م رێبوارانی رێگه‌ی دوکتور قاسملووی نه‌مرو شه‌هیدانی دیکه‌ی رێی رزگاریی کوردستان و هه‌موو ئه‌ویندارانی ئاشتی و ئازادی و هۆگرانی مه‌سه‌له‌ی کورد بانگهێشتن ده‌کا هه‌تا به به‌شداریی به‌ربڵاوو به‌رچاوی خۆیان له‌و رێوره‌سمه‌دا ده‌نگی هه‌قخوازانه‌ی کورده‌کانی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان و بانگی ئه‌و ئامانجانه که دوکتور قاسملوو له پێناویاندا گیانی خۆی به‌خت کرد باشتر به گوێی خه‌لکی دنیا به گشتی و لێپرساوانی نیهاده ئوروپاییه‌کان به‌تایبه‌تی بگه‌یه‌نن.

کاتی به‌ڕێوه چوونی رێوڕه‌سمه‌که: دوو شه‌ممه، ١٣ ی ژوئیه‌ی ٢٠٠٩، کاتژمێر ١٢ ی نیوه‌ڕۆ تا ٥ ی ئێواره.

شوێنی به‌ڕێوه‌چوونی رێوڕه‌سمه‌که: به‌رده‌م باره‌گای کۆمیسیۆنی ئورووپا، مه‌یدانی شوومان، بروکسێل ئادرێس:

B Wetsraat ١٧٥B / Rue de la Loi ١٧٥
Brussels ١٠٠٠

بۆ وه‌رگرتنی زانیاریی زیاتر ده‌توانن پێوه‌ندی به‌م ژماره ته‌له‌فونانه‌وه بگرن:
٠٠٣٢ ٤٩٢ ٣٧٩ ٧٩٥
٦١٠ ٧٧٦ ٢٨٨

# خه‌ڵکی کوردستان خۆیان بۆ مانگرتنێکی گشتی به‌شکۆ له رۆژی ٢٢ی پووشپه‌ڕدا ئاماده ده‌که‌ن

به پێی ئه‌و هه‌واڵ و زانیارییانه‌ی که له شارو ناوچه جۆراوجۆره‌کانی رۆژهه‌ڵاتی کوردستانه‌وه به ده‌ست "کوردستان" گه‌یشتوون، به بۆنه‌ی بیسته‌مین ساڵرۆژی تیرۆری رێبه‌ری مه‌زنی گه‌لی کورد دوکتور قاسملوو، خه‌ڵکی کوردستان له ئێستاوه خۆیان بۆ به‌ڕێوه‌بردنی مانگرتنێکی گشتیی به‌شکۆ له رۆژی ٢٢ی پووشپه‌ڕدا ئاماده ده‌که‌ن.

به پێی وته‌ی چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌کی باوه‌ڕپێکراو له شاره‌کانی سنه، سه‌قز، مهاباد مه‌ریوان، و شنۆ، پێش بینی ده‌کرێ که مانگرتنی گشتی ئه‌مساڵی خه‌ڵکی کوردستان له رۆژی ٢٢ی پووشپه‌ڕدا زۆر به‌ربڵاوترو به‌شکۆتر به‌ڕێوه بچێ. ئه‌و چه‌ند سه‌رچاوه‌یه هه‌روه‌ها پێیان راگه‌یاندین که چه‌ند رۆژێکه خه‌ڵك له نێو خۆیان دا به حه‌ماسه‌ته‌وه باس له مانگرتنی رۆژی ٢٢ی پووشپه‌ڕ ده‌که‌ن و حه‌ساسییه‌تی رێژیم به‌و مه‌سه‌له‌یه ئه‌وه‌نده‌ی دیکه خه‌ڵك هان ده‌دا که له‌و رۆژه‌دا به داخستنی دووکان و بازاڕ یادی رێبه‌ری مه‌زنی گه‌له‌که‌یان به‌رز رابگرن.

هه‌ر له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئاماده‌کاریی خه‌ڵك بۆ مانگرتنی گشتیی رۆژی ٢٢ی پووشپه‌ڕدا، چالاکێکی سیاسی له شاری سنه‌وه که به هۆی تێبینیی ئه‌منییه‌تییه‌وه نه‌یویست ناوی ئاشکرا بکرێ رایگه‌یاند که به هۆی ئاڵۆزییه‌کانی ئه‌م دواییانه‌و تووڕه‌یی له راده‌به‌ده‌ری خه‌ڵکی کورده‌وه پێش بینی ده‌کرێ که رۆژی ٢٢ی پووشپه‌ڕ خه‌ڵکی کورد له‌رێگه‌ی مانگرتنه‌وه هه‌ڵوێستی نه‌ته‌وه‌یی خۆیان به کۆماری ئیسلامی نیشان بده‌ن.

جێی وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه که له ساڵانی رابردوودا خه‌ڵکی کوردستان له رۆژی ٢٢ی پووشپه‌ڕ، ساڵ به ساڵ به‌شکۆتر به مانگرتنی گشتی یادی شه‌هید دوکتور قاسملوویان به‌رز راگرتوه، به‌شکۆترین مانگرتن له ساڵی رابردوودا بوو که زۆربه‌ی شاره‌کانی کوردستان دوکان و بازاڕه‌کانیان داخست.







# ڕێوڕه‌سمی کۆتایی ده‌وره‌ی ١٨٨ی سه‌ره‌تایی پێشمه‌رگه به‌ڕێوه‌چوو

رۆژی ١ی پووشپه‌ڕ به بۆنه‌ی کۆتایی هاتنی ده‌وره‌ی ١٨٨ی سه‌ره‌تایی پێشمه‌رگه له لایه‌ن فێرگه‌ی سیاسی - نیزامییه‌وه رێوڕه‌سمێك له بنکه‌ی ده‌فته‌ری سیاسی به به‌شداریی به‌شێکی به‌رچاو له ئه‌ندامانی رێبه‌رایه‌تی و کادر و بنه‌ماڵه‌کانی حیزب به‌ڕێوه‌چوو.

رێوڕه‌سمه‌که به سروودی نه‌ته‌وایه‌تیی ئه‌ی ره‌قیب و رێژه‌و نمایشی ره‌زمیی به‌شدارانی ده‌وره ده‌ستی پێکرد.

پاشان برایم زێوه‌یی ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی حیزب چه‌ند وته‌یه‌کی پێشکه‌ش کرد. ناوبراو له سه‌ره‌تای وته‌کانی دا وێڕای پیرۆزبایی له به‌شدارانی ده‌وره‌ی ١٨٨، تیشکی خسته سه‌ر ئه‌و ئامانج و مه‌به‌ستانه‌ی پێشمه‌رگه خه‌باتی بۆ ده‌کا. برایم زێوه‌یی له درێژه‌ی وته‌کانی‌دا ئاماژه‌ی به ئاڵۆزییه‌کانی ئه‌م دواییانه‌ی ئێران کردو له‌و پێوه‌ندییه‌دا به‌ربه‌ره‌کانێ و خۆڕاگریی خه‌ڵکی ئێرانی به‌رانبه‌ر به رێژیم به‌رز نرخاند.

له به‌شێکی دیکه‌ی رێوڕه‌سمه‌که‌دا ئازاد عه‌باسیان وه‌ك یه‌كێك له مامۆستایانی فێرگه راپۆرتی راهێنانی فێرگه‌ی سیاسی نیزامیی پێشکه‌ش کرد. دواتر سابیر میرابی یه‌كێك له به‌شدار بووانی ده‌وره، په‌یامی ده‌وره‌ی ١٨٨ی خوێنده‌وه.

نێوئاخنی رێوڕه‌سمه‌که چه‌ند گۆرانییه‌ك بوو که به هاوکاریی کۆڕی هونه‌ریی حیزبه‌وه پێشکه‌ش کران. له بڕگه‌یه‌کی دیکه‌ی رێوڕه‌سمه‌که‌دا له لایه‌ن به‌ڕێزان خه‌دیجه مه‌عزوور، ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی و عوسمان ئه‌فشین کادری به رابردووو تێکۆشه‌ری حیزب، خه‌ڵات به‌سه‌ر چه‌ند به‌شداربوویه‌کی ده‌وره‌دا دابه‌ش کرا.

رێوڕه‌سمه‌که به شایی و هه‌ڵپه‌ڕکێی به‌شدارانی ده‌وره کۆتایی پێ هات.

سه‌رده‌شت:

# رێژیم تا ئێستا ته‌نیا ناوی ٤٠٠ که‌سی وه‌ك برینداری شیمیایی تۆمار کردوه



پاش تێپه‌ڕبوونی ٢٢ ساڵ به سه‌ر کاره‌ساتی شیمیایی بارانی شاری سه‌رده‌شت دا له لایه‌ن رێژیمی به‌عسی عێراقه‌وه، حکوومه‌تی ئێران له ٨ هه‌زار به‌رکه‌وته‌ی ئه‌و کاره‌ساته، ته‌نیا ٤٠٠ که‌سی وه‌ك به‌رکه‌وته‌ی شیمیایی تۆمار کردوه.

عوسمان موزه‌ییه‌ن لێپرسراوی حقووقی ئه‌نجومه‌نی داکۆکی له مافی بریندارانی شیمیایی سه‌رده‌شت له وتووێژێکدا له‌گه‌ڵ ماڵپه‌ڕی "به‌یان" رایگه‌یاند که به پێی ئاماره ره‌سمییه‌کان که ئه‌و کات بڵاوکرایه‌وه ٨ هه‌زار که‌س له خه‌ڵکی سه‌رده‌شت بوونه قوربانیی ئه‌و کاره‌ساته، به‌ڵام تا ئێستا ته‌نیا ٤٠٠ که‌س خراونه‌ته ژێر چاوه‌دێری و هاوکاریکردنه‌وه، که ئه‌و رێژه‌یه ده‌کاته ٤ له سه‌دی قوربانیان و بریندارانی ئه‌و کاره‌ساته ئه‌مه‌ش ره‌خنه‌یه‌کی گه‌وره‌یه له حکوومه‌ت که بۆچی پاش ٢٢ ساڵ ته‌نیا ٤ له سه‌دی تووشبووانی ئه‌و کاره‌ساته‌ی وه‌ك قوربانی تۆمار کردووه.

عوسمان موزه‌ییه‌ن له درێژه‌دا ده‌ڵێ شاری سه‌رده‌شت له رووی پزیشکییه‌وه زۆر بێبه‌شه‌و بریندارەکان ناچار ده‌بن بڕۆن بۆ شاره‌کانی دیکه و ئه‌مه‌ش هه‌زینه‌یه‌کی زۆری بۆ ئه‌وان هه‌یه. موزه‌ییه‌ن هه‌روه‌ها ره‌خنه له کاربه‌ده‌ستانی کۆماری ئیسلامی ده‌گرێ و ده‌ڵێ: ئێمه ویستمان له دادگای تاوانبارانی رێژیمی به‌عس دا به‌شداری بکه‌ین به‌ڵام حکوومه‌تی ئێران هیچ هاوکارییه‌کی ئێمه‌ی نه‌کرد و بۆ خۆشی به‌شداریی له‌و دادگایه‌دا نه‌کرد. هه‌رچه‌ند له پارلمانی ئێران یاسایه‌ك بۆ پشتگیری کردنی ده‌وڵه‌ت له قوربانیانی شیمیایی په‌سند کراو یه‌ك میلیارد تمه‌ن بوودجه‌شی بۆ ته‌رخان کرد، به‌ڵام به‌رپرسانی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئێران تا ئێستاشی له‌گه‌ڵ دا بێ هیچ هه‌وڵێکیان بۆ تۆمارکردنی سکاڵا له سه‌ر تاوانبارانی رێژیمی به‌عس نه‌داوه.



# رێژیم به هه‌ڕه‌شه کردن له خه‌ڵك ده‌یه‌وێ پێش به مانگرتنی ٢٢ی پووشپه‌ڕ بگرێ

هێزه‌کانی رێژیم به نزیك بوونه‌وه‌ی ٢٢ی پووشپه‌ڕ له مه‌هابادو چه‌ند شارێکی دیکه‌ی کوردستان له ئاماده‌باش دان و هه‌ڕه‌شه له دووکانداره‌کان ده‌که‌ن که نابێ دووکانه‌کانیان له‌و رۆژه‌دا دابخه‌ن.

ماوه‌ی چه‌ند رۆژێکه هێزه ئه‌منییه‌تییه‌کانی رێژیم به نزیك بوونه‌وه‌ی ٢٢ی پووشپه‌ڕ، ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو له شاری مه‌هاباد له حاڵه‌تی ئاماده‌باش دان و جموجۆڵی هێزه ئیتلاعاتی و لیباس شه‌خسییه‌کان له نێو خه‌ڵك و گه‌ڕه‌که‌کانی شاردا به مه‌به‌ستی چاوه‌دێری کردنی خه‌ڵك په‌ره‌ی سه‌ندووه.

به پێی ئه‌و زانیاریانه‌ی له‌و پێوه‌ندییه‌دا به کوردستان گه‌یشتوون ماوه‌ی چه‌ند رۆژێکه ئیداره‌ی ئیتلاعات دووکانداره‌کانی ئه‌م شاره بانگ ده‌که‌ن و هه‌ڕه‌شه‌یان لێ ده‌که‌ن که ئه‌گه‌ر رۆژی ٢٢ی پووشپه‌ڕ دووکانه‌کانیان دابخه‌ن، ئه‌وا به توندترین شێوه سزا ده‌درێن هه‌ر له‌و پێوه‌ندییه‌دا ئیداره‌ی به‌سیجی شاری مه‌هاباد به هاوکاریی ئیداره‌ی ئیتلاعات، به‌سیجییه‌کانی گونده‌کانی مه‌هابادیان ئاگادار کردوونه‌وه که به بۆنه‌ی ٢٢ی پووشپه‌ڕ به وردی جموجۆڵی خه‌ڵك بخه‌نه ژێر چاوه‌دێری. له به‌رانبه‌ر ئه‌م کاره‌شیان دا به‌ڵێنی پاداشیان پێ داون.

# کودیتای ئەم جارەو دەرهاویشتەکانی

سامان فەقێ نەبی


هەڵبـــژاردنی دەورەی دەیـــەمی ســـەرۆك كۆمـــاریی لـــە ئێرانـــداو رووداوەکـانی پێوەندیـدار بـەم مـژارە چـەند خـاڵێکی گرینگـی بـۆ گـشت توێـــژەكانی كۆمەڵگـــەو لایەنـــە سیاسـییەکان روون كـردەوە كـە هـەوڵ دەدرێ لەم وتارەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ بگرێ.

**دەرکـــەوتنی زیـــاتری ماهییـــەتی دیکتاتۆریی رێژیم:**

ئەم کودیتایەی کـە لـە دژی دەنگـی گۆڕانخوازەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان بەڕێوە بـرا، بـە تـەواوەتی ئەوەی سەلماند کـە "جمهوریـەت" لـە چوارچـــێوەی ئـــەم سیـــستەمە دواكەوتوویـــەدا هـــیچ مانایـــەك نـــاداو هەڵبـــژاردن تـــەنیا وەكـــوو ئـــامرازێکی رووکەشـی و دەمامکێـك بـە مەبەسـتی حەشـــــاردانی ماهییـــــەتی رەش و دیکتاتۆرییانــــەی رێژیمــــەوە بــــەكار دەهێندرێ و دەنگی خـەڵك لـە بەرانبـەر ویـــست و خولیـــای دژەگەلییـــەکانی کاربەدەستانی دەرەجە یەکەمی رێژیمدا هـیچ چەشـنە بایـەخێکی نیـەو زۆر بـە ئاسـانی دەکـرێ دەنگـی خـەڵك بـە مەبەسـتی مـسۆگەر کردنـی ویـستە دواکەوتووەکانی بەناو نوێنەری ئیمامی زەمـان (وەلی فەقیـه) بـە پێـچەوانە بخوێندرێتەوە.

**ــ بەشـداریی بەرچـاوی خـەڵك و مەشرووعییەتی ناڕەزایەتییەكان:**

بـە پێـی راپۆرتـەکانی چـاوەدێران و پـسپۆڕانی بـێ لایـەن، لـەم دەورەیـەدا خـەڵکی ئێـران بـە بـەراورد لەگـەڵ خولـەکانی پێـشوودا بەشـدارییەکی بەرچـاوتریان لـە هەڵبژاردنـدا هـەبووە. ئەم بەشدارییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـە رێژەیەکی زۆر لە خەڵك بەو هیوایە بوون کە بە بەشداریی لـە هەڵبژاردنـدا بتـوانن کەشوهەوای میلیتاریستی و ئەمنییەتیی زاڵ بەسـەر وڵاتـدا بگـۆڕن و فـەزایـەکی نیمـچە کـراوە بهێننـە ئـاراوە تـاکوو لـە بەسـتێنێکی وەهـادا بتـوانن لانیکـەمی مـاف و ئازادییـەکانیان مـسۆگەر ببـێ. کودیتاو بـە پێـچەوانە خوێندنـەوە (یـان تەنانـــەت باشـــتر وایـــە بڵـــێین نەخوێندنـەوەی دەنگـە راسـتەقینەکانی خـەڵك) بـوو بـە هۆكـارو هانـدەرێ تـا جەماوەر ئەم حەقە بە خۆیان بدەن کـە




بـە شـێوەیەکی هێمنانـە بەرانبـەر بـەو کردەوە قێزەونانەی باڵی ئوسـوولگەرای رێژیم ناڕەزایەتیی خۆیان نیشان بدەن و قۆناخێکی نـوێ لـە خـەبات و تێکۆشـان بـــۆ وەدیهێنـــانی ویـــست و مافـــە ســـەرەتاییەکانیان وەگـــەر بخـــەن و بـــە شـــێوەیەکی مـــەدەنی و شارســـتانییانە بـەرنگاریی ئـەو رێژیمـە دژە ئینـسانییە ببنەوە، خەباتێك کە هەم هۆکارەکەی و هەم شێوازەکەی سـەردەمیانەو خـاوەن مەشروعییەتێکی نێونەتەوەییە.

**ـ سەرکوت تەنیا ئـامرازی رێـژیم بـۆ دامرکاندنـەوەی دەنگـی ناڕەزاییـەتیی خەڵك:**

رێـژیمی ئیـسلامیی ئێـران هەمیشە توندوتیژی (سرکوب سخت افزاری) بـە کـــاراترین میکـــانیزمی ســـەرکوت و دامرکاندنـــەوەی خـــەڵکی مـــافخوازو ناڕازیی لە قەڵەم داوە. لـە رووداوەکـانی ئـەم دواییەشـدا هێـزە ئەمنییـەتی و داپڵۆسێنەرەکانی خۆی خستەگەڕ تا بە سەرکوتی دڕندانەی جـەماوەری نـاڕازیی کـە بـە شـێوەیەکی هێمنانـە هاتوونەتـە ســـەر شـــەقامەکان، بـــەر بـــە شـــەپۆلی مـــافخوازی و گۆڕانخـــوازیی کۆمـــەڵانی خەڵك بگرێ و بـە چـاو ترسێن کردنیـان ئارامییـــــەکی روالـــــەتی بـــــە وڵات ببخشێتەوە. غافڵ لەوە کە ئەم شەپۆلە پێش هـەموو شـتێك رەوتێکـی فیکرییـە کـە لـە ئـەنجامی گەشـەی هۆشـیاریی خەڵك هاتۆتە ئاراوەو سەرکوتی فیزیکی لەوانەیـە بـۆ ماوەیـەك پـێش بـە دەرکەوتنی بگرێ بەڵام ئەو رەوتـە وەك ژیلەمۆ لە کات و ساتی گونجاوی خۆیدا بـە رەهەنـدو شـێوازیی جۆراوجـۆری دیکەوە سەر هەڵ دەداتەوە.

**ــ لاوان و خوێنـدکاران پێـشەنگی خەباتن:**

لـــــە ناڕەزایەتییـــــەکانی دوای راگەیاندنی ئاکـامی هەڵبژاردنـدا، لاوان و خوێنـدکاران لـە زانکۆکـانی وڵات رۆڵـی پێـــشەنگ و ئاوانگاردیـــان هەیـــە کـــە ئەمەش رەنگدانەوەی ئـەو راسـتییە کـە ئـەم توێـژەی کۆمەڵگـە بـەردەوام وەك هێـزی سـەرەکی و دینـامیزمی خـەبات دژی سـەرەڕۆیی و دیکتـاتۆری هاتۆتـە ئەژمار. خوێندکاران بە هۆی بوونیان لـە زانکـۆدا کـە هـەردەم وەك ناوەنـدی ئاگایی و بیری جیاواز ناسراوە، دیسان نیـــشانیان داوە کـــە ریـــسواکردنی ماهییەتی رێژیمێکی سەرەڕۆو دیکتـاتۆر وەك کۆمـــاریی ئیـــسلامی، ئـــەرکی سەرەکیی ئەمانەو پێشەنگایەتیی ئەمان لە ناڕەزایەتی دەربڕین دا کاتالیزۆرێکە بۆ وشیار کردنـەوە و ورە بەخـشین بـە توێـــژەکانی دیکـــەی کۆمەڵگـــەو یارمەتیدەرێکـە بـۆ درووسـت کردنـی گوشـــاری کۆمەڵایـــەتیی بـــۆ ســـەر دەسەڵات.

**ـ بیروڕای گشتیی دنیا ئەم کودیتایە مەحکووم دەکا:**

رێـــژیمی ئیـــسلامیی ئێـــران بـــە مەبەســـتی چەواشـــە کردنـــی دنیـــای دەرەوە لە سەرەتای هاتنە سەرکارەوە تـــاکوو ئێـــستا هـــەوڵی داوە کـــە لـــە بەشـداریی خـەڵك لـە هەڵبژاردنەکانـدا وەکوو فاکتێك بۆ سـەلماندنی هـەبوونی مەشـروعییەتی خـۆی لـە نێـو خەڵکـدا کـەڵك وەرگـرێ. بـەڵام رووداوەکـانی پێوەندیدار بەم خولـەی هەڵبـژاردن ئـەم کارتەشیان لە دەست رێـژیم هێنـا دەرو ئـــەم کودیتـــاو ســـەرکوتە نـــەك مەشـرووعییەت (هەڵبـەت لـە روانگـەی کاربەدەســـتانی رێژیمـــەوە) بـــەڵکوو ریسوایی و رووڕەشیی رێژیمی لە ئاستی نێونەتـــەوەیی دەرخـــست و زۆربـــەی وڵاتانی دونیا لـە دژی ئـەم کردەوەیـەی رێـژیم وەسـتان و تەنانـەت لـە نـاردنی پەیامێکی کورتی پیرۆزباییش بۆ بە ناو سەرۆك کۆماریی دەرکەوتوو لە ئاکامی کودیتا خۆیـان بـوارد، کـە ئەمـەش لـە ئاستی دیپلۆماتێکدا مانـای تایبـەت بـە خـۆی هەیـە کـە کاربەدەسـتانی رێـژیم درەنگ یان زوو مانـاو خەسارەکەی تـێ دەگەن.

## پشتیوانی لە بانگەوازی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان دەکەین

چالاکانی سیاسی و رێکخراوو کۆمەڵـە مەدەنییـەکانی کوردسـتان و خوێنـدکارانی کـورد لـە زانـستگەکانی ئێـران، لـە بانگـەوازێك دا، داوایـان لـە خـەڵکی وشـیارو خەباتگێڕی کوردستان کردوە بە نیشانەی هاوپێوەنـدی لەگـەڵ خـەڵکی راپـەڕیو لـە دەوڵەتی کودیتاو، بە مەبەستی پشتیوانی لە دروشم و داخوازەکانی خۆپێـشاندەران لـە تـاران و شـارە گـەورەکانی دیکـەی ئێـران، رۆژی سـێ شـەمە(٢ی پووشـپەڕ)، مانگرتنێکی سەرانسەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە بچێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای دەربڕینی پـشتیوانیی خـۆی لـەو بانگـەوازە، داوا لە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکا بە داخستنی دوکان و بازاڕ، بە مانەوە لـە مـاڵ و نەچـوون بۆسـەر شـوێنی کـار لـە رۆژی سـێ شـەمە ٢ی پووشـپەڕ دا، هاوپێوەنـدیی خۆیـان لەگـەڵ بزووتنـەوەی سەرانـسەریی دژ بـە دیکتـاتۆریی و سـەرەڕۆیی ڕابگەیـەنن و، لـە هەڵوێـستێکی یەکگرتووانـەی مـەدەنی دا، بـە دەسـەڵاتدارانی کودێتاچـی و دژی گـەلیی نیـشان بـدەن کـە لـە سـووکایەتی بـە دەنگەکانی خۆیان و هاونیشتمانانیان و لە هێرشی دڕندانەی ئەوان بۆ سەر ڕۆڵەکانیان لـە کرماشـان و ورمـێ و لـە تـاوان و جینایـەتی گـەورەی ئـەوان دژی خوێنـدکاران و خۆپیـشاندەران لـە تـاران، شـیراز، ئیـسفەهان، زاهیـدان و تـەورێز، بێـدەنگ نـابن. مـانگرتنی گـشتیی خـەڵکی کوردسـتان دەبـێ وەڵامێکـی بـە بڕشـت بـێ بـۆ دەسەڵاتدارانێك کە دەیانەوێ بە درۆو ساختەکاری و کودیتاو لەشکرکێشی، درێژە بە دەسـەڵاتدارەتی خۆیـان بـدەن و، گـەلانی ئێـران هـەروا لەژێردەستی و بێبەشـی دا بێڵنەوەو، لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشیان بکەن.

خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. بەرەوپێشچوونی ئـەو خەباتـەو، پاشەکشەی دەسەڵاتبەدەسـتانی کودیتاچـی لـە گـرەوی یەکیـەتی و هاوپێوەندیی خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکـانی ئێـران و، بـەردەوامی لەسـەر داخـوازە ڕەواکان دایە.

سـڵاو لـە تـازەترین شـەهیدانی بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی لـە کوردسـتان و سەرانسەری ئێران

بۆ پێـشەوە بـەرەو پێـشاندانی حەماسـەیەکی دیکـەی خـەڵکی کوردسـتان بـە دەسەڵاتبەدەستانی دیکتاتۆرو سەرەڕۆ لە ڕۆژی سێ شەممە ٢ی پووشپەڕدا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن**

**٣١/ ٣/ ١٣٨٨**

درێژەی:

## بە بەشداریی کۆمەڵێك کەسایەتیی ئاکادیمی سمینارێك لەسەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بەڕێوەچوو



پـرۆفیـسۆردوکتور عێـزەدیـن لـە کۆتـایی دا گـوتی کـە ئێمـەی کـورد سـەرکردەمـان زۆرە بـەڵام دوکتـور قاسملوو لە ریزی هەرە پێشەوەیە کە ئێمـەی نووسـەر هێشتا زۆر بابـەت مـاوە کـە لـەبـارەی دوکتـور قاسملووەوە بینووسین.

لـە دوای قـسەکـانی پـرۆفیـسۆر عێزەدین مستەفا رەسووڵ، دوکتور مارف عومەر گوڵ مامۆستای یاسای نێونـەتـەوەیی لـە زانکـۆی سلێمانی باسێکی لەسـەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو پێشکەش کرد. ناوبراو گوتی دوکتـور قاسـملوو بۆ ئـەم سـەردەمـە پێویست بوو، هـەر بۆیـە لـەدەستدانی بـۆ ئێمـە برینێکـی گـەورە بـووو ئێـستاش پێمانـەوە دیـارە. دوکتـور مـارف هـەروەهـا گـوتی کـە، کـەیسی تیـرۆرەکـەی ئێـستاش مـاوەتـەوە، راسـتە پێـوەنـدی نێـوان دەوڵـەتـان قـانوون دەخاتـە لاوە، بـەڵام نـابێ تـا سەر وابێ و دەبێ ئەو پەروەندەیە بگاتە ئەنجام و ئەوانەی دەستیان لەو تێرۆرەدا بووە بدرێنە دادگا.

سـێیەم کـەس کـە وتـارێکی تێـرو تەسەلی لە ژێر ناوی" د. قاسملوو لە دیـدی مێـژووەوە "لـەو سـمینارەدا پێشکەش کرد، دوکتور کەیوان ئازاد ئەنوەر مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی بـوو. دوکتـور کـەیـوان بـە ئاماژە بەوەی کە قسەکردن لـە سـەر دوکتور قاسملوو ئاسان نیە باسەکەی بـە سـەر چـوار لایـەنـی کـەسـایەتیی دوکتور قاسملوودا دابەش کرد.

یـەکـەم: ئـەزموونی ئاوارەبوونی و دووری لە خاک و نیشتمان، کە ئەمـە خاڵێکی گرینگی ژیانی ئەم کەسایەتییە بوو، کە نەیهێشت یـەک چرکـە سـاتی تەمەنی بە هەدەر بڕوات.

دوویـــەم: نووســـینی کتێبـــی" کوردستان و کورد" وەک بەرهەمێکی زانستی. سێیەم: هـەڵوێستی دوکتـور قاسملوو لەبارەی رووداوە ناوچەیی و جیهانییـەکانـداو چـوارەم: دوکتـور قاسـملوو سـکرتێرێکی چـەپـی بـە ئـەزمـوون بـۆ پـارتێکی کوردسـتانی نەتەوەخواز.

لە درێژەی ئـەم سمینارەدا ئـەکرەم مێهرداد نووسەرو لێکۆڵەر باسەکەی بـەوە دەسـت پـێکـرد کـە دوکتـور قاسملوو لە چاو سەرکردەکانی دیکە سەرکردەیەکی مێژووییە، چونکـە ١ـ سـەرکـردەیـەکـی خوێنـدەوارە ٢ـ سەرکردەیەکی کارناسـە لـە بوارێکی دیاریکراودا ٣ـ خـاوەن رێچکـەیـەکی فیکریی جیاوازە لە بەراورد لـەگـەڵ سـەرکردەکـانی تـردا ٤ـ دیپلۆمـاتێکی گـەورەیـە ٥ـ سـەرکـردەیـەکـی پێشمەرگەیە. پاشان باسێکی لـە سـەر سوسیالیزمی دیموکراتیک پێشکەش کردو بە شیکردنەوەی کورتە باسێک لـە سـەر سوسـیالیزمی دیموکراتیـک، روانگەی دوکتور قاسملووی لە سـەر ئەو بابەتە شرۆڤە کرد..

دوای دوکتـور مێهـرداد، "رێبـوار سـیوەیلـی" مامۆسـتای فـەلسەفـەی سیاسـی لـە زانکـۆی سـەلاحـەدیـن وتارێکی لە ژێر سـەردێڕی " میراتی لێبـوردەیـی د. قاسـملوو" پێـشکەش کـرد. رێبـوار سـیوەیلـی گـوتی مـن دەمـەوێت لـەم دەرفـەتـەدا باسـی دەستەواژەیەک بکەم، کە لە لایەکەوە دەروازەیەکی نوێمان لە سەر هزری سیاسیی کورد لە سەدەی بیستەم دا بۆ دەکاتەوەو لـە لایـەکی دیکەشـەوە ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات بە چاوێکی ئەمڕۆیتر لە کەسایەتی و فەلسەفەی سیاسـیی دوکتور قاسـملوو بڕوانین. ئـەو دەسـتەواژەیـەش بریتییـە لـە میراتی لێبوردەیی لە کایەی سیاسی داو پێویـستیی ئێمـە بـەم میراتـەو سـتایش کردنـی ئـەو کـەسانەی لـەو بوارەدا جێ دەستیان دیارە.



رێبوار سیوەیلی لـە درێژەدا باسـی لـە چوار کەسایەتیی کورد کرد کە راسـتەوخـۆو ناڕاسـتەوخـۆ لـە بیرکردنەوەو چالاکیی و خەباتیان دا زیـاتر لـەوانـی تـر رەفتـاری لـێ بوردەییان لەبەرچاو بووەو کاریان بۆ کردووە.

یـەکـەمیان: ئێحسان نووری پاشا رابـەری شۆڕشـی ئـاگری داخ. دوویـەم نووسـەرێکـی رۆشـنبیرو رەخنـەگر بـە نـاوی رەشـید نـەجیب. سـێیەم: مـەلا مـستەفـا بـارزانی و چوارەمیان دوکتور عـەبدولڕەحمان قاسـملوو. سـیوەیلـی لـە درێـژەدا دوکتـور قاسـملووی بـە شـەهیـدی لێبوردەیی ناوزەد کردو کۆتـایی بـە باسەکەی هێنا.

لـە کۆتـایی ئـەم سمینارەدا رامبۆد لوتفپـووری ئـەنـدامی کۆمیتـەی نـاوەنـدی و بـەرپرسی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردن وێڕای سپاسی ئامادەبووان و میوانانی ئەم سمینارە بە باسێکی کورت لە سەر کەسایەتیی دوکتـور قاسـملوو وەک رێبـەرێکـی مۆدێڕن چەند لایەنێک لە کەسایەتیی دوکتور قاسملووی خستە بەر باس و سمینارەکە کۆتایی پێ هات.

# بۆچی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەتاڵ نەکرایەوە ؟

حەسەن شێخانی

دوای فێڵبازی و ساختەکارییەکی چاوەڕوان نەکراو لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریدا، شەپۆلێکی بەرفراوانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بە تایبەت شاری تارانی گرتەوە. دیتنی ڕێ پێوانی چەند میلیۆن کەسی شاری تاران و بەردەوامیی چەندین ڕۆژەی ناڕەزایەتییەکان، زۆر کەسی بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێ باڵی کودێتاچی ناچار بە پاشەکشێ بکاو بەم پێیە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری سەر لەنوێ بەڕێوە دەچێ.

بە هۆی چوار ساڵ زەبرو زەنگو سەرکوتی سەردەمی ئەحمەدینژاد، ناڕەزایەتی و ڕقو قینێکی زۆر پەنگی خواردبۆوە کە بە دوای دەستکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا خۆی دەرخستو کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەورەترین قەیران لە ماوەی سی ساڵی تەمەنیدا ڕووبەڕوو کرد. مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە بۆچی ئەم بزووتنەوەیە تا هەنووکە نەیتوانیوە بە ئامانجی بەتاڵ کردنەوەی ئاکامە ڕاگەیەندراوەکانی هەڵبژاردنەکان بگا؟ ئەم مەسەلەیە تا چ ڕادەیەك دەرەنجامی خاڵە لاوازەکانی ناوەکیو پێنەگەیشتووی تیۆریکی ئەم بزووتنەوەیەیە؟ ڕێکخستنو هێزو دەسەڵاتی باڵی ناسراو بە ڕاستی توندڕەو چەندە کاریگەرە؟

دوای ئەوە کە باڵی چەپی مەزهەبی لە خولی حەوتەم و هەشتەمی سەرکۆماریدا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بەدەستەوە دەگرن چەشنێك دووفاقییەتی دەسەڵات دێتە ئاراوە. باڵی پاوانخواز بە شێوەیەکی سیستماتیك و لە ڕێگەی دامەزراوەگەلی بەهێزی غەیرەهەڵبژێراو، لە بەردەم بەدیهاتنی ئامانجەکانی دەوڵەتی ریفۆرمخواز کۆسپی جیددی دەنێنەوە، ئەمجارەیان پێداگرتر لە پێشوو ئیستراتیژی وەلانانی هێزگەلی چەپی مەزهەبی لە دەسەڵات دەگرنە بەرو هەموو هەوڵەکانیان لە پێناوی یەکدەست کردنی دەسەڵاتدا دەخەنە گەڕ. لە سەردەمی دەوڵەتی نیزامی - ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاددا بەشی تەقلیدی و پراگماتیستی باڵی پاوانخوازیش لە بازنەی دەسەڵات وەلادەنرێ یا هەوڵی وەلانانی دەدرێ. ئەم پرۆسەیە نیشاندەری ئەو خەسڵەتەی کۆماری ئیسلامییە کە بازنەی دەسەڵات، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرتەسکتر دەبێتەوە، بە پێی ئەمەش دژبەرانی نێوخویی سیستم زیاترو پێگەی کۆمەڵایەتی ڕێژیم کەمتر دەبێتەوە. ئەمەش لەرزۆکیو خەسارهەڵگری ڕێژیم تا ڕادەیەکی زۆر دەباتە سەرێ.

وەلی فەقیه لە دوای بە بنبەست گەیاندنی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی و گرتنە بەری ئیستراتیژیی باسکراو، بەو ئاکامە گەیشت کە هێزگەلی ناڕازیو ڕەخنەگر لاواز بوون و توانایی سەربەرزکردنەوەیان نیە. داخستنی هەموو ڕێگەکانی ناڕەزایەتی دەربڕین، زیندانی کردنی دژبەرانی جیددیو پێشێل کردنی سیستماتیکی مافەکانی خەڵك و کۆنترۆڵ کردنی خەڵك بە پلان گەلێکی وەکوو " ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی " ئەو دڵنیایەی دابوو بە خامنەیی کە هەموو شتێك لە ژێر کۆنترۆڵ دایە، غافڵ لەوە کە ئەو خەڵکە بۆ هەمیشە بێ دەنگ نابن. ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی دوایی ئەم ڕاستییەی دەرخست.

بێ گومان لە کۆمەڵگەی ئێراندا خواستێکی گشتیو جەماوەری بۆ گۆڕان بەرجەستە بووە. ئەم خواستە سروشتی ئیرادەیەکی تێکەڵی هەیە کە دەبزوێ بەڵام نازانێ ئاراستەی خۆی بدۆزێتەوە. بەو مانایە کە هێشتا ناتوانێ لە نێو ئەو نارێکییەدا کە بە هۆی ڕەدکردنەوەی دنیای کۆنەوە دروست دەبێ دنیایەکی دیکە پێشنیار بکاو ستراکتۆرێکی عەقڵی بداتە وێناکردنەکانی. دەشێ خواستی گۆڕان ناڕەزایەتییەکی گەورە بێ کە ببێتە پێشهاتێکی سیاسیی گەورە یا ڕێپێوانێکی چەندسەد هەزارکەسیش، بەڵام هێشتا بە فیلتەری عەقڵانییەتی زانستی دا تێ نەپەڕیوەو فۆرم و شێوەیەکی فکریی وەرنەگرتوە. بەدەربڕینێکی دیکە ئەم خواستە بە تەواوی سنووری خۆیو ئەرکی خۆیو ماناکانی خۆی ناناسێ. گوتارێکی تایبەت کە بە شەفافییەتەوە پێناسەو پێشکەش بکرێ نەهاتۆتە ئارا. لانی کەم بەشێك لە خەڵك پێیان وابوو ئەگەر خوێنیش بدەن لە باشترین حاڵەتدا سەردەمێکی وەکوو سەردەمی خاتەمی دێتە دی.

بزووتنەوەی ئێران دۆخێکی تەماویی هەیە کە شێوەو ڕوخسارێکی ڕاستەقینەی وەرنەگرتوەو لە دژایەتی کردنێکی پەرچەکردارانەدا خۆی نیشان دەدا.




**پاشەکشێ نەکردنی پاوانخوازان بە مانای سەرکەوتنی ئەوان نیە چونکە ڕادەی پشتیوانی کردنیان لە لایەن خەڵکەوە لە ١٣ـ١٢ لەسەد تێنا پەڕێ. ئەوان دەزانن کە مانۆڕە سیاسییەکانی داهاتوویان ( بە سەرنجدان بەو پێگە کۆمەڵایەتییە کەمە ) تەنیا دەتوانێ برەوێکی کەمی هەبێ**

ئەم ڕووداوانەی دوایی تووڕەبوونێکی گشتیی سیاسیو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیی بوو کە دژ بە فێڵبازیو ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا هاتنە ئاراوە. بەکورتی لە ئێرانی ئەمڕۆدا زۆربەی خەڵك حکوومەتی ئاخووندیان ناوێ بەڵام حکوومەت بەم خاڵە نەگەیشتوە کە ناتوانێ حکوومەت بکا.

پێشهاتەکانی دوای هەڵبژاردنەکان نیشانی دا کە ململانێیەکی توندی دەسەڵات لە پشت پەردەدا بوونی هەیە.بەستنەوەی ناکۆکییەکانی دوایی تەنیا بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا، خوێندنەوەیەکی ناتەواوو ڕاڤە کردنێکی بەرتەسکە. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە باڵی پاوانخواز بەگرتنەبەری ئیستراتیژیی سڕینەوەی غەیرە خودییەکان، دەیەوێ بە تەواوی دەسەڵات قۆرخ بکا.

چۆنیەتی هەڵسوکەوتو ڕێبەرایەتی کردنی ناڕەزاییەتییەکان لە لایەن باڵی ناڕازییەوە نیشانی دا کە ئەم باڵە هێشتا بە تەواوی خۆی ڕێك نەخستوە. شیمانە دەکرێ باڵی دەسەڵاتدار ئەم ڕاستییەی دەرك کردبێ بۆیە بە دەستپێشخەرییەکی بێ وێنە باڵی دژبەریان تووشی ململانێیەکی ناوادە کردو لە ڕێگەی ساختەکارییەکی بەربڵاو، باڵی ناوبراویان لە گرتنە دەستی پۆستی سەرکۆماری بۆ پتەو کردنی جێ پێی خۆیان لە دەسەڵاتداو لە پێناوی خۆ ڕێکخستنی زیادتردا بێ هیوا کرد.

باڵی کودێتاچی زۆربەی فاکتەرەکانی هێزیان (کە لە ململانێکان دا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە) مۆنۆپۆل کردوە لەوانە: دامەزراوە سەرەکییەکانی هێزو سەرکوت، داهاتی نەوتو ... هەروەها خاوەنی ڕێکخستنێکی پتەوو ئیرادەیەکی ئاراستەکراو بە سەرکوتن کە بە پێی سناریۆیەکی پێشتر داڕێژراو هەنگاو دەنێن. ئەم باڵە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی دوایی دا ئەو تاکتیکانەی خوارەوەی گرتەبەر:

ئەلف ـ داخستنی دەرگەکانی وڵات، کۆنترۆڵی هەواڵدەرییەکانو سەرکەوتی بێ بەزەییانە. ب ـ گرتن و زیندانی کردنی ڕێبەرانو چالاکانی بزووتنەوەو بڕینی پێوەندی ئەوان لەگەڵ یەکترو لەگەڵ خەڵك. ج ـ چەواشەکاریو دروست کردنی دووبەرەکیو جیایی لە نێوان مۆرە سەرەکییەکانی ناڕازیدا.

خامنەیی لە وتاری نوێژی هەینیی تاراندا کە حەوتوویەك دوای هەڵبژاردنەکان بەڕێوەچوو وێڕای داکۆکی کردن لە ئەحمەدی نژاد، هەڕەشەیەکی توندی لە پاڵێوراوانو خەڵکی ناڕازی کرد کە کۆتایی بە ئیعتڕازەکانیان بێنن. لەلایەکی دیکە هەوڵیدا لە نێو ناڕازییەکان دا دووبەرەکی بنێتەوە. ناوبراو بە ڕاشکاوی ناوی ناتقی نووریو ڕەفسەنجانی هێناو بە کەسانێکی کاریگەر لە شۆڕشی ئیسلامیو خاوەن ڕابردوویەکی جێی ستایش وەسفی کردن. بەم پێیە ناتقی نووری هەر لە سەرەتاوە خۆی دایە پاڵ باڵی کودێتاچی. هاشمیی ڕەفسەنجانیش کە ئەحمەدینژاد لە ڕووبەڕووبوونەوە تەلەڤزیۆنەکانی قۆناغی کێبەرکێی هەڵبژاردنەکاندا هێرشی توندی کردە سەرو بە کەسێکی گەندەڵو لادەر لە بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی وەسفی کرد بێ دەنگی هەڵبژارد تا لەم دواییانەدا ئەم بێ دەنگییەی شکاندو ڕووداوەکانی دوای ٢٢ی جۆزەردانی بە ئاژاوەیەك لە لایەن بە کرێگیراوەکانی گوماناوی لە قەڵەم داو ڕێنوێنییەکانی خامنەیی لە پێناو چارەسەری قەیران دا بایەخدار وەسف کرد.

چەند ڕۆژ لەمەوبەریش " کۆڕی ڕوحانییە خەباتگێڕەکان " کە محەممەدی خاتەمی یەکێك لە مۆرە سەرەکییەکانییەتی، خەڵك بۆ هێوریو ئارامی بانگهێشت کردو داوای کرد تێچووی زیاتر نەدەنو لەسەر ڕێگەگەلێکی یاسایی بە بنبەست گەیشتوو بۆ چارەسەری کێشە پێداگری کردو ... بەم لێکدانەوانە بۆمان دەردەکەوێ باڵی کودێتالێکراو ئامادەیی پێویستی بۆ درێژەدان بە یارییەکە تا کۆتایی نیەو تەنانەت ناتوانێ لەم هەل مەرجەش بە شێوەیەکی باش کەڵك وەربگرێ.

بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ تاکتیکەکانی دژە بزووتنەوەی کودێتاچییەکان، تاکتیكو ڕێکاری کاریگەری دیکە بێجگە لە ڕێ پێوان نەهاتنە ئاراوە لەوانە: مانگرتنی بەربڵاو، نەچوونە سەرکار، نەدانی پارەی ئاوو کارەباو... تەنانەت ڕێ پێوانەکانیش زیاتر لە شاری تاران دا قەتیس مانەوەو بە شێوەیەکی بەربڵاو شارە گەورەکانی دیکەی نەگرتەوە. لەلایەك باڵی کودێتا لێکراو نەیانتوانی یەکگرتوویەکی سەراسەری چێ بکەنو لەم ڕێگەیەوە کودێتاچییەکان بە چۆکدا بێننو لەلایەکی دیکەش هەلومەرجی بابەتی و زەینی بۆ هاتنە مەیدانی یەکگرتووانەی خەڵك لە ئارادا نەبوو. بۆ نموونە بازاری مۆدێرن و سوننەتی، کارمەندانی دەوڵەتی و بەشی نەوت هیچ ئامادەییەکیان بۆ مانگرتن لە خۆیان نیشان نەدا.

هاتنە سەر شەقامی خەڵك هێزێکی زۆریان بە موسەوی وکەڕوبی داوە. بەم هۆیە ناوبراوان بە ڕاشکاوی خەڵك بۆ هێوری و ئارام بوونەوە بانگهێشت ناکەن. هەروەك چاوەڕوان دەکرا هاوکێشەکە بەم شێوەیە دەبێ:

ئەلف ـ پاڵێوراوانی ناڕازی و ڕێبەرانی بزووتنەوە ئەوەندە لە سەر بانگهێشت کردنی خەڵك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر پێداگری ناکەن. دەربڕینەکانی " شۆڕپاندنی داخوازییەکان لە چوارچێوەی یاسادا "، " درێژەدان بە ئیعتڕازەکان لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتی دا " و پێشنیار کردنی "ناوبژیوانێکی شەرعی، یاسایی و سەربەخۆ کە جێی پەسەندی پاڵێوراوان و ئاخوندە پایە بەرزەکان بێ " لە لایەن موسەوییەوە سەلمێنەری نەرم بوونی هەڵوێستەکانیانە.

لەلایەك "ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی " لە سەر خەبات لە دژی دەوڵەتی نایاسایی ئەحمەدی نژاد لە ڕێگەی ڕێکارگەلی یاساییو بەرەنگاری مەدەنی پێدادەگریو لە لایەکی دیکەش "کۆڕی ڕوحانییە خەباتگێڕەکان " کە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی ڕێبەرایەتی ئەو جووڵانەوەیە بوو بە ڕاشکاوی خەڵك بۆ هێور بوونە بانگهێشت دەکا. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەوەیە کە باڵی ڕیفۆرمخواز خاوەنی گوتارێکی یەکگرتووی ڕادیکاڵ نیە. ئەمەش لە سەردامرکانەوەی ئەو سەرهەڵدانە کاریگەری نێگەتیڤی هەیە.

ب ـ بە هۆی سەرکوتێکی بێ بەزەییانە، سوور بوونی باڵی نیزامی ـ ئەمنییەتی لە سەر هەڵوێستەکانیان وپاشەکشێ نەکردنیان لە بەرانبەر ڕای گشتی داو زۆر هۆکاری دیکە کە لەم وتارەدا ئاماژەیان پێکرا خەڵکیش کەمتر لە ئیعتڕازەکاندا بەشداری دەکەن. لە ڕووی مێنتالیتەو دەروون ناسی کۆمەڵایەتییەوە، ئامادەییەکی تەواو لە نێو خەڵك دا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەپێشکەش کردنی تێچوویەکی

**بزووتنەوەی ئێران دۆخێکی تەماویی هەیە کە شێوەو ڕوخسارێکی ڕاستەقینەی وەرنەگرتووەو لە دژایەتی کردنێکی پەرچەکردارانەدا خۆی نیشان دەدا**

پێویست بەدی ناکرێ. بەم شێوەیە ناڕەزایەتییەکان (لە قۆناغی هەنووکەیی دا) بەرەو کەم بوونەوە دەچنو لەئاکام دا ئامانجی بەتاڵ کردنەوەی هەڵبژاردنەکانیش بەدی نایێ.

ئەنجام:

ئەلف ـ ئەگەر زەبروزەنگو سەرکوتێکی زیاتر لە پێشوو لە لایەن باڵی براوە پێڕەو بکرێ (کە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە) تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خەڵك زیاتر پەنگ دەخواتەوەو بەدوای ڕەخسانی دەرفەتێك دا خۆی دەردەخاو ئەگەری کۆنترۆڵ کردنی دژوارتر دەبێ.

ب ـ پاشەکشە نەکردنی پاوانخوازان بە مانای سەرکەوتنی ئەوان نیە چونکە ڕادەی پشتیوانی کردنیان لە لایەن خەڵکەوە لە ١٣ـ١٢ لەسەد تێ ناپەڕێ. ئەوان دەزانن کە مانۆڕە سیاسییەکانی داهاتوویان ( بە سەرنجدان بەو پێگە کۆمەڵایەتیە کەمە ) تەنیا دەتوانێ برەوێکی کەمی هەبێ.

ج ـ لە دەسکەوتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنو سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی ئەم دواییانە دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین: بردنە ژێر پرسیاری ڕەوایی هەڵبژاردنەکانو بە گشتی نیزام، دابەزینی پێگەی سەمبۆلیکی وەلی فەقیه، تابۆ شکێنیو جەسارەت بەخشین بە خەڵك، کەڵەکە بوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتیو گەشەکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران. هەموو ئەمانەش وا دەکا ئەم بزووتنەوەیە لە داهاتوودا بە هێزو پێگەیشتوویەکی زیاترەوە بێتە مەیدان.

د ـ هەرچەند کە فۆرم گرتنو پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دژبەر، پێویستی بە فەزایەکی تا ڕادەیەك کراوە هەیە بەڵام سەرهەڵدانی ئەم دواییانەو ئیستراتیژی باڵی ئەمنییەتی ـ نیزامی کە دەیەوێ زەبرو زەنگێکی زیاتر بسەپێنێ، لە ئاکام دا بزووتنەوە بەرەو ڕادیکاڵیزەبوون پاڵ پێوەدەنێو خەڵکێکی زۆرتر بەو قەناعەتە دەگەیەنێ کە پرۆژەی چاکسازیخوازی کارایییەکی ئەوتۆی نیە.

ئەحمەد عەزیزی:

# کورد پێش هەموو شتێك دەبێ ستراتیژی خۆی روون بێ

ئا: کوردستان



**ئاماژە: ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە ئێران هاتۆتە گۆڕێ پێویستی بە لێکدانەوەو باسێکی جیددی هەیە. ئەم بارودۆخە راستەوخۆ پێوەندی بە کوردەوە هەیە. لە زۆر لایەنەوە تا ئێستا لەم پەیوەندییەدا قسە کراوە. "کوردستان" لەم ژمارەیەی خۆیدا بە پێویستی زانی رای بەرێز"ئەحمەد عەزیزی"، کارناسی سیاسی بڵاو بکاتەوە. پێویستە ئەوەش بوترێ کە ئەم وتووێژە لە "کورد کەناڵ" بڵاو کراوەتەوە. کوردستان بە گوێرەی ئیمکان بەشێك لە قسەکانی ناوبرو لێرەدا بڵاو دەکاتەوە.**

**پرسیار: ئەو ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانەی کە ئێستا لە ئێران پاش بەسەرکۆمار کردنەوەی ئەحمەدی نژاد سەری هەڵداوە جەنابتان چۆنی دەبینن؟**

**ئەحمەد عەزیزی:** ئەمن هەر وەکوو زۆر کەسی دیکە ئەمە بە شتێکی نوێ دەزانم. لەو ٣٠ ساڵەی دەسەڵاتداریەتیی ئیسلامی لە ئێراندا ئەمە جاری یەکەمە کە خەڵکێکی بەرفراوان بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا وە بەتایبەت کە بەشێك لە وانەی کە تا ئێستا لە دەسەڵاتدا بوون لەم قۆناغەدا لانیکەم لە لایەن خەڵکەوەن، لەو روانگەوە شتێکی نوێیە ئەمە نیشانەیەکی هەرە بەرچاوی ئەوەیە کە ئەو دیموکراسییە ئیسلامییەی کە ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا تا ئێستا بانگەشەی بۆ کردوە کە ئێمەش دیموکراسیمان هەیە (دیموکراسیی لە بەرانبەر دیموکراسیی رۆژئاواو ئەو دیموکراسییانەی کە تا ئێستا هەیە) ئیسلام دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ دیموکراسی و زۆرجاریش ئیدعای ئەوە کراوە کە باشترین دیموکراسییەو حەتا لەم رۆژانەدا لە سەرانی حکوومەت ئەوەمان بیست، ئەو رووداوانە نیشانی دەدا کە دژایەتی و ناتەبایەتی جیددی هەیە لە نێوان دیموکراسی لە سەر بنەمای ئیرادەی خەڵك (ئەوەی کە باوە) لەگەڵ دیموکراسیی ئیسلامی لە شکڵی لانی کەم ولایەتی فەقیهـ کەیدا. ئەمە ئەوەی بەرجەستە کردەوە کە ئەو ئیدیعایانەی کە تا ئێستا کراوە کە ئیسلامی سیاسی لە شکڵی ولایەتی فەقیهی شیعە مەزهەب لە دەسەڵات دا دەتوانێ دیموکراسی بێنێ. ئەو مۆدێلە لە دیموکراسی پیادە بکا کە نوێنەرایەتی لە ئیرادەی خەڵك بکا لە دیدگایەکی ئیسلامییەوە ئەمە نیشانی دا کە تەزادێکی جیددی هەیە و ئەوە لە پراکتیکدا مومکین نیە. چون ئەمە راست گەیشتە ئەو قۆناغەی کە یەکێك لە بوارەکانی دیموکراسی، یەکێك لە مەیدانەکانی دیموکراسی کە هەڵبژاردنە، دەریخست کە کاتێك ئیرادەی خەڵك دێتە پێشەوە ئەو دیموکراسییەی کە لە سەر ئیرادەی خەڵك دێت پراکتیزە بکرێ دەبینین لێرەدایە کە دەسەڵات(جەناحی ئوسوولگەرا کە نوێنەرایەتیی ولایەتی فەقیهـ دەکاو دەبێ بیپارێزێ) راست رووبەڕووی ئەو هێرشە دەبێ. رووبەڕووی ئەو پرۆسەیە لەو دیموکراتیزە کردنە دەبێ کە لە بەرانبەریدا رادەوەستێ و ئەوە نمایەکی جیددیە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی تا ئێستا ئیدیعایان کردوە کە ئیسلامی سیاسی دەتوانێ دیموکراسی تێدا بێ لە شکڵی ولایەتی فەقیهـ دا، ئەو بنەمایە پووچە، ئەو بیرۆکەیە پووچە.

**پرسیار: زۆر هێز باس لە سەر ئەوە دەکەن کە ئەو هەڵبژاردنانە شانۆگەرییە. بەڵام پرسیاری من لێرە ئەوەیە کورد دەبێ چ رۆڵێکی هەبێ لەو نێوانەداو چۆن کەڵك لەو دەرفەتە وەربگرێ؟**

**ئەحمەد عەزیزی:** بە بڕوای من کورد پێش هەموو شتێك دەبێ ستراتیژی خۆی روون بێ لە سەر ئەوەی کە بەرەو کوێ دەڕواو چ دەسەڵاتێکی دەوێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌داو، لە پێوەندی لەگەڵ مەرکەزدا. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم ستراتیژییەی روونە، من دەمەوێ شتێك بڵێم لەم رۆژانەدا باس لەوەش کراوە کە ئێمە ئەوەی کە لە تاران روو ئەدەن، ئەوەی کە لە شارە گەورەکانی ئێران روو ئەدا پێوەندیی بە کوردەوە نیە، لەبەر ئەوە ئێمە خوازیاری دەسەڵاتێکی کوردین و ئێمە دەمانهەوێ بە شێوەیەکی تر لە کوردستان مەسەلەکەمان چارەسەر بکەین ئەم دوو شتە بە بڕوای من ناتەبایی لەگەڵ یەکتردا نیە. ئەوەی زۆر گرینگە کورد ستراتیژی خۆی هەبێ و بۆ گەیشتن بەو ستراتیژییەی خۆی دەبێ لە هەموو مەیدانەکان‌دا، لە هەموو بوارەکان‌دا کە بۆی دێتە پێشەوە کەڵك وەربگرێ. ئێمە بمانهەوێ و نەمانهەوێ لایەنگری ئەوەین. شوعاری ئەوەمان هەیە کە ئەم دەسەڵاتەی کە لە ئێراندا هەیە مانعێکە لە سەر ئەوەی کە ئێران بکرێتەوەو نەتەوەگەلێك کە لە نێو ئەم ولاتەدان هەتا ئێستا نەیانتوانیوە بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن یان دەسەڵاتی خۆیان بە جیا پێك بێنن، ئەم رێژیمە مانعە. کەوابوو هەر حەرەکەتێك لە ئێراندا دەکرێ کە دەتوانێ پاشەکشە بەو رێژیمە بکا، راستەوخۆ ئێمەش دەگرێتەوە. بۆیە کورد ناتوانێ خۆی کەنار بگرێ. ئەگەر بیهەوێ مەسەلەی خۆی تەرح بکا، ئەمە فورسەتێکە ئەمە مەجالێکە. دەسەڵاتێکی نادیموکراتیك، دەسەڵاتێکی زاڵ هەیە لە تەواوی ئێراندا، بەتایبەت لە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان. تۆ ئەگەر ئەتەوێ پاشەکشە بەم دەسەڵاتە بکەی هەر گۆڕانێ کە ئەتوانێ ئەم دەسەڵاتە لاواز بکا تۆ ئەبێ بەشداریی تێدا بکەی، بەڵام ئێحتیاتی خۆت هەبێ، دروشمی خۆت هەبێو وەزعییەتەکەش بخوێنییەوە. راستە من لەگەڵ ئەو رەئیەم کە کێشەی ئێمە لە تاران و لە قانوونی ئەساسی‌دا چارەسەر ناکرێ، لە داهاتووش دا ئێمە پێویستە هەوڵ بدەین بۆ بنیاتنانی دەسەڵاتێکی کوردی بە دەسەڵاتێکی کوردییەوە قسەی خۆمان بکەین نەك ئەوەی کێشەی ئێمە بەرینەوە بۆ تاران. بەڵام هەر گۆڕانێ لە تاران پێك بێ دەتوانێ یارمەتیی بدا بەوەی ئێمە کە دەسەڵاتمان لە کوردستان بەهێز بکەین. کەوابوو ئەم مەسەلەیە مەسەلەی ئێمەشە. خۆشاردنەوە لەمە، دوور کەوتنەوە لەمە لە دەستدانی هەلێکە، خۆ سانسۆر کردنێکی سیاسییە، خۆ حەشاردانە لەو وەزعەدا، ئێمە دەبێ تێکەڵ ئەو مەسئەلانە بین. ئەو دوگماتیزەش لابەین کە لە دیدگایەکی زۆر کۆنەوەی پێشووی فکری و سیاسییەوە دێ. لە دیدگایەکی سی چل ساڵ لەوە پێشەوە دێ کە هەرچی لە حیزبی سیاسی‌دا نەبوو، هەرچی لە شاخی نەبوو، هەرچی لە دەرەوە نەبوو، ئەوە لەگەڵ رێژیمە یا بە جۆرێك پێوەندیی بەوەوە هەیە یا شەرعییەت دەدا بە رێژیم کە بە جۆرێك لە هەڵبژاردن‌دا بەشداری بکا یا بە نەوعێك بیهەوێ ئەو کێشانەی کە لە نێو تەنانەت حاکمیەتدا هەیە، بەهرەبەرداری بکا. ئێمە دەبێ دەخالەت بکەین لەو وەزعیەتەی کە هەیە.

**پرسیار: پێت وایە لەم پێناوەدا ئۆپۆزیسیۆنی کوردی (هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانم مەبەستە) ئایا توانیویەتی بە گوێرەی پێویست بە پێی کۆمەڵێك پلان و بەرنامە چ پێش هەڵبژاردنەکان و چ ئێستا کەڵك لەو دەرفەتە وەربگرێ و پلانمەند بڕواتە پێشەوە؟**

**ئەحمەد عەزیزی:** بە شێوەیەکی گشتی دەبێ بڵێم بە داخەوە لە روانگەی منەوە نا.

**پرسیار: ئایا ئەمە بە نیسبەت هەموو هێزەکان سدق دەکا کە نەیانتوانیوە؟**

**ئەحمەد عەزیزی:** بەڵێ جا دەمهەوێ بە کورتی بیڵێم، بە شێوەیەکی گشتی نە ئێستاو نە لە رابردوودا هێزی کوردی نەیتوانیوە لەو فورسەتانە کەڵك وەگرێ و بیقۆزێتەوە. دیارە ئەم هەڵبژاردنە باسێکی هێنایە پێشێ لە نێو ئەحزابی سیاسی‌دا. بە بڕوای من ئەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو هەڵوێستەی گرت و مەسائیلی خۆی تەرح کردو خوێندنەوەیەکی نوێی لە هەڵبژاردن هەبوو وەك مەیدانێك ویستی خواستەکانی کورد بێنێتە گۆڕێ و کەڵکی لێ وەر بگرێ. جەوهەری ئەم سیاسەتە، ئەم هەڵوێستە جەوهەرێکی دروستەو خوێندنەوەیەکی دروستە. لایەنێکی تر کە بە بڕوای من گرینگە هێزی سیاسی سەرنجی پێ بدا ئەویش ئەوەیە یەکێك لە گرفتەکانی ئەحزابی سیاسی کە تووشی ئەو گرفت و قەیرانەش بوون لەم ساڵانەی ئاخردا، دوور بوون لە جەماوەرە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی لەو نەسلە تازەی کە هاتۆتە پێشەوە. ئەمە دەتوانێت ئەم فاسیلەیە کە تا ئێستا بووە کەم بکاتەوەو پێوەندییەك و ئاشت بوونەوەیەك لە بەینی هێزی سیاسیی کلاسیك کە هەتا ئێستا مەوجوود بوون لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك، لە نێوخۆدا دروست بکا. بۆیە ئەم تایبەتمەندییەی کە بە بڕوای من بە شێوەیەکی گشتی ئەم رووداوانە نیشانی دا ئەوەیە کە بزووتنەوەی سەراسەری و بزووتنەوەی کوردیش لە ناوخۆ شکڵ بگرێ و شکڵی گرتوە تا رادەیەك و لە نێوخۆی خۆی، رەهبەریی خۆی دیاری دەکا. ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەی نیزامی سیاسی لە ئێراندا لە نێوخۆی ولاتە کەوابوو گرینگ ئەوەیە حیزبی سیاسی ئەو خوێندنەوەی لە سەر ئەو وەزعە هەبێ. بۆیە بە گشتی دەتوانم بڵێم بە داخەوە ئەحزابی سیاسی ئەوەیان نەکردوە کە هیچ و ئەو موناقشەیەی کە لەم ئاخریەدا هاتە پێش ئەگەر باش هیدایەت کرایە شتێکی باشە کە لایەنێك یا بەعزێ لە حیزبی سیاسی دیدگایەکیان هەیە بەعزێکی تر، بە نەوعێکی تر ئەگەر دیالۆگێکی باش هەبێ. بەڵام بە داخەوە لەو دیالۆگەش‌دا ئەوەی کە کێ چەند عەدەد زیادی هێناوە، کێ کەمی هێناوە، چەن خەڵك چوونە بەشداری بکەن، چەن نەچوون و دووبارە کێشەکەیان کردوە بە کێشەی بەینی حیزبەکان! لە حاڵێکدا دەبێ ئێمە باس لە سەر ئەو وەزعە سیاسییە بکەین و ئەوەی کە خەڵك بەشداری کردوە شتێکی شاراوە نیە، شتێکی ئاشکرایە، ٨٥٪ لە خەڵکی ئێران و لە کوردستانیش نیسبەت بە جاران زیاتر بەشداری کردوە. ئەوە شتێکی روونە کە نیشانی دەدا خەڵك هەوڵ دەدەن گۆڕان بە وجود بێنن لە ئێران‌داو حیزبی سیاسییش ئەرکیەتی کە فورمولەی خواستەکانی خەڵك بکا لەگەڵ ئەو پرۆسەیە. بە بڕوای من هەرچەند بە کەمی و هەرچەند بە داخەوە تەنیا "حیزبی دیموکراتی کوردستان" و دوایەش "پاك" ئەو هەڵوێستەیان گرت، من هیوادارم کە حیزبەکانی تریش لانیکەم لەم پرۆسەیەدا بەشداری بکەن و لە داهاتووش‌دا بیرکردنەوەیەکی نوێ هەبێ. من ئەو سیاسەتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانم پێ سیاسەتێکی دروست بوو و دەتوانێ لە درێژخایەن‌دا زۆر شتی موسبەتیشی ببێ. بەڵام خۆشتر ئەوەیە کە هەموو ئەحزابی سیاسی پێکەوە بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن، ئەو هەلانە لە دەست نەدرێ و ئێمە لەگەڵ ئەو رەوتە بین کە لە نێوخۆی ولاتە، ئەو خەڵکەی کە لەم پرۆسەدا بەشداری کردوە. ئەمە هەلێکی سیاسییە بۆئەوەی ئێمە بتوانین پاشەکشە بە رێژیم بکەین هەنگاو بە هەنگاو.

---

# بەیادی هاوڕێیان شیخ غەریبو، کەماڵ شەریفی

وریا



شەهید شێخ غەریب        کەماڵ شەریفی

ساڵێك لەمەوبەر، رۆژی پێنجی پووشپەر، لەگەڕەکی بەردبڕانی شاری سەقز دوو رۆڵەی دیموکرات کەوتنە گەمارۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیو درانە بەر دەسڕێژی چەکی ئەو هێزانە. لەو پەلامارە دا، شێخ غەریب حەسەنی گیانی لە دەست داو چووەریزی کاروانی شەهیدانی سوو خەڵاتی کوردستان. هاوڕێ کەماڵ شەریفییش، رۆژنامەنووسو کادری بواری راگەیاندن بەدیل گیراو رەوانەی ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامی کرا.

شێخ غەریب حەسەنی، خەباتگێری سەردەمی هەر دوو رێژیمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی بوو. تێکوشانی لە رێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی دا دەست پێ کرد بوو. ئەو کە سەر بە بنەماڵەیەکی خۆشناو و خاوەنی رێز بوو، لە ئاکامی تێکەڵاوی لەگەڵ بیروباوەری سیاسی و نیشتمانپەروەرانەو تێکۆشان بۆ ئازادیی نەتەوەکەی، هەرلە تەمەنی لاوەتی دا بوو بە کەسێکی جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکەیان. لەگەڵ پەرەگرتنی خەباتی خەڵك بە دژی رێژیمی شایەتی، شێخ غەریب چالاکتر لە پێشوو بەشداریی کاری سیاسیو خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەی کرد. لە یەکەم کەسەکانی ناوچەی سەقز بوو کە چەکی پێشمەرکایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردە شان. شێخ غەریب لە دوای رووخانی رێژیمی شایەتیو دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات هەموو تواناکانی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی کاری حیزبی تەرخان کردو بەتایبەتی لە بواری تەشکیلاتیو کۆمەلایەتی دا وەك کادرێکی هەڵسووڕ، دڵسۆزانەو ماندوویی نەناسانە تێ کۆشا. شێخ غەریب ببووە سیمایەکی دیاروخۆشەویستی حیزبی دیموکراتی کوردستانو، رووی لە هەر ئاواییەك دەکرد، خەڵکی دیموکراتپەروەرو پێشمەرگە خۆشەوستی ناوچەی سەقز، باوەشیان بۆ دەکردەوەو بەگەرمی هاوکارییان دەکرد. کاتێکیش بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ژیانی، ناچار بوو چەکی پێشمەرگایەتی دابنێو بە رواڵەت ژیانی ئاسایی دەست پێ بکا، نەیتوانی لە ئەرکی نیشتمانپەروەرانەی خۆی دابنرێ . بەزوویی وەك ئەندامی نهێنیی حیزب دەست بەکاربووەو سەرەڕای لە ژێر چاوەدێری دابوونو مەترسییە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ کادرەکانی حیزب لە ناوچەی سەقزو هاوڕێیانی دێرینی، لە پێوەندی دا بووو لە هیچ هاوکارییەکیان درێغی نەدەکرد.

سەرئەنجام شێخ غەریب ژیان لەژێر دەستیو تێکۆشانی بەنهێنیی، چی دیکە بۆ تەحەمول نەکراو گەرایەوە رێزی تێکۆشەرانی ئاشکرای حیزب لە هەرێمی کوردستان. جارێکی دیکە دووریی شێخ غەریبی تێکۆشەر لە هاوسەرو جگەرگۆشەکانیو خزمو کەسەکانی دەستی پێ

بۆ لاپەڕەی ٩

# ئاوڕێك لە بزاڤی ئازادیخوازیی لە ئێراندا

## ( لە سەرهەڵدانەوە تا ئێستا )

رامبود لوتفپووری

سەرەتا:

ئەگەر بزاڤی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران وەك جۆرێك لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران لە بەرچاو بگرین کە خاوەن کۆمەڵێك کاراکتەرو تایبەتمەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتییەو لە قۆناغێکی تایبەت و بە مەبەست و بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو سەری هەڵداوە، ئینجا دەتوانین بە تێڕوانین و مێتۆدێکی کۆمەڵناسانەوە شرۆڤەی لایەنە پێوەندیدارەکانی بکەین. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سەرەتا هێندێك پێناسەی روون بەدەست خوێنەرەوە بدەین کە بزانێ سەرەڕای ئەوەی کە بە کورتی و بە خێرایی بە سەر بابەتەکەدا دەڕوین، بەڵام لە چ چوارچێوەیەك و بە چ پێناسەیەکەوە راڤەی بۆ دەکەین.

### بزاڤی ئازادیخوازی وەك بزاڤێکی کۆمەڵایەتی

بزاڤی کۆمەڵایەتی لە خۆیدا بریتییە لە هەوڵ و تێکۆشانی رێکخراوی (سازمان دراو) گرووپ یا کۆمەڵێك لە پێناو گۆڕین یا پاراستنی هەموو یا بەشێك لە سەرخان یا ژێر خانەکانی، بنیادی کۆمەڵگەیەك. بێ گومان بۆ هەڵاواردنی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی لە چەشنەکانی دیکەی جووڵانەوەی بە کۆمەڵ (رفتار جمعی)ی وەك ئاژاوەو هیسترییە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێ سەرنج بدەینە بوونی ٣ کاراکتەری سەرەکی و بیچم دەری بزاڤی کۆمەڵایەتی کە وەك پێویست لە جووڵانەوە بە کۆمەڵەکانی دیکەدا بە دی ناکرێن. یەکەم بوونی ئامانج یا کومەڵە ئامانجێکی دیاریکراو، دووهەم هەبوونی میکانیزم و پڕۆگرامی پراکتیکی بۆ گەیشتن بەو ئامانج یا ئامانجانە و سێهەمیش فەلسەفەو ئایدۆلۆژیایەکە کە ڕەوایی بە بوونی بزاڤەکە دەدا. بەم پێناسەوە دەتوانین بێژین کە بزاڤی ئازادیخوازی، بزاڤێکی گۆڕانخوازە کە دیهەوێ کۆمەڵگە لە داخراوی و چەقبەستوویی دەرباز بکاو بە قازانجی ئازادی و دێموکراتیزاسیۆن بەشێکی بەرچاو لە سەرخان و ژێرخانەکانی کۆمەڵگە بگۆڕێ. بێ گومان ئەم بزاڤە پڕۆگرام و ئایدۆلۆژیای خۆی لە جیهان بینییەکی ئۆمانسیتی و فەلسەفەیەکی لیبراڵەوە هەڵدەهێنجێ کە ئازادی بە گەوهەری مرۆڤایەتی دەزانێ و کرانەوەی کۆمەڵگەی لە پێناو بەختەوەریی مرۆڤدا پێ بابەتێکی پێویستەو سەربەستیی تاکیش لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دا بە گرەنتیی ئازادی و کرانەوەی کۆمەڵگە دەزانێ کە دەتوانێ لە چوارچێوەی یاسایەکی گشتگیردا مسۆگەر بکرێ.

### بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا:

ئەگەر سەرەتای بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا بگەڕێنینەوە بۆ دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتدارێتیی قاجارو سەردەمی مەشرووتەخوازی، دەتوانین بێژین ئەو بزاڤە لەو سەردەمەدا، سەرەڕای ئەوەی کە وەك خاڵی دەسپێك و قۆناغێکی گرینگی ئازادیخوازی لەم وڵاتەدا لە بەرچاو دەگیردرێ بەڵام بە هێندێك هۆ نەیتوانی سەرکەوتنی یەکجاری بە دەست بێنێ و بە ئاکام بگا. ئەم بزاڤە لەو سەردەمەدا بە هۆی نەریتی بوونی کۆمەڵگە، نەگۆڕانی کولتووری و بەهێز بوونی لایەنە نەریتییەکان لە هەموو بنیادەکانی کۆمەڵگەو لە هەموو ئاستەکانیدا، نەیتوانی لە بازنەی کۆمەڵێك بژاردەو بە تایبەت رووناکبیرە ئورووپا دیتووەکان بێتە دەرێ و تێکەڵ بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە بێ.

بۆیە دەبینین سەرەڕای هەموو هەوڵ و نرخدانی رووناکبیران و بژاردەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەپێناو تێگەیاندنی خەڵك و سەرخستنی ئامانجەکانیاندا، کەسایەتییەکی سەرەڕۆو دیماگۆگی وەك رەزاخان کە مۆرەی وڵاتانی بیانی بوو، بەکەڵك وەرگرتن لە ساویلکەیی کۆمەڵگەی ئێران و بە ناو مۆدێرنیزاسیۆنەوە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی خۆی بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێ. بۆیە بزاڤی مەشرووتە سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی سیاسی نوێی هێنایە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و هێندێك ویست و خواستی نوێی هێنایە ئاراوە، بەڵام نەیتوانی زەبرێکی گورچکبر لە پێکهاتەی نەریتی و پەیکەرەی دیسپۆتیزمی (سەرەڕۆیی) سیاسی لە ئێراندا بدا.

بە گەشە کردنی قوتابخانەو زانکۆکان و پێشکەوتنی رێژەیی سیستمی پێوەندییەکان لە ئێراندا، بەرەبەرە ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵك بەرز بووەوەو خواستی ئازادی و دێموکراتیزاسیۆن پەرەی سەندو بزاڤی ئازادیخوازیی هاتە قۆناغێکی نوێترەوە. لوتکەی گۆڕان و پێگەیشتنی ئەم قۆناغە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی پەهلەوی و سەرەتای شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ دا بوو. ئەگەر ئاوڕێك لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێران لەو سەردەمەدا و ئاراستەی گۆڕانەکانی بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بە پێچەوانەی ئاکامی ئەو شۆڕشە، خواستی خەڵك و هێزەکانی گۆڕان و توێژو پێشەنگەکان، هاتنە سەرکاری سیستمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی و فەناتیزمی ئایینی نەبوو، بەڵکوو بە هۆی هێندێك گۆڕانی کۆمەڵایەتیی وەك:

گەشەی بوورژوازی، پەرەسەندنی مەعریفەی ئورووپایی لە ئێران لە رێگەی زانکۆکان و ئاشنا بوون بە کولتوورو دەسکەوتەکانی رۆژئاوا لە رێگەی سیستمی پێوەندی و راگەیەنە گشتییەکانەوەو....، خواستی خەڵك ئازادی و ساوکەبوونی (سەقامگیر بوونی) دێموکراسی بوو. کەچی مەخابن لەم قۆناغەشدا دیماگۆژییەتی ئاخوندەکان و کەم ئەزموونی خەڵك و شێلگیر نەبوون و ناشارەزایی رێبەرانی بزاڤەکە، جارێکی دیکەش ئاکامی بزاڤی پێشکەوتنخوازی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران، بەلارێدا چوون بوو و سیستمێکی پاشڤەڕۆترو داخراوتر لەوەی کە هەبوو واتە فەناتیزمی ئایینی هاتە سەرکار. ئەگەرچی هەر لە یەکەم رۆژەکانی هاتنە سەرکاری سیستمی ئاخوندیو دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییەوە، بەشێك لە ئازادیخوازان و رووناکبیرانی ئەم وڵاتە چ لە ئاستی سەرتاسەری و چ لە نێونەتەوە ژێردەستەکانیدا لە نێوەرۆك و پێکهاتەی تۆتالیتێرو پاشڤەڕۆی ئەم سیستمە تێگەیشتن و ئاڵای خەبات و سەرهەڵدانیان لە دژ بەرز کردەوە. بەڵام ئاخوندە دیماگۆگەکانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا بە کەڵك وەرگرتن لە هەست و کەفوکوڵی شۆڕشگێڕانەی خەڵك و کەشوهەوای ئاسایشیی تایبەت لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا توانیان هەرچەشنە نارەزایەتییەك و هەر داوایەکی مافخوازانە و ئازادیخوازانە سەرکوت و دەسەڵاتی خۆیان ساوکە بکەن. پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ٨ ساڵە و نیشتنەوەی کەفی شۆڕش، بەرەبەرە گرێیە سەرکوت کراوەکان کرانەوەو نارەزایەتییەکان لە شێوازی جۆراوجۆر بەڵام رێکنەخراوو بڕگەبڕگە سەریان هەڵ دایەوە. ئەم نارەزایەتییانە کاتێك گەیشتنە لوتکەی خۆیان کە سیاسەتی پاکتاو و سەرکوتی رێژیم هێندێك لە توێژەکانی نێوخۆی سیستمی دەسەڵاتداریشی گرتەوەو بەشێك لە کاربەدەستانی باڵای رێژیم کە بە قۆڵی چەپ ناوزەد کرابوون، لەبەر جیاوازیی بیروڕا بە شێوازی جۆراوجۆر وەلا نران و پاکتاو کران (تەنانەت هێندێکیان تیرۆر و پاکتاوی جەستەییش کران). ئەم بارودۆخە وای کرد کە جیابیرانی نێو دەسەڵات یا خاستر بێژین قۆڵی چەپی رێژیم بە هاوکاری کۆمەڵێك لە رووناکبیران و کەسایەتییە گۆڕانخوازەکانی دەرەوەی دەسەڵات (بەڵام نزیك لە دەسەڵات) کەوتنە گەڵاڵە کردنی پلانێکی ریفۆرمیستی بۆ گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێراندا. ئەنجامی بەرهەستی (عینی) ئەم پلانە سەرکەوتنی بەرچاوی رێفۆرمیستەکان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاویدا بوو. دەتوانین ئەم سەرکەوتنە وەك دەسپێکی سێهەمین قۆناغی بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێران دەست نیشان بکەین کە ئەگەرچی کەموکوڕی هەیەو هەورازو نشێوی زۆری تا ئێستا بە خۆوە دیتوە، بەڵام درێژەی هەیەو هەنووکە گەیشتۆتە قۆناغێکی هەستیارو رەنگە چارەنووسسازیش.

### جیاوازییەکانی ئەم قۆناغە لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆیدا:

وەك دەزانین بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا لە هەر کام لە قۆناغەکانی گوران و پێگەیشتنی خۆیدا کۆمەڵێك دەسکەوتی هەبووەو هێندیکیش شوێنەوارو باندۆری بەردەوامی لە خۆوە بە جێهێشتوە کە وەك فاکتەری لەبار، رێگەخۆشکەری قۆناغی دوای خۆیان بوون. واتە ئەگەر خواستەکانی ئازادیخوازان لە هەر قۆناغێکدا بە ئاکامی خۆی نەگەیشتبێ لانیکەم هێنانە گۆڕیان بۆتە هۆی هاتنە ئارای کێشەکان و ئاشنا بوونی کۆمەڵگە بە هێندێك چەمکی نوێ کە ئەمەش بۆتە ماکەی بە بابەت بوونی کێشەکان و کەڵکەڵەی ئازادیخوازان بۆ وەدیهێنانیان لە قۆناغەکانی دیکەدا. بۆ وێنە ئەگەر لە سەردەمی مەشرووتەدا خواستی مەرجدار کردنی دەسەڵاتی پاشایەتی و پێکهاتنی پارلەمان و رێز گرتن لە دەنگ و ویستی خەڵك و دەسەڵاتی یاسایی دێتە گۆڕێ، لە قۆناغی دووهەم دا باسی سەروەریی یاساو کۆماری بوونی دەسەڵات دەبێتە بابەتی سەرەکی.

بەگشتی ئەگەر بمانهەوێ تیتراژێکی هەڵەو دەرفەتەکان و فاکتەرە کاریگەرەکانی بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێران لەم ٣ قۆناغەدا بکەین دەتوانین بێژین:

١ـ رادەی خواستەکان بەردەوام لە هەڵکشاندا بوون.

٢ــ ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی چۆتە سەرێ و رێژەی خەڵکی دەروەست و هوشیار زۆرتر بووە.

٣ــ بە پێچەوانەی پاشەکشەی بەردەوامی لایەن و بنیادە نەریتییەکانی کۆمەڵگە، لایەن و بنیادە مۆدێرنەکان بەردەوام لە گەشە و پەرە سەندندان.

٤ــ سیستمی پێوەندییەکان و دونیای راگەیاندن تا رادەیەك پەرەیان ئەستاندوە کە بە هیچ شێوەیەك دەرەتانی مۆنۆپۆل کردنیان و داخستنی دەرکەکانی کۆمەڵگە لە بواری ئاڵوگۆڕی زانیارییدا بە دەسەڵاتداران نادەن.

٥ـ لە قۆناغی یەکەمدا ئازادیخوازان لەبەر نەریتیی بوونی لە رادەبەدەری کۆمەڵگە ناچار بوون لە هێزی نەریتی خێڵەکان وەك دینامیزمی گۆڕان کەڵك وەربگرن، لە قۆناغی دووهەمیشدا بەتایبەت لەسەرو بەندی سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دا هێزە ئاینییەکان توانیان جڵەوی بزاڤەکە بە دەستەوە بگرن و بڕواو دەمارگیرییە ئاینییەکان بکەن بە ماکەو هێزی گۆڕان. بەڵام لە قۆناغی سێهەمدا ئەوە توێژی گەنج و خوێندکاری کۆمەڵگای ئێرانە کە بۆتە دینامیزمی گۆڕان کە توێژێکی هوشیارو رادیکاڵە.

٦ـ ئەگەرچی دینامیزمی گۆڕان لە قۆناغی سێهەمدا گەنجان و خوێنداکارانی کۆمەڵگەن بەڵام کۆنسێرڤات بوونی رێبەرانی ئەم قۆناغە بەتایبەت لە ساڵەکانی سەرەتایدا، رەوتی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی تووشی کێشەو لاوازی کرد.

٧ــ رێبەری کردنی ئەم بزاڤە یەکێك لە بابەتە هەرە گرینگەکانە، رەنگە لە قۆناغی یەکەمدا بوونی رێبەرایەتییەکی کاریزما پێویست بێت کە بتوانێ بە دروست کردنی خرۆش و هەست خەڵك مۆبیلیزە (بسیج) بکا، بەڵام پێویستە لە تەنیشت ئەودا رێبەرانی جێبەجێکار بۆ رێکخستن و پلاندانان ئامادە و چالاك بن.

٨ــ لە سەردەمی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا رێبەرانی جێبەجێکار بەبێ هیچ پێکهاتن و رێککەوتنێك رێبەرایەتی کاریزماتیك و جڵەوی خەباتیان دایە دەستی ئاخوندێکی وەك خومەینی کە دواتر هەمووی پاکتاو کردن.

٩ـ لەم قۆناغەی ئێستادا پێویستە رێبەری کاریزماو رێبەرانی جێبەجێکار خاوەنی یەك ئاخێوو دێسکۆرسی (گوتاری) سیاسی بن. بەتایبەت لە بارودۆخی ئێستادا دەبێ رێبەران لێبڕاوانەترو شێلگیرانەتر لە پێشوو ئەرکی خۆیان بە ئەستۆوە بگرن و وردبینانەو زانایانە هێڵی هاوبەشی سیاسی و هەستی یەکگرتوویی لە نێو خەڵکی خەباتکاردا بەهێز بکەن.

١٠ـ چی دیکە نابێ لە پشت هێڵە سوورەکانی رێژیمدا بمێننەوەو کۆنەپارێزانە مامەڵە لەگەڵ سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی قۆڵی پاوانخوازدا بکەن.

١١ـ سیمبۆل سازی و هێنانە گۆڕی هێمای ئازادیخوازانە، رۆڵێکی پۆزەتیڤ و یەکیەتی بەخش دەبینێ. بۆ نموونە هێندێك دروشم یا ئارم و ئایدۆلۆژیای تایبەت دەتوانێ لە یەکخستن و بەردەوام بوونی هێزە ئازادیخوازەکاندا کاریگەر بێ.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین قۆناغی ئێستا رەنگە لەبارترین بارودۆخ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران دابێ. کە ئەوەش پێویستی بە لێك تێگەیشتن، وریایی، هاوئاهەنگی و یەکیەتی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران هەیە. هەرچەشنە پاشەکشە، هەڵە یاخود لەبەر چاونەگرتنی ویستی پێکهاتە جیاوازەکان و خۆ سەپاندنی پێکهاتەیەك بەسەر ئەوانی دیکەدا دەتوانێ بزاڤەکە بەرەو شکست و پارچە بوون بەرێ و ئەم قۆناغەش تووشی چارەنووسی قۆناغەکانی پێش خۆی بکا.





**قۆناغی ئێستا رەنگە لەبارترین بارودۆخ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران دابێ. کە ئەوەش پێویستی بە لێك تێگەیشتن، وریایی، هاوئاهەنگی و یەکیەتی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران هەیە. هەرچەشنە پاشەکشە، هەڵە یاخود لەبەر چاونەگرتنی ویستی پێکهاتە جیاوازەکان و خۆ سەپاندنی پێکهاتەیەك بەسەر ئەوانی دیکەدا دەتوانێ بزاڤەکە بەرەو شکست و پارچە بوون بەرێ و ئەم قۆناغەش تووشی چارەنووسی قۆناغەکانی پێش خۆی بکا**

# هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ـ دا

بە دوای راپەڕینە پڕ شکۆیەکەی ئازاری ١٩٩١دا دەسەڵاتێکی کوردی لە باشووری کوردستان بە رێبەرایەتیی بەرەی کوردستانی کە لە چەند حیزبی سیاسیی ئەو بەشەی کوردستان پێك هاتبوو، دامەزرا. ئەگەر چی شاراوە نیە هێرشی هاوپیمانەکان بۆ سەر عێراق و پێکهێنانی ناوچەی پارێزراوی ژێر مەداری ٣٦ یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ رەخسانی ئەم دەرفەتە بۆ کورد بوو، بەڵام ناهەقی لە دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان و خوێنی سەدان هەزار شەهیدی بێتاوانی کوردە ئەگەر دامەزرانی ئەو دەسەڵاتە کوردی‌یە بە دەسکەوتی هەوڵ و تێکۆشان و فیداکاری و قوربانیدانی رۆڵەکانی ئەو گەلە ئازادیخوازە دانەنێین.

دەسەڵاتی ساوای کوردی بوو بە میراتگری وڵاتێکی وێران کە جگە لە دەیان ساڵ جیاوازیدانان چەندین ساڵیش کەوتبووە بەر پەلاماری رووخان و وێرانکردن و ئەنفال و کیمیاباران. شتێك نەمابوو ناوی ژێرخانی ئابووری بێ، دام و دەزگا کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و لەشساغییەکان کە هەر لە جێدا لەنگ و لۆر و ناتەواو بوون بە کشانەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی مەرکەزی لەم ناوچەیە و سەپێندرانی گەمارۆی دووقاتی ئابووری (گەمارۆی نێونەتەوەیی لە سەر عێراق و گەمارۆی عێراق لە سەر کوردستان) ئەوەندەی دیکە تووشی شپرزەیی و ناتەواوی و بێدەرەتانی ببوون. بەو حاڵە دەسەڵاتی کوردی ئەوەندە لە بەردڵان خۆشەویست بوو کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ ئامادە بوون بۆ پاراستنی لە ژیان و گوزەران مایە دابنێن و ئەزموونەکە بپارێزن. هەموو کارمەندانی دەوڵەتی و بە تایبەتی مامۆستایان و کادری پزشکی خۆبەخشانە کاریان کردو شەویان خستە سەر رۆژ تا ئەزموونەکە سەر بگرێ، دوژمنان پێیان خۆش نەبن و دەرەتانی گەڕانەوە بۆ رۆژو مانگ و ساڵە پڕ مەینەتییەکان خۆش نەبێ.

دەسەڵاتی پێکهاتوو لە کادری رێبەریو کادرەکانی ریزی پێشەوەی رێکخراوەکانی نێو بەرەی کوردستانی لەلایەك و ئەو بەشە لە کارمەندانی دەوڵەت کە حازر نەبوون وەدوای مووچەکانیان بکەون و خۆبەخشانە کاریان بۆ حکوومەتی خۆماڵی کرد، دەگەڵ هەموو کەم و کورپییەکان درێژەی بە کاردا و بە یارمەتیی هێندێك رێکخراوی خێرخوازی نێونەتەوەیی لانی کەمی ژیانێکی ئینسانی بەڵام سەربەرزانەی بۆ دانیشتووانی هەرێمەکە دابین کرد و رۆژبەرۆژ لە جێگیر کردن و چەسپاندنی ئەزموونەکەدا چووە پێش. ئەگەرچی حکوومەتی کوردی ئەزموونێکی کەڵەکە بووی لە دەسەڵات و خۆ بەڕێوەبردن بۆ بە میرات بەجێ نەمابوو، بەڵام بێ لە خۆبایی بوون دەکرێ بڵێین لە هیچ کام لەو دەسەڵاتانەی دەوروبەر کە ئەزموونی سەدان و هەزاران ساڵ دەسەڵاتدارییان لە پشت بوو، لە دواتر نەبوو.

کارێك کە وەك شانازی بۆ رێبەرایەتیی دەسەڵاتی کورد دەمێنێتەوە و مێژوو بە خەتی درشت دەی نووسێ ئەوە بوو کە دەسەڵاتی کوردی رێگای بە خۆی نەدا وەك هێندێ دەسەڵاتی دیکەی دەوروبەر بۆ ماوەی چەند و چەندین ساڵ بە ناوی رەوایی شۆرشگێڕانە (مشروعیت انقلابی)یەوە لە سەر کورسیی دەسەڵات پاڵ بداتەوە و زۆر زوو هەوڵی دا دەسەڵات بسپێرێتە دەستی نوێنەرانی گەل و حکوومەتی هەڵقوڵاو لە ویستی ئازادانەی کۆمەڵانی خەڵك. ئەوە بوو کە تەنیا ساڵێك و چەند مانگ دوای پێکهاتنی دەسەڵاتی کوردی یەکەمین هەڵبژاردنی پارلەمانی لە باشووری کوردستان وەڕێ کەوت و لە هەڵبژاردنێکی پڕ شکۆدا خەڵك نوێنەرانی خۆیان ناردە مەجلیس و حکوومەتێکی خەڵکی لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە دیاری کرا. شتێکی زۆر سروشتییش بوو کە ئەو حیزبانەی زۆرایەتیی پارلمانییان بەدەست هێنا راست ئەو حیزبانە بوون کە رابردوویەکی درێژو نەخشێکی بەرچاوتریان لە خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دا هەبوو.

زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین رۆژانی بەر لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ و لەوەش زیاتر دیمەنی پێشوازیی کۆمەڵانی خەڵك لە یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردنی ئازاد لە رۆژی دەنگدان دا، بۆ هەموو ئەو کوردانەی لەو ئەزموونەدا ژیاون جوانترین و شیرینترین بیرەوەریی تەمەنە. خەڵك لە ژن و پیاو پیرو لاوو ساغ و نەخۆش و هەژارو ساماندار وەك یەك رژابوونە شەقامەکان و لە ریزی سەدان کەسی دا چاوەڕوانی دەرفەت بوون کە دەرفەتی یەکەمین دەنگدانی ئازاد بۆ پارلمانێکیان دەست کەوێ کە لە خۆیانەو بۆ خۆیانە. ئەمە وەدی هاتنی خەونی سەدان ساڵەو ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەیەك بوو کە بە میلیۆن خۆێنی لە پێناوی گەیشتن بە رۆژێکی وادا بەخشیبوو.

ناکرێ بیرەوەریی شیرینی ئەو رووداوە مەزنە کە حکوومەتێکی مەشرووعی هەڵبژێراوی خەڵکی کوردستانی لێ کەوتەوە، تاڵیی ئەزموونی چەند ساڵ شەڕی نێوخۆییمان لە بیر بەرێتەوە، شەڕێك کە ئەگەر بە هەوڵی هێندێك لە دڵسۆزانی گەل و کۆمەگی هێندێك لە دۆستانی نەتەوەکەمان و ئازایەتیی ئەخلاقیی هێندێك لە رێبەرانی کورد پێشی پێ نەگیرابایە، دەی توانی هەموو دەسکەوتەکانی دەیان ساڵ هەوڵ و خەباتی کورد لە ئاگری خۆی دا بسووتێنێ. هەر ئەوەندە دەڵێین دەستی هەموو وانە خۆش بێ کە بەشێکیان لە دامرکاندنەوەی ئاگری ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەدا هەبوو. چونکە بە ئاشتبوونەوەی برایانی لێك رەنجاو و یەکخستنەوەی ماڵی دابەشکراو بەرەبەرە برینەکان سارێژ بوونەوە و رێگا بۆ چەسپاندنی دەسکەوتەکانی کورد خۆش بوو.

نەخشێك کە ئاشتی و تەبایی کوردی باشوور لە بنیاتنانی حکوومەتی هەرێم و بەرز کردنەوەی ناوو ناوبانگی کورددا گێڕاویەتی لە هیچ مرۆڤێکی بەویژدان شاراوە نیە بە تایبەتی ئەوەی دوای رووخانی حکوومەتی سەدام حوسێن و بەرەسمی ناسرانی حکوومەتی هەرێم بەدەست هاتوە، بێ ئەوەی کەم و کورپییەکانمان حاشا لێ کردبێ سەری کوردی لە جیهان دا بەرز کردۆتەوە و کوردی کردۆتە نموونەیەك کە نەك هەر لە عێراق، بەلکوو لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ئاواتی بۆ بخوازرێ.

پاش چەند ئەزموونی هەڵبژاردن و رێفراندۆمی هەرێمی و سەرتاسەری، جارێکی دیکە خەڵکی باشووری کوردستان بەرەو پیری هەڵبژاردنێکی دیکە بۆ پارلمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەچن. ئەم جارەشیان وەك جارانی دیکە و زیاتریش ئۆگری و دڵگەرمیی ئەو خەڵکە بەهەستە سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. بە تایبەتی کە لەم هەڵبژاردنەدا هەم بۆ هەڵبژاردنی پارلمان چەند لیستە پێکەوە کەوتوونە ململانەو هەم تەنانەت بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمیش چەند کەس خۆیان کاندیدا کردوە. لە مانگێك پێش هەڵبژاردنەوە هەوڵدان بۆ راکێشانی سەرنجی دەنگدەران لە کەشێکی بە تەواوی ئازادا دەستی پێ کردووەو دەگەڵ ئەوەی وەك لە راپۆرتەکان دەردەکەوێ جاروبار هێندێ سەرپێچی لە رێنوێنییەکان رووی داوە، ململانەکە تا رادەیەکی بەرچاو وشیارانە و شارستانییانەیە و نیشانەیەك لە پێگەیشتوویی خەڵکی کوردستان و رەفتاری دێموکراتانەی دەسەڵاتی کوردییە.

هەم ناحەزانی کورد خەونی خەراپ بۆ ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئەم جارەی کوردستان دەبینن و هەم بەشێك لە دڵسۆزانی کوردیش جۆرێك نیگەرانی رووی تێ کردوون: بەڵام ئێمە بە نۆرەی خۆمان بە هومێدەوە دەڕوانینە ئەم هەڵبژاردنە و ئاکامەکانی. بوونی چەند لیستە بە نیشانەی پێشکەوتوویی کۆمەڵی کوردستان و سەقامگیریی دێموکراسی دەزانین و دڵنیاین کە ململانەی لیستەکان تەنیا لە رووی دڵسۆزیەوەو لە سەر ئەوەیە کە چۆن زیاتر خزمەتی خەڵك بکرێ و چۆن باشتر ئەو ئەزموونە بچەسپێ. بە باوەڕی ئێمە ئاکامی هەڵبژاردن هەر چۆنێك بێ خەڵکی کوردستان هەمووی سەرکەوتوویە، چونکە ئەزموونێکی سەرکەوتوویان تێپەڕ کردوە، پارلمانی داهاتوو پارلمانی هەموو خەڵکی کوردستان دەبێ و حکوومەتی داهاتووی هەرێمیش هی هەمووان و لە خزمەتی هەمووان دا دەبێ. دڵنیاین ئەو لیستانەی ئەمڕۆ لە بەرامبەر یەك دا ڕاوەستاون، سبەی رۆژێ، بە هەر رێژەیەك رێیان بکەوێتە پارلمان پێکەوە هاوکاری دەکەن و ناکۆکیی بیروڕایان تەنیا لە خزمەتی بەرەو پێشبردنی ئەزموونەکەدا بەکار دەگیرێ.

بۆ خەڵکی باشووری کوردستان و بۆ هەڵبژاردنێك کە لە پێشیان دایە و بۆ پارلمان و حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان ئاواتمان سەرکەوتن و پێشکەوتن و دەسکەوتی رۆژلەرۆژ زیاترە.



## فرانس فان ئانرات بە ١٦ ساڵ و ٦ مانگ زیندان حوکم درا

رۆژی ٨ی پووشپەڕ، لە شاری لاهەی هولەند بە ئامادەبوونی هەر سێ قوربانی سکاڵاکەر "عەلی رەحیمی، دانیال عەلی و رێباز قادر" و هەروەها پارێزەری قوربانیان دوایین دانیشتنی تاوانبار فرانس فان ئانرات بەڕێوەچوو و دادگا دوایین بڕیار خۆی لەو بارەیەوە دا.

بە پێی ئەم هەواڵە دادگا فرانس فان ئانراتی بە تاوانی بەشداری کردن لە جینایەتی دژی مرۆڤایەتی بە ١٦ ساڵ و ٦ مانگ زیندان مەحکووم کرد.

فرانس ئانرات کە بازگانێکی هولەندی مادە شیمیاییەکان بوو لە ساڵەکانی دەیەی ٨٠ی زایینی‌دا چەکی شیمیایی بە رێژیمی بەعسی عێراق فرۆشتووەو ئەوە یەکەمین فرۆشیاری چەکی شیمیایی بە رێژیمی پێشووی عێراقە کە دادگایی دەکرێ و سزا دەدرێ.

بە دوای ئەم بڕیارەی دادگای لاهەدا، بڕیارە پارێزەری قوربانییەکان بۆ قەرەبوو کردنەوەی بریندارن و کەسوکاری قوربانیانی شیمیایی سکالایەکی تایبەت لە دادگادا تۆمار بکا.

شایانی باسە ناوەندی چاوەدێری کوردۆساید (چاك) هەر لە سەرەتاوە رۆڵێکی بەرچاوی لە دادگایی کرانی فرانس ئانرات دا هەبوو.

## بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دەیسەلمێنێ کە کەرکووك شارێکی تەواو کوردستانییە

لەو بەڵگەنامەیەدا کە لەم دواییانەدا بڵاو کراوەتەوەو لە ٩ لاپەڕە پێك هاتووە، کۆمەڵێك زانیاری گرینگی سەبارەت بە دانیشتوانی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە خۆ گرتووەو شاری کەرکووك و تەواوی ناوچەکانی ئەو پارێزگایەو هەروەها هێندێك لە ناوچەکانی پارێزگای دیالەی بە خاکی کوردستان داناوە کە زۆربەی نزیك بە تەواوی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کوردن.

بە پێی ئەو بەڵگەنامەیە ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥دا یەك میلیۆن و ٢٥٠ هەزار کەس بووەو خاکی باشووری کوردستان بریتییە لە پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکووك و هەولێرو هەروەها ٣ لە سەر ٤ی پارێزگای مووسڵ و یەك لە سەر ٤ی پارێزگای دیالە.

## کوژرانی گوماناوی سەربازانی کورد لە ئەرتەشی سووریەدا بەردەوامە

رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ و ئازادی گشتی لە سووریە لە راگەیەنراوێك دا بڵاوی کردەوە کە کوشتنی گوماناوی سەربازانی کورد لە ریزەکانی ئەرتەشی سووریەدا بەردەوامەو چەند رۆژ لەمەوبەر سەربازێکی دیکەی کورد بە ناوی عارف سەید عوسمان کوڕی عەبدولعەزیز، خەڵکی شاری قامیشلو بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا.

بەرپرسانی ئەرتەشی سووریە لە پێوەندی لە گەڵ کوژرانی ئەو سەربازە کوردەوە رایانگەیاندوە کە بە هۆی کارەباوە گیانی لەدەست داوە، بەڵام بنەماڵەکەی و چالاکانی مافی مرۆڤ باوەڕ بەو قسانەی بەرپرسانی ئەرتەش ناکەن.

شایانی باسە لە ماوەی رابردوودا نزیك بە ٣٠ سەربازی کورد بە شێوەی گوماناوی لە نێو ئەرتەشی سووریەدا کوژراون و بەرپرسانی ئەرتەشیش رایانگەیاندوە کە زۆربەی ئەو سەربازانە خۆیان کوشتوەو یان بە رووداوی وەك بەرکەوتنی کارەباوە گیانیان لەدەست داوە. چالاکانی مافی مرۆڤ و نەیارانی حیزبی بەعسی سووریە لەمبارەیەوە دەڵێن کە ئەو سەربازە کوردانەی کە لەم دوایانەدا کوژراون، کەسانێکن کە گومانی دژایەتییان لەگەڵ حیزبی بەعس لێ دەکرا.

## ناوەندی چاوەدێری کوردۆساید ( چاك ) بە هانای ئاوارە کوردەکانی نیشتەجێ لە کەمپی رۆمادییەوە بچن

ناوەندی چاك لە راگەیەنراوەکەی دا وێڕای ئاماژەکردن بە بارودۆخی نالەباری ئەو کوردە ئاوارانەی رۆژهەڵاتی کوردستان رایگەیاندووە کە ئێستا سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان لە لایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرێ و لە دوای رووخانی رێژیمی بەعسەوە بارودۆخی ئەو ئاوارانە بە جێگەی ئەوەی بەرەو باشتربوون بچێ، رۆژ لەگەڵ رۆژ خراپتر بووە.

ناوەندی چاك لە درێژەی راگەیەنراوەکەی دا داوای لە هەموو حیزب و لایەنەکان کردووە کە بە هانای ئەو ئاوارانەوە بچن و یارمەتیان بدەن و هەروەها داوای لە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان کردوە کە ئاوارەکانی رۆمادی بگەڕێنێتەوە کوردستان و لە یەکێك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم دا ئۆردوگایەکی تایبەتیان بۆ دروست بکاو پێویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین بکا.

# دەوڵەتی کودیتا و ئازادیی رادەربڕین

مەسعوود رەواندووست

کۆماری ئیسلامیی ئێران حکوومەتێکی دیکتاتۆری ئیدئۆلۆژیکە کە لە سەرکوت و زەبروزەنگدا هیچی لە نازیزم و فاشیزم کەمتر نیە. سیستمی حکوومەتیی ئێران سیستمێکی تۆتالیتێری داخراوە کە هەموو دەنگەکان جگە لە دەنگی دەسەڵاتی زاڵ خەفە دەکاو هەر دەنگێکی ناڕەزایەتی بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ خواو حکوومەتی خوا لەقەڵەم دەداو بە توندترین شێوە سەرکوتی دەکا.

هەڵاواردنی رەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی، بێدەنگ کردنی هەر دەنگێکی جیاواز، گرتن و ئەشکەنجەو سەرکوتی جیابیران، ئێعدامی مێرمنداڵانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ ، تیرۆری دژبەران، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە، نەبوونی ئازادیی رادەربڕین، نەبوونی ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵەکان و تەنانەت نەبوونی ئازادیی هەڵبژاردنی شێوەی ژیان و، دەست بردنە نێو ژیانی تایبەتی و بەزاندنی هەرێمی تایبەتیی تاکەکان و دەیان دیاردەی پڕشووڕەیی و سەدە نێوەڕاستی و دواکەوتووانەی دیکەش، خاڵە بەرچاوەکانی کارنامەی سی ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێراندان. ئەم حکوومەتە زیاتر لە هەموو شتێك لە وشیاری و ئاگایی خەڵك و بەرزبوونەوەی دەنگی جیاوازو رەخنەگر دەترسێ کە دەبنە هۆی وشیاربوونەوەی خەڵکی ئێران و، جیهان لە ماهییەت و چییەتیی ئەم نیزامە باشتر تێدەگا. هەربۆیەش ئازادیی رادەربڕین و هەبوونی راگەیەنی ئازاد کە مرۆڤەکان بتوانن رای خۆیانی تێدا دەربڕن و بیرو بۆچوونە جیاوازەکانیان بخەنە بەر سەرنجی بیروڕای گشتی، بە گەورەترین دوژمنی خۆی دەزانێ و بە بێبەزەییانەترین شێوەکان دامودەزگای سەرکوتی خۆی دەخاتەکار بۆ بڕین و کپ کردنی هەردەنگێکی ئازادو هەر بیرێکی جیاواز لە ئیدئۆلۆژیی نیزامی دەسەڵاتدار.

باسکردن لە نەبوونی ئازادیی رادەربڕین و بەرتەسك کردنەوەی مەیدانی کاری رۆژنامەنووسان و راگەیەنە سەربەخۆکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا زۆری لەسەر گوتراوەو زۆری لەبارەدا نووسراوە بەڵام ئەوەی مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارەیە تیشك خستنە سەر رەهەندو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم باسەو ئاست و پانتایی سەرکوت و هێرش بۆسەر راگەیەنە سەربەخۆکان لە لایەن کودیتاچییەکان لە دوای هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماریی ئێران و دزینی دەنگەکانی خەڵك و وەرگەڕاندنەوەی ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەم کودیتایەیە.

ئەوەی لەبەرچاوی هەموو خەڵکی جیهان رووی‌دا بەشداریی کەم وێنەی خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆمارێی ئێران‌دا بە مەبەستی وەلانانی مەحموودی ئەحمەدی نژاد وەك بەرچاوترین هێمای دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی و، هێنانە سەرکاری کەسێکی دیکە لە جێی ئەو بوو بۆ ئەوەی بتوانن کەش و هەوایەکی تۆزێك کراوەتر بۆخۆیان دابین بکەن و هەنگاوێکی دیکە لە سەپاندنی داوا رەواکانیان بەسەر رێژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی‌دا بەرەوپێش بچن. دوای تەواو بوونی دەنگدان هەموو لا چاوەڕوانی راگەیاندنی سەرکەوتنی دەنگی خەڵك و هەڵبژێرانی میرحوسێنی مووسەوی وەك سەرکۆماری هەڵبژێراوی خەڵك بوون. بەڵام ئەوەی رووی‌دا پێچەوانەی چاوەڕوانیی خەڵکی ئێران و هەموو پێش بینی‌و راپرسی و بەڵگەو نیشانەکان بوو. ئەوەی رووی‌دا کودیتایەك بوو لە دژی دەنگی خەڵك. دەنگەکانی خەڵکیان بە قازانجی مۆرەی جێگەی پەسندی خامنەیی وەرگەڕاندەوە. ستادی کودیتا کە لە وەزارەتی نێوخۆو شووڕای نیگەهبان و لە سەرووی هەموانەوە شەخسی خامنەیی پێك هاتبوو بە شێوەیەکی زۆر ناشیانەو بەپەلەو زۆر زووتر لەو کاتەی چاوەڕوان دەکرا، بە بڵاوکردنەوەی ئامارێکی لەپێشدا دیاریکراو ئەحمەدی نژادیان بە براوەی هەڵبژاردن و ئەویش بە جیاوازیی سەرسوڕهێنەری ١١ میلیۆن دەنگ لەپێش رکەبەری دوای خۆی راگەیاند. لە بەرانبەردا خەڵکی توورەو نارازی لەو ساختەکارییە ئاشکرایەی رێژیم کە بە سووکایەتی بە شعوورو تێگەیشتوویی و دەنگی خۆیان دەزانی، رژانە سەر شەقامەکان و هەوڵیان‌دا بە شێوەیەکی هێمنانە و شارستانییانە ناڕەزایەتی و دژایەتیی خۆیان دەگەڵ ئەو کودیتایە رابگەیەنن. مووسەوی و کەڕووبی، کاندیداکانی باڵی رێفۆرمخوازیش کە بەڵێنی پارێزگاری کردن لە دەنگی دەنگدەرانیان دابوو هاتنە مەیدان و بوون بە سیمبۆلی ئەو حەرەکەتە ناڕەزایەتییە هێمنانەیە. بڕیاربەدەستانی رێژیمیش کە هەروەك گوترا توانای بیستنی هیچ چەشنە دەنگێکی ناڕەزایەتیی نیە، بۆ تەواوکردنی دوایین پەردەی سیناریۆکەی ستادی کودیتا کەوتنەکارو لە لایەك دەستیان‌دایە سەرکوتی زۆر توند و بێ بەزەییانەی خەڵك و لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی دەنگدانەوەی ئەم سەرکوتانە لە جیهاندا بە کەمترین ئاستی خۆی بگەیەنن کەوتنە شەڕو بەرەنگاربوونەوەیەکی تەواو عەیار لەدژی راگەیەنە سەربەخۆکان.

دوابەدوای راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و دژکردەوەی خەڵکی نارازی، سانسۆرو سەرکوتی راگەیەنە سەربەخۆکان کە لە کۆماری ئیسلامی‌دا شتێکی ئاساییە، بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند و چڕتر بۆوە. رێژیم گوشارێکی زۆری خستە سەر رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی هەواڵەکانی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران بڵاو نەکەنەوە. هەڕەشەی لیباس شەخسییەکان، بەسیجییەکان، هێزە ئینتزامییەکان و مەئموورەکانی ئیتلاعات و چەندین دەزگای ئەمنییەتیی دیکەی رێژیم بۆ سەر رۆژنامەنووسان چەند بەرابەر زیادی کردو بە دەیان رۆژنامەنووس گیران و کەوتنە زیندان. رۆژنامەکانی "یاس نو" و "کلمە سبز" داخران و رۆژنامە سەربەخۆکان زۆر توندتر لە جاران کەوتنە ژێر موقەستی سانسۆر نوێنەرانی دادستانی لە هەموو رۆژنامەکان ئامادەبوون و هەر هەواڵ و بابەتێك کە نیشانە و رەنگدانەوەی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی پێوە دیاربا, لادەبران و تەنانەت لە چاپخانەکان بابەتی رۆژنامەکانیان سانسۆر دەکردن، بەجۆرێك کە بڵاوبوونەوەی رۆژنامە بە ستوونی سپییەوە لەو رۆژانەدا ببوو بە شتێکی ئاسایی و رۆژانەو، چەندین رۆژنامە بە هۆی تیغی سانسۆری نوێنەرانی دادستانی, یەك یان چەند ستوونی سپییان تێدا بەرچاو دەکەوت. مەهدی کەڕووبی کە یەکێك لە کاندیداکان بوو، رایگەیاند کە تەنانەت رێگەی پێ نادەن راگەیەندراو بەیاننامەکانی لە رۆژنامەکەی خۆی واتە "اعتماد ملی"دا بڵاو بکاتەوە. سەعید مورتەزەوی دادستانی تاران کە بە جەللادی رۆژنامەکان ناسراوە، هەڕەشەی لە راگەیەنەکان کردوە کە نابێ هیچ هەواڵ و بابەتێك بڵاو بکەنەوە جگە لەو شتانەی لە راگەیەنە رەسمییەکانی رێژیمدا بڵاو دەبنەوە. گوشار بۆ رۆژنامەنووسان گەیشتە ئاستێك کە ١٨٠ رۆژنامەنووس لە راگەیەندراوێك‌دا ناڕەزایەتییان لە گوشارەکانی رێژیم بۆ سەریان دەربڕی و رایانگەیاند کە لەو هەلومەرجەدا ناتوانن درێژە بە کارەکەیان بدەن.




رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور لە چەند راگەیەندراوی جیادا ئەوپەڕی ناڕەزایەتیی خۆی لە سەرکوتی وەحشیانەی راگەیەنەکان دەربڕی و داوای لە وڵاتانی جیهان کرد کە ئاکامەکانی هەڵبژاردن بە رەسمی نەناسن چونکە مەرجی بوونی هەڵبژاردنی دێموکراتیك, بوونی راگەیاندنی ئازادە کە بتوانێ لە رەوتی هەڵبژاردن یان ساختەکاری تێیدا لێکۆڵینەوە بکەن و رای‌بگەیەنن. بەڵام هیچ کام لەم مەرجانە لە بەناو هەڵبژێرانەوەی ئەحمەدی نژاددا نەبوون. هەڵبژاردنێك کە سەرکەوتنی براوەکەی بە یارمەتیی سەرکوت و کوشتن و بڕینی خەڵك رابگەیەندرێ ناتوانێ دێمۆکراتیك بێ. هەر بۆیە داوایان لە وڵاتانی جیهان کرد ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بە رەسمی نەناسن.

دەست راگەیشتن بە تۆڕەکانی ئینتێرنێت زۆر بەرتەسك کراوەو هێڵەکانی ئینتێرنێت زۆر خاو بوونەوەو خێرایی هێڵەکان لە زۆر شوێن هەتا یەك لە سێی خێرایی پێشوویان دابەزین. زۆربەی سایت و وێبلاگە سەربەخۆکان فیلتێر یان هەك کران و سایتەکانی سەر بە کاندیدا نارازییەکان بە تەواوی داخران و سایتەکانی "أفتاب نیوز"، "قلم سبز"، "انتخاب" و زۆر سایتی دیکە داخران و سایتی "قلم نیوز" کە هی میرحوسێن مووسەوییە چەندین جار هەك کرا بەڵام بە هەوڵی بەڕێوەبەرانی دەست بەکار بۆوە. هێڵەکانی تەلەفۆنی موبایل و ئیمکانی ناردنی SMS تووشی گیروگرفت هاتن و پێوەندییە تەلەفۆنییەکان هەتا ئەو جێیەی بۆیان دەکرا کۆنتڕۆڵ کران و بۆ ئەو مەبەستە رێژیم بە پوولێکی زۆر لە دوو کۆمپانیای نۆکیاو زیمێنس ئیمکاناتی ئەو کارەی کڕی.

تەوژمی راپەڕین و خۆپێشاندان و خۆڕاگرییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە سی ساڵ زوڵم و زۆر و سەرکوت، رێژیمی بە رادەیەك ترساند کە هەموو سنوورەکانی سانسۆرو سەرکوتی راگەیەنەکانی بەزاند، بەجۆرێك کە تەنانەت راگەیەنە بیانییەکانیش لە هێرش و پەلاماری دەزگاکانی سەرکوت و سانسۆری رێژیم بێ بەش نەبوون و زۆر هەواڵنێری بیانی کە هەواڵ و وێنە و فیلمەکانی خۆپێشاندانی خەڵك و سەرکوتی بێڕەحمانەی هێزەکانی رێژیمیان بۆ سەرانسەری جیهان بەڕێ دەکرد کەوتنە بەر هەڕەشە و داوایان لێ کرا ئەو شتانە بڵاو کەنەوە کە رێژیم رێگەیان پێ‌دەداو، داوا لە هێندێك لە هەواڵنێران کرا لە هۆتێلی شوێنی حەسانەوەیان نەیەنە دەرو سێ هەواڵنێری فەڕانسەیی لە لایەن لیباس شەخسییەکانەوە کەوتنە بەر لێدان و بێ حورمەتی و دوربینەکەیان لێ ئەستێندراو دزرا و، دوو هەواڵنێری تەلەڤیزیۆنی هۆلەند دەستگیرکران و دواتر لە ئێران دەرکران. هاوکاری تەلەڤیزیۆنێکی ئیتالیایی و هەواڵنێرانی رۆیتێرز لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە کەوتنە بەر سەرکوت و لێدان و, دەستەیەك لە هەواڵنێرانی "بی بی سی" هەڕەشەیان لێ‌کرا و جان لاین هەواڵنێری "بی بی سی" لە ئێران دەرکرا.

تەلەڤیزیۆنە فارسی زمانەکانی "بی بی سی" و دەنگی ئەمریکا بە دانی هەزینەیەکی زۆر لە سەرمایەکانی وڵات کەوتنە بەر شەپۆلی پارازێتی زۆر توندو بۆ ماوەیەك بە کردەوە لەسەر ماهوارەی هاتبێرد نەدەبینران. دەفتەری تەلەڤیزیۆنی "العربیە" لە تاران داخرا.

ئەو شەپۆلە کەم وێنەیەی سانسۆرو سەرکوتی راگەیەنەکان لە ئاستێکی ئاوا بەربڵاودا لە کاتێك‌دا بوو کە راگەیەنە رەسمییەکانی رێژیم بە هەموو تواناوە هەوڵی چەواشە کردنی رای گشتییان دەداو رووداوەکانیان پێچەوانە نیشان دەدا و تێ‌دەکۆشان خۆپێشاندەران بە دوژمنانی دەرەکییەوە ببەستنەوە بۆ ئەوەی لە لایەك پاساوێك بۆ سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵك بێننەوەو لە لایەکی دیکە بە خەیاڵی خۆیان رای گشتیی خەڵکی جیهان بەلاڕێدا بەرن.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایەی رێژیم بۆ شاردنەوەی ئاستی جینایەت و سەرکوتەکانی، دیتمان لە سایەی تێکنۆلۆژیای رۆژ ئازایی و بوێری و داهێنەریی لاوانی ئێران رەهەندەکانی ئەم ناڕەزایەتییانە و هەروەها سەرکوتی بێ بەزەییانەی رێژیم نەك هەر نەشاردرانەوە بەڵکوو بە شێوەیەك تەقینەوەو دەنگییان‌دایەوە کە تەنانەت کۆنەپارێزترین رێبەرانی وڵاتانی جیهان دژکردەوەیان نیشان‌داو ئەو سەرکوتە دڕندانەی رێژیمیان لەدژی خەڵکی راپەڕیوی ئێران مەحکووم کرد.

خەڵکی ئێران بە دووربینی موبایلەکانیان بوون بە هەواڵنێرانی خۆبەخش کە هەموو راگەیەنەکانی جیهان بۆ ماوەی زیاتر لە دوو حەوتوو بەشی سەرەکیی هەواڵ و راپۆرتەکانیان لەو فیلمە ئاماتۆرانەی ئەو هەواڵنێرانە پێك دەهات کە بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی پەردەیان لەسەر جینایەتی رێژیم لە گرتن و لێدان و کوشتن و بڕینی خۆپێشاندەران لاداو رووماڵی دژی گەلییانەو دڕندانەی رێژیمیان بەشێوەیەکی بێ‌وێنە بۆ هەموو جیهان ئاشکرا کرد بەجۆرێك کە نە رێژیم و نە دەوڵەتانی جیهان پێش بینیی ئەو کارەیان نەدەکرد کە لاوانی بوێری ئێران کردیان و بە هەق شۆڕشێك بوو لە راگەیاندن‌دا کە پێش هەموو کەس دەزگاکانی سەرکوت و سانسۆڕی رێژیمیان تاساندو سەریان لێ شێواندن و بە کردەوە مەشروعییەتی رێژیم و دەوڵەتی کودیتایان لە جیهاندا بردە ژێر پرسیار. ئەم شۆڕشەی راگەیاندن و ئەم بزووتنەوە بێ وێنەیە کە هەر ئێرانییەك بوو بە هەواڵنێرێك و بە هیممەت و وشیاریی خۆیان و بە کەمترین ئیمکانات دیوارە بڵێندەکانی سانسۆڕی رێژیمیان رووخاند، ئەو راستییە دەردەخا کە ئیتر لە سەردەمی تێکنۆلۆژیادا هیچ دیکتاتۆرێك ناتوانێ دەنگی ئازادیخوازیی گەلان کپ بکا. ئەمڕۆ هاواری ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران ئەوەندە بەرز بۆتەوە کە نەك هەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیم ناتوانن بێدەنگی بکەن بەڵکوو گرانترین گوێچکەکانیش ئیتر ناتوانن خۆی لێ گێل کەن و لە پێناوی بەرژەوەندە ئابوورییەکانیان وانیشان بدەن نەیانبیستوە. بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتی لەم سەرکوتانە لە سەرانسەری جیهانداو مەحکووم کردنی ئەو سەرکوتە وەحشیانەیەی رێژیم لە لایەن سەرانی دەوڵەتە دێمۆکراتیك و پێشکەوتووەکانی ئەمریکاو ئوروپایی و بە رەسمی نەناسینی ئەحمەدی نژاد دوای زیاتر لە سێ حەوتوو لە کودیتایەکەی، هەموو ئاکامی خەباتی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران و ئیرادەی بەرزیان لە شکاندنی سەددی سانسۆرو گەیاندنی دەنگی بەرزیان بە گوێی جیهان و کەڕکردنی گوێی دیکتاتۆرەکانە.

# لە بیرەوەریی حەماسەیەکی گەورەو شەهید بوونی فەرماندەیەکی قارەمان وهاوڕێکانی دا

برایم چووکەڵی

ڕۆژی ١٢ی پووشپەری ١٣٨٨ بیست وپێنجەمینساڵیادی حەماسەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەشتی شاروێران، لە ناوچەی مەهابادو شەهید بوونی حەمەدەمین بارام میرزا (چرچە) فەرماندەری بە وەجی هێزی بەیان و ٢٤ کەس لە هاوڕێیانیەتی.

ئەم چەند دێرەی خوارەوە لە لایەك وەبیرهێنانەوەی یەکێك لە رووپەڕە پڕ لە فیداکاری و قارەمانەتییەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستانە کە لەو دا پۆلێکی دیکە لە رۆڵەکانی کوردستان وێڕای تۆمار کردنی داستانێك لە بەرەنگاری لە نیشتمان، لە روو بەڕوو بوونەوە لە گەڵ سپای داگیرکەر و دژی کورددا گیانیان بەختی سەربەرزی و بەختەوەریی وڵاتەکەیان کرد. لە لایەکی دیکەشەوە دەرفەتێکە بۆ یادکردنەوە لە یاد و قارەمانەتیی یەکێك لە فەرماندەرە شەهیدەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستان.


٢٥ ساڵ لەمەوبەر (٢٢ی پوشپەری ١٣٦٣) کات بەرەبەری بەیانی، شوێن دەشتی شاروێرانی ناوچەی مهاباد. لەو رۆژەدا پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و هێزی پێشەوا و ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ زەبر لێدان لە هێزەکانی ڕێژیم لە شوێنە دیاریکراوەکانیان جێگیر بوون تا لە دەرفەتی لەباردا زەبری کاریگەر لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بدەن. پێشمەرگەکان لە سەنگەر دا هەموو چاوەڕوان بوون، هەناسەکان هەموو لە سنگ دا حەپس کرابوون، دڵە کوتە دڵی پڕ لە ئاواتی را گرتبوون، دڵە کوتە بۆ سەرکەوتن، بۆ زەبر لێدان لە دوژمن.

خۆر بەرەبەرە هەڵ دەکشاو گرما و تین دەشتی شاروێرانی داگرتبوو، جووتیاران هەموو خەریکی کاری خۆیان بوون، هێزە سەرکوتکەرەکان تاق ولۆق بە ڕێگای ورمێ مەهاباد دا هاتوچۆیان دەکرد. پێشمەرگەکان قامکیان لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ، هەروا لە چاوەڕوانی دابوون کە لە یەکەم دەرفەت دا ستوونی نیزامی ومۆڵگەکانی ڕێژیم بتەزێنن.

کاتژمێر ١٠ی بەیانیی ئەو رۆژە هێزەکانی ڕێژیم هەستیان بە بوونی پێشمەرگەکان لەو ناوچەیە دا کرد. هەر بۆیە بۆ زەبر لێدان لەوان بە هێزێکی زۆر و پۆشتەو پەرداخەوە لە هەموو لایەکەوە هێرشی خۆیان دەست پێ کرد. هەموو نیشانەکان تەعبیریان لە هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی دەکرد. زۆری و پۆشتەو پەرداخیی هێزی کۆنەپەرستی لە پێشمەرگەی کوردستانی دەویست حەماسەیەکی دیکە بخولقێنێ و مێژووی پڕ لە فیداکاری و حەماسە خولقێنیی نەتەوەی کورد دەوڵەمەندتر دەکا.

لەم بەربەرەکانییە سەخت و خوێناوییەش دا فەرماندەری لێهاتوو و ئازا و خاوەن بڕوا چرچە (حەمەدەمین بارام میرزا) رووبەڕووی تاقیکارییەکی سەختی دیکە بۆوە. ئەوە بوو ئەم جارەش لێهاتووی و ئازایەتی و بڕوای قووڵی بە ئامانجە بەرزەکانی کوردستان بسەلمێنێتەوە و بە فیداکاری و گیانبازی و فەرماندەریی لێزانانەی لەم شەڕەش دا چۆك بە دوژمنی پەلاماردەر دابدا.

هەر وەك چاوەڕوان دەکرا پارێزەرانی نیشتمان، رۆڵە پیشمەرگەکانی کوردستان توانیان لە شاروێرانیش وەك شوێنەکانی دیکەی کوردستان هێزی دژە کورد و دژە ئازادیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێك بشکێنن و بەم چەشنە ڕووپەڕێکی زێڕینی دیکە لە حەماسە و فیداکاری و گیانبازی لە پێناو پاراستنی نیشتمان دا، لە داکۆکی لە ئازادی و سەروەریی نەتەوەی کورد بخەنە سەر مێژووی پڕ لە حەماسەو فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێز. لەو حەماسە گەورەیە دا کە بە شکانی ٥ هێرشی یەك بەدوای یەکی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیم و کوژرانی نزیکەی ٨٠ کەس لە هێزە پەلامار دەرەکان کۆتایی هات، ٢٥ رۆڵەی کورد ٢٥ پێشمەرگەی دیموکرات کە لە نێویاندا فەرماندەری بەوەج و قارەمان چرچەی بارام میرزاش بەدی دەکرا، بوونە هەوێنی تۆمار کردنی ئەم لاپەڕە زێڕینە و مەزنترین سەرمایە واتە گیانیان بەخشی، تا شانازیی بەرگری لە خاك و نیشتمان و سەروەریی کوردستانیان پێ ببڕێ.



فەرماندەری شەهید چرچەی بارام میرزا

حەمەدەمین بارام میرزا (چرچە):

ساڵی ١٣٣٦ ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایك بوو. وەك زۆربەی منداڵانی کورد هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵ ئازارو مەینەتی و ئاواتەکانی نیشتمانەکەی ئاشنا بووە و تا گەورەتر بووە و توانایی بیر کردنەوەی زیاتر بووە زیاتر لە راستی یەکانی وڵاتەکەی گەیشت. ئەو، دوای ئەوەی دەچێتە قوتابخانە، زۆر زیرەکانە قۆناغەکانی خوێندن دەبڕێ و تا وەرگرتنی پلەی دیپلۆم درێژەی بە خوێندن داو. لە گەڵ دەست پێکردنی شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، ئەویش کە لاوێکی تازە پێگەیشتوو، لەسەر هەست و وریا بوو، پێی نایە گۆڕەپانی کاری سیاسییەوە. لەگەڵ دەستپێکرانی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات و هێرشی نیزامیی ئاخوندە بە دەسەڵات گەیشتووەکان، چرچەی بارام میرزا تێگەیشت کە پێویستە بۆ بەرەنگار بوونەوەی کۆنە پەرستی و بەرگری لە دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانی کوردستان پێویستە چەك هەڵگرێ و روو بکاتە بەرەکانی شەڕ دژی ڕێژیمی ئیسلامی.

چرچە لەم مەیدانەدا زوو کارامەیی و لێهاتوویی و بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتیی قورس لە خۆی نیشان دا. جگە لەوەش چرچە بە ئەنجامدانی سەرکەوتووانەی چەندین مەئموورییەتی گرنگ لە نێو شار و ناوچەکانی شاری مەهاباددا لە لایەك جێگای خۆی لە نێو هێزی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵك لەو ناوچەیەدا کردەوە و لە لایەکی دیکە وای کردبوو، هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی نەترەیان بچێ.

پاش ئەوەی کاك هەژار فەرماندەری هێزی پێشەوا، فەرماندەریی ئەو هێزەی وەئەستۆ گرت، چرچەی بارام میرزاش وەك هاوڕێ و قوتابیی ئەو فەرماندەرە گەورەیە دەرس و ئەزموونی زۆری لێ وەرگرت و لە کردەوەش دا بەڕێوەی بردن، لە چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووانە لە ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان، شامات و شاروێران دا، لێهاتوویی خۆی وەك فەرماندەیەکی بە توانا نیشان دا. هەر بۆیەش سەبارەت بەو تایبەتمەندییە بەرزانەی کە هەیبوون وەك فەرماندری عەمەلیاتی هێزی پێشەوا دیاری کرا.

دوای شەهید بوونی کاك هەژار فەرماندەری بەوەجی هێزی پێشەوا و یەکێك لە فەرماندە گەورەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چرچەی بارام میرزا کرایە فەرماندەری لکی ٢ی هێزی پێشەوا. ئەو لەو بەرپرسایەتییەش دا زیاتر لە پێشوو بە توانایی و لێهاتوویی خۆی لە فەرماندەریی دەرخست. لەو پلەیەش دا فەرماندەری ژمارەیەك عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی لە ناوچەکانی مەهاباد و میاندواودا کرد.

پاییزی ساڵی ١٣٦٢ وەرزێکی دیکە لە ژیانی قارەمانانەو لە بە ئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیی چرچەدا دەستی پێ کرد. پاییزی ئەو ساڵە چرچە وەك فەرماندەری هێزی بەیان دیاری کرا و بەم چەشنە بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی و فەرماندەرانەی خۆی رووی کردە ناوچەیەکی دیکەی کوردستان تا لەوێش شوێنپەنجەی لە تۆمار کردنی لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی بەرەنگاری و قارەمانەتیی پێشمەرگەی کوردستان دا هەبێ.

چرچەی بارام میرزا لە ناوچەی بۆکانیش هەر وەك پێشوو بگرە زیاتریش قارەمانەتیی نواند. هەموو توانا و ئەزموونەکانی خستە کار بۆ ئەوەی لەم ناوچەیەش دا جێ دەستی لە بەرەنگاریی دوژمنی پەلامار دەر و خەبات بۆ مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلەکەی دا دیار بێ.

چرچە لە پلەی فەرماندەریی هێزی بەیانیش دا فەرماندەیی و سەرپەرستیی چەندین عەمەلیاتی گەورە و سەرکەوتووانەیلە دژی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دا کرد و سەرەنجامیش وەك فەرماندەی ئەو هێزە لە حەماسەی شاروێران دا گیانی فیدای خاك و ئامانجە نەتەوایەتی یەکانی کرد.

چرچەی بارام میرزا پێشمەرگە و فەرماندەیەکی خاکی، خەڵك خۆشەویست و خاوەن نەزم و دیسیپلین وراستوێژ بوو، تا دوا هەناسە بە ئامانج و ئاواتەکانی نەتەوەکەی وەفادار مایەوە و بە بەخت کردنی گیانی، پارێزگاریی لێ کردن.

لەگەڵ چرچەی قارەماندا ئەو رۆڵە تێکۆشەرانەش لە رۆژی ١٢ی پووشپەری ١٣٦٣دا گیانیان لە پێناوی خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەکەمان بەخشی:

١ـ تاهیر خزری، ٢ـ حوسێن قادری ، ٣ـ جەعفەر کوێخا ئیسماعیلی ، ٤ـ شێخ ساڵح مەنیج بۆکانی، ٥ـ عەلی نووری ، ٦ـ خدر عەباسی، ٧ـ کەماڵ ئاقاوەلی، ٨ـ کەریم ئیبراهیمی، ٩ـ عوسمان دەروێشی ، ١٠ـ خالید مەحموودی، ١١ـ عەولا شەریفی، ١٢ـ خالید ئەحمەد پوور، ١٣ـ ئەمیر رەزایی، ١٤ـ مستەفا محەممەدی، ١٥ـ حوسێن وەحدەت، ١٦ـ محەممەد ساڵح فەرەجی، ١٧ـ سولەیمان گولینگ، ١٨ـ جەعفەر ئیبراهیمی، ١٩ـ یوسف شەریفی، ٢٠ـ برایم سالك، ٢١ـ سەلاح شازدە، ٢٢ـ سەید سمایل ئەندام، ٢٣ـ عەلی سەرمایەو ٢٤ـ موحسێن گادانی.

یادیان بەرزو بەڕێزو ڕێگایان بەردەوام بێ.

درێژەی :

# بەیادی هاوڕێیان شیخ غەریبو، کەماڵ شەریفی

کردەوە. سەرەڕای تێپەرینی چەندین دەیە لە ئەندامەتیی شێخ غەریب لە حیزب داو، لەگەڵ ئەوەش دا کەدوای شۆڕشی ٥٧و ساڵانێك لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی دا، پێشمەرگایەتیی کردبوو، دەتگوت تازە بووە بەپێشمەرگەو، ئەوەندە بەئۆگریو گەرمو گوڕییەوە کاری حیزبیو ئەرکی پێشمەرگانەی جێبەجێ دەکرد کە هاوڕێیانو هاوکارانی دڵسۆزی، ئەرکناسیو ڕێکوپێکیی لێ فێردەبوون شانبەشانی کاری پێشمەرگایەتیو مەئمووریيەتی تەشکیلاتی، چالاکانە لە کاروباری فەرهەنگی نێو بنکەگانی پێشمەرگەدا بەشدار دەبوو. بەزمانێکی کوردیی پاراو، هەستی شۆڕشگێرانەو نیشتمانپەروەرانەی خۆی لە تویێی شێعرو هۆنراوەی جوان لە ڕێورەسمە حیزبییەکان دا دەر دەبڕیو لاوانی وڵاتەکەی بۆ کۆڕی تێکۆشان بانگەواز دەکرد.

شیخ غەریب کە بەشێکی زۆرلە تواناو کاتی خۆی بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەندامانو دۆستانو دڵسۆزانی حیزب لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرد بوو، لە دەرفەتێك دەگەڕا بۆ گەرانەوەی بەنهێنی بۆ نێو ئەو ئازیزانەو لەگەڵ ئەوەی لە مەترسییەکانی سەفەر بۆ ناوچەی ژێردەسەڵات ڕێژیمو پیلانو داوی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بێ خەبەر نەبوو، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە کۆتاییەکانی بەهاری ١٣٨٧، مەئمووریيەتی بۆ نێو شاری سەقز قبووڵ کرد هەر لەم سەفەرەش دابوو کە بەکرێگیراوانی دامو دەزگای جاسووسیی کۆماری ئیسلامی شوێنیان هەڵگرتو لە ماڵی دوستێك لە گەڕەکی بەردبران، گەمارۆیان داو شەهیدیان کرد. تەرمەکەشیان نەدایەوە بەبنەماڵەو کەسوکاریو دوور لە چاوی خەڵك شاردیانەوە.

وەك گوترا هاوڕێ کەماڵ شەریفی، هاوسەفەری شێخ غەریب لەو پەلامارەدا بەدیل گیرا. کەماڵ، بەو بۆنەیەوە کە لە نێو حیزبو دەرەوەی حیزب دا کاری رۆژنامەنووسیی دەکرد، پێش بینی دەکرا کە لەگەڵ ئازارو ئەشکەنجەو سزای بەرەوڕوو بێ. هەر بۆیە بە دەست پێشخەریی کۆمەڵێك رۆژنامەنووس کەمپەینێك بۆ پشتیوانی لەو رۆژنامەنووسە، پێك هات هەزاران کەس لە کوردستانو دەرەوەی وڵات پشتیوانییان لەم کەمپەینەو داوای بەڕێوەچوونی داداگایەکی دادپەروەرانە لە بارەی ناوبراو کرد. ئەو لاوە رۆژنامەنووسە، بۆ ماوەی چەند مانگ، بێ ئەوەی ئیجازەی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکارو ناسیاوانی هەبێ، ئازارو ئەشکەنجە درا. موحاکمەکەشی لە پشت دەرگەی داخراوو لە حاڵێکدا باری جیسمیی ئەو گیراوە لە ئاکامی ئەشکەنجەو ئازاری توندا لەوپەڕی خراپی دا بوو، بەڕێوە چوو. هەر ئێستاش، لە حاڵێکدا چەندین ساڵ زیندانیان بۆ بڕیوەتەوە، لە سەرەتاییترین مافی هەر گیراوێکی سیاسی بێبەشەو، بێ ئەوەی ڕێگا بە نوێنەرانی راگەیەنەکانی جیهان و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان بدرێ، ساڵانی تەمەنی لاوەتیی لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی دا تێپەڕ دەکا.

لە یەکەمین ساڵوەگەڕی ئەم پەلامارەی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هاوڕێیانمان لە شاری سەقزدا، بەڕێزەوە یادی تێکۆشەری شەهید شێخ غەریب و هاوڕێی بە دیل گیراومان کەماڵ شەریفی دەکەینەوە. بۆ شێخ غەریبی نەمر، بەردەوامیی ڕێگەکەی و بەرقەراریی ئامانجەکانی و، بۆ لاوی رۆژنامەنووس کەماڵ شەریفی، سلامەتی و ئازادی بە ئاوات دەخوازین.

شێخ غەریب یەکەم شەهیدی قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەگەرچی بەداخێکی گرانەوە، مەئمووریيەتەکەی نیوەچڵ و ناکام مایەوە، بەڵام بە گیان بەخشینی لە رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمدا، سەرنجی خەڵکی کوردستانی بۆ لای خەباتێکی سەخت و خوێناوی راکێشا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەی دەبا. شێخ غەریب شانازیی پێشەنگایەتی و پێشڕەو بوون لە فیداکاری و خۆبەختکردن لە دڕ دانی شەوەزەنگی دیکتاتۆری و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی لەم ساڵانەی دواییدا، کرد بە هی خۆی.

شێخ غەریب لە کاروانی دوورودرێژی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، جێگایەکی تایبەتی هەیە. یاد و ناوی لە نێو خەڵکی خۆڕاگرو بەهەڵوێستی شاری سەقزو لە نێو هاوئامانجان و درێژەدەرانی ڕێگاکەیدا بە بەرزی و زیندوویی دەمێنێتەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شێخ غەریب و، بە هیوای رزگار بوونی هاوڕێکەماڵ شەریفی لە بەندو داوی دەسەڵاتدارانی دیکتاتور و خوێنرێژی کۆماری ئیسلامی.

# بەشداریی ژنان لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێران دا

کوێستان فتوحی

خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردانی ئەمساڵ دا، بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە نووکی قەڵەمەکانیان ئازادی خنکێنان لە مەیدان وەدەر نێن و هەناسەیەکی ئازاد هەڵمژن، بەرەو سندووقەکانی دەنگدان رۆیشتن. ئەوان بۆ ئەوە نەچوونە سەر سندووقەکان تا مەشرووعییەت بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بدەن، بەڵکوو رۆیشتن تا ئاڵوگۆڕێك ئەگەر کەمیش بێ لە ژیانی خۆیان و وڵاتەکەیان دا دروست بکەن. چەند ژیرانەو ئاگایانەیە بەبێ خوێن رشتن بۆ رووخانی قەڵای دیکتاتۆر هەوڵ بدەی. ئەوان خوازیاری گۆڕان، خوازیاری پاشەکشە بەدیکتاتۆری و، لەدایك بووونێکی دیکە بوون و هەن. سەرانی رێژیم و لە پێشەوەی هەمووانیان دیکتاتۆری پیر خامنەیی، دیسان نیشانیان دا کە نایانەوێ هیچ دەنگێکی دیکە ببیستن. دەیانەوێ بۆ هەمیشە دەنگی گۆڕان و ئازادیخوازی لە گۆڕ بنێن و هیواکان بکەنە ناهومێدی. کودیتا لە دژی خەڵکی ئێران کرا. خەڵك لە دوای ئاکامی هەڵبژاردنەکە زانییان چ بەسەر دەنگەکانیان هاتوە، بۆیە لە دژی کودیتاچییەکان راپەڕین و نەترسانە شەقامەکانیان کردە مەیدانی نارەزایەتی دەربڕین و "نا" وتنەوەیەکی دیکە بە دیکتاتۆران. ریزەکان پتەوترو دەنگەکان کران بە یەك، دروشمی بژی ئازادی و مردن بۆ دیکتاتۆریان وتەوە. لەوەش دڵنیا بوون کە سیستمی ویلایەتی فەقیهی بە هاسانی مل بۆ هیچ گۆڕانێك بە قازانجی خەڵك نادا.

لەم مەیدانەش دا دیتمان ژنان وەك هەمیشە لە ریزی پێشەوەدان. ئەوان سروودی ئازادی و یەکسانییان وتەوە، دڵخۆش و پشت ئەستوور بەو مستانەی پێکەوە گرێدراون و بەو دەنگانەی پێکەوە دەیڵێنەوە: "مرگ بر دیکتاتور"،"نترسیم نترسیم ما همه با هم هستیم" نەترسان و خوێنیان بوو بە فەرشی سووری ئازادیی شەقامەکان. "ندا آقا سولتان" ئەو کچە خوێندکارەی لە تاران بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکان شەهید بوو، نموونەی ئەو کچانەیە کە دڵیان بۆ ئازادی لێ دەداو لە مردن ناترسن و بۆ ئازادیی خۆیان و وڵاتەکەیان تەناتەت سینگیان دەکەنە سپەری گوللەی بەکرێگیراوانی حکوومەتی خۆسەپێن. ئەوە نیشانەی ئیرادەی ژنانە بۆ گۆڕان، بۆ ئازادبوونیان لە زیندانی تاریکیی نیزامی رێژیمی ئیسلامی.

ئەو دیمەنانەی ئەمڕۆ لە بەشداریی بەرچاوو ئازایانەی ژنان لە بەرەنگاری لەگەڵ دیکتاتۆری و دەوڵەتی کودیتا دەیانبینین، پەیامێکی روونیان بۆ رێژیمی ئیسلامی تێدایە. هاتنە دەری بە ملیۆنان ژنی نارازی و لە هەمووی گرنگتر تێکەڵ بوونیان بە ریزی پیاوان لە سەرشەقامەکان ئەوە دەگەیەنێ کە لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا ئیدئۆلۆژیی ئەم رێژیمە نەیتوانیوە ژنانی ئەم وڵاتە بکاتە ئەو بوونەوەرەی ئەم ئیدئۆلۆژییە دەیهەوێ. لە روخساری هەر ژنێك دەڕوانی گۆڕان بەدی دەکەی. مەقنەعەو چارشێو، نەیتوانیوە ئەم هیوایە لە دڵی ژنانی ئێراندا بشارێتەوە. سی ساڵە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران حقووقی ئینسانی و مەدەنیی نیوەی کۆمەڵگەی خۆی پێشێل دەکا. بە دڵنیاییەوە ئەو حکوومەتەی ئەوە ماهییەتەکەی بێ، ئاسایش و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ و هەمیشە لەگەڵ ترس لە بزووتنەوەو سەرهەڵدان بەرەو روو دەبێ. نموونەی زیندووی ئەو ترسە سەرکوتی بێ بەزەییانەی ئەم جارەی خۆپیشاندەران لە لایەن سەرانی حکوومەتەوە بوو. لەگەڵ ئەوەی خەڵك خۆپیشاندانێکی ئارام و مەدەنییانەیان بۆ ئێعتراز بە ئاکامی هەڵبژاردن و ئەو فیڵە گەورەیەی لە لایەن دەسەڵاتەوە لێیان کرابوو وەڕێ خست ، دیمان چۆن بێ رەحمانە لەلایەن بەکرێگیراوانی دەسەڵاتی خۆسەپێن و فێڵبازەوە کەوتنە بەر هێرش و دەسڕێژی گوللە. رێژیمێك ئەگەر لە نارازییان نەترسێ چۆن ئاوا وەحشیانە سەرکوتیان دەکا؟ بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم سەرکوتە ناتوانێ بۆ هەمیشە خەڵکی ئێران و بەتایبەتی ژنان و لاوانی ئەم وڵاتە لە ئاست مافە رەواکانیان بێدەنگ بکا. ئەو بەشدارییەی ژنان لە خۆپێشاندانەکانی دوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە شەقامی شارەکانی ئێران و بەتایبەت تاران دیترا سەرەتای شۆرشێکی نوێیە. ئەو بزووتنەوەیە ئەگەر ئەمڕۆش پاشەکشە بکا، بە دڵنیاییەوە، پاشەکشەیەکی کاتی دەبێ. خوێنی ئەوانەی لەو رۆژانەدا گیانیان لێ ستێندرا دەبێتە گرەنتی سەرکەوتنی دیموکراسی و لەگۆڕنانی حکوومەتی درۆو دیکتاتۆر.

ژنان کە زۆرترین بێ بەشی و سووکایەتییان لە ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا پێ براوە، حەقی خۆیانە لە ریزی پێشەوەی خەبات بۆ پاشەکشە کردن بەو رێژیمە دا بن.




# رۆژنە

## ئیعتیاد وزیانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لە کۆمەڵگادا

عەلی بداغی

ئیعتیاد لە هەموو کۆمەڵگەکان دا پەرە بە دیاردەی بێکاریی دەدا. رێژەی بێکارییش پێوەندیی راستەوخۆی بە وەبەرهێنان و گەشەی ئابووریی کۆمەڵگەوە هەیە. کۆمەڵگە چەندی موعتاد هەبێ، ئەوەندەش لە هێزی کارو وەبەرهێنان بێ بەشە. زیانەکانی ئەو بێکاری و کاریگەرییەکەی لە سەر ئابووریی کۆمەڵگە ئەو کاتە پتر دەبێ و زیاتر دەردەکەوێ کە کۆمەڵگەی لاوی وڵات تووشی ئەو قەیرانە بن. هۆکاری ئەمەش روونە کە ئەگەرچی لاوان هێزی بە هێزی هەموو چالاکی و گوڕ و تین و وەبەرهێنان و پێشکەوتنێکن، بەڵام قوربانیانی سەرەکیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیشن و لە ریزی پێشەوەی ئەو خەسارو زیانانەدان کە بەرۆکی کۆمەڵگە دەگرن. ئەوەش لە جێی خۆی کە سەرمایەیەکی ماددیی زۆری کۆمەڵگە بە جێی تەرخان کرانی بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، پرۆژەکانی وەبەرهێنان و ئاوەدان کردنەوە، سەرفی ساتوسەوداو بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکان دەکرێ و ئەو سەرمایە ماددییە زۆرو زەوەندە بە جێی قازانج گەیاندن بە کۆمەڵگە، بە زیانی کۆمەڵگە وەگەڕ دەخرێ و کۆمەڵگە تووش بە تووشی کێشە و قەیرانی مەترسیدار دەکا.

روویەکی دیکەی پێوەندیی نێوان ئیعتیاد و بێکاریی، پەرەسەندنی هەژاری لە کۆمەڵگە دایە. لەو نێوەش دا بێ لە بەرچاو گرتنی جۆرەکانی هەژ اری و بەستێنەکانی دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە هەژاری لە دوو لاوە کاریگەریی گرینگیان لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک هەیە. لە لایەک ژیانی بنەماڵەکان هەڵ دەتەکێنێ، سەرمایەی کولتووری و پەروەردەیی کۆمەڵگە دادەبەزێنێ و تاکەکانی کۆمەڵگەی هەژار تووشی جۆرەها زیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکاو لە لایەکی دیکەشەوە نایەکسانیی وەبەرهێنان و بە کارهێنان لێ دەکەوێتەوە. بەو مانایەی کە بەشێکی هەرە زۆری داهات بۆ رێژەیەکی زۆر کەمی کۆمەڵگە دەبێ و بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەش لەگەڵ گرفتەکانی دەست پێ رانەگەیشتن بە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان بەرەوروو دەبن.

ئیعتیاد خۆی وەک لادانێکی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی نەرێنیی لە سەر زۆر کێشەو دیاردەی کۆمەڵایەتی دیکە هەیە. بۆ وێنە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان رێژەی تاوان و تاوانکاری لە کۆمەڵگە دا بەرز دەکاتەوە. توندوتیژی، دزی، لەشفرۆشی و چوونە سەرێی رێژەی تەلاق و کەمبوونەوی زەواج و هاوسەرگیری، بەشێک لە کاردانەوەی ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکانن. بۆ وێنە ئەگەر لە بنەماڵەیەک دا باوک موعتاد بێ، ئەوا بەر لە هەموو شتێک ژنی ماڵ مێردێکی بەرپرسیارو منداڵەکان باوکێکی دەروەستیان لە دەست داوە. باوکی موعتاد دەتوانێ هۆی هاندان و سەرچەشن بۆ بنەماڵەکەی بۆ لای ئیعتیاد بێ. بەتایبەت کە ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە تاکی موعتاد بۆ خۆ دەربازکردن لە لۆمەو تیرو توانجی دەوروبەری هەوڵی بە موعتاد کردنی هەموو ئەو کەسانەی دەروبەری خۆی دەدا. هەر لەو بنەماڵەیەی باسمان کرد ئیعتیاد دەبێتە هۆی پێ رانەگەیشتن و پەروەردەیەکی ناساڵم و ناتەندروست. منداڵانی ئەو جۆرە بنەماڵەیە زۆربەیان واز لە خوێندن دێنن و بەرەو لادانە کۆمەڵایەتییەکان دەچن.

هەژاری، دەسکورتی، پەنا بۆ دزی بردن و تەنانەت لەشفرۆشی و کەوتنە زیندان دەتوانێ کاردانەوەی ئیعتیاد لە سەر ئەو بنەماڵانە بێ کە گەورەی ماڵ یان ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵەیان تووشی ئیعتیاد بووە.

هەروەها ئیعتیاد رێژەی خۆکوژی، خەمۆکی و نەخۆشی گەلێکی مەترسیداری وەک ئایدز لە کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە. بێ متمانەیی، بێ هیوایی و کاڵ بوونەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی دیکەی دەرەنجامەکانی پەرەسەندنی ئیعتیاد لە کۆمەڵگە دان.

# بە تاوانی بێ تاوانی، تاوانبارین

### نامەی تونیا کەبوودوەند بۆ محەممە سەدیقی کەبوودوەندی باوکی بەرپرسی رێکخراوی داکۆکی لە رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان!

و.لە فارسییەوە: باران

بابەگیان، ئەمڕۆ پێ دەنێینە سێهەمین ساڵێکەوە، کە لە تۆیان بێ بەش کردووین و ئێمە هەروا چاوەڕوانین. بابە تۆ ئێرانی نەبووی، تۆ هاووڵاتی ئێرانی نەبووی! ئەگەر هاووڵاتێکی ئێرانی بای، سەر کۆماری ئێرانیش هەوڵی بۆ ئازادیت دا. نازانم، لەوانەشە ئەگەر هاوڵاتێکی ئەمریکی بایەی باشتر بوو! تۆ ئەو کاتە بە تاوانی سیخوڕی پاش چەند رۆژان بەردەدرای. بەڵام، تۆ خەڵکی وڵاتێکی کە مافی هاووڵاتیبوون بێ ماناترین وشەیە. تۆ کوردێکی کە بە هاووڵاتی پلە دوو حسێب دەکرێی و بە تاوانی دیفاع لە مافی مرۆڤ، یەکسانی و ئازادیخوازی، خراپترین بڕیاری بەند کردنت بۆ دەردەکەن و تەنانەت مافی بەندییەکشت پێ نادەن.

لەوانەیە تۆ لە بیرت چووبێتەوە کە باسی مافی مرۆڤ و مافە مرۆییەکان لە ئێراندا تاوانێکی نەبەخشراون. هەر ئەو تاوانەی کە بەرۆکی بەربژارەکانی هەڵبژاردنیشی گرتەوە.

بەڵێ تۆ کورد بووی و هەر وەکوو هەموو کوردەکانی جیهان، هەر وەك هەموو ئەو کوردانەی لە نیشتمانی خۆیاندا وەك غەریبە سەیریان دەکرێ، بێگانەیەك زیاتر نەبووی . تاوانی تۆ کورد بوونت بوو. تاوانی تۆ، هۆی ئەوە بوو کە کورد بووی. گەر کورد نەبای لەوانە بوو یازدە ساڵیان بەندیخانە، نەخستبایەتە ئەستۆت. هەروەکی هەموو چالاکانی مافی مرۆڤ کە بە هۆی کوردبوونیان نەگیراون.

تۆش مەحکوومی بە خرانەزیندان. وەك هەموو کوردەکانی دیکە! بە تاوانی بێ تاوانی! هەروەك هاونەتەوەکەی دیکەت لە تورکیە، لە عێراق و سووریە و شوێنەکانی دیکەی دنیا!

تۆ ئەگەر هیچیشت نەکردایە بە تاوانی کورد بوون دیسان هەر تاوانبار بووی!

سێ ساڵە کە تۆیان بە تاوانی بێ تاوانی زیندانی کردوە. بەڵام ئەمڕۆ تۆ یەکێکی لەو هەزاران کەسەی کە لە زیندان دان.رەنگە ئەوان بتوانن لە ئاست ئەو ستەم و دەستدرێژییەی بەرامبەر بە کوردەکان دەکرێ، بێدەنگ بن. رەنگە ئەوان بتوانن ئێمەو مافەکانمان لە بە چاو نەگرن، رەنگە ئەوان خۆیان بە جیاواز لە ئێمە بزانن و سنوور دانێن، بەڵام من وەك ئەوان بیر ناکەمەوە. من جیا لە کوردو یاغەیرە کورد بوون ناتوانم چاو لێکەربم. هەموویان ئەمڕۆ راستییەکان دەبینن. ئەوانەی کە سێ ساڵ لەمەوبەر لە ئاست تۆ و ئەو حوکمە ناعادیلانەی کە بە سەرت دا سەپاوە بێدەنگ بوون، ئەمڕۆ بۆخۆیان تووشیان بووە بە تووشی ئەو بەندیخانانەوە. ئەویش تۆ کە نە بەشوێن بەشێك لە دەسەڵات، بەڵکوو تەنیا خوازیاری وەدیهاتنی ماف بووی، ئەویش مافی مرۆڤ، نەك نەتەوەیی یا شتێکی دیکە!

سێ ساڵ تێپەڕی. ١٠ی پووشپەڕی ئەمساڵ نەتەنیا بیرەوەریی غەماویی گیرانی تۆی بیرخستمەوە، بەڵکوو تازیەباریی خەڵکی وڵاتەکەشمان بووم.

بابە! نەتەنیا من بەڵکوو زیاتر لە هەزاران کەس لە لایەنگرانی رێکخراوەکەو میلیۆنان کوردیش وەك من بیریان کردەوەو بۆ یەکەمین جارو دواجار بۆ پێکهێنانی گۆڕان بەرەو سندووقەکان چوون. ئێمە چووین هەڵبژێرین بێ ئاگا لەوەی کە ئەوان دایاننابوو! ئێمە هەڵەمان کردو بە تاوانی ئەو هەڵەیە بە "خس و خاشاك" (پووش و پلاش) و "اوباش"و گێرەشێوێن ناویان بردین. دوێنێ حەماسە خولقێنانی هەڵبژاردن بووین و ئەمڕۆ چەند هەڵخەڵەتاوێك لە دژی ئەمنییەتی نەتەوەیین و وەك شوکرانەی بەشدارییش لە هەڵبژاردن دا، هێزە فێر کراوەکان لە دەرەوەو لوبنان بە باتۆم و گازی فرمێسك رێژ پەزیراییان لێ کردین.

دەڵێن ئێران پابەندە بە قانوون و بە پێی قانوون دەڕوا بەڕێوە! هەر ئەو قانوونەی کە رێگە بە کۆبوونەوەو رێپێوانی ئارام دەدا بەڵام چونکە ئەوان نارازیین کەوایە هەڵخەڵەتاوو عامیلی بێگانەن. ئەو مافەش وەبەر نارازییان ناکەوێ! مافی ئازادیی چاپەمەنی، مافی ئازادیی بیرو بۆچوون و رادەربڕین دیسانیش وەبەر نارازییان ناکەوێ!

تەنیا رێ پێدراوانن کە ئەو حەقەیان هەیە.

دەڵێن ئازادی لە ئێران نزیك بە موتڵەقە! هەزاران کەس دەستبەسەر دەکرێن رێگە لە تێکۆشانی ئەحزاب و گرووپ دەگیرێ! تێکۆشەرانی مەدەنی، سیاسی، مافی مرۆڤ، رۆژنامە نووسان و هەواڵنێران و هونەرمەندان، زیندانی دەکرێن! هێندێك گیانیان لە دەست دەدەن. دیارە لە بیرمان نەچێ بە دەستی دوژمنان و بیانییە دروست کراوەکان. خوێندکاران و مامۆستایان زیندانی دەکرێن! رۆژنامەکان سانسۆر و سایتەکان فیلتر دەکرێن! کەلوپەلی پێوەندی گرتن لە خەڵك دەستێندرێ! راگەیەنی نەتەوەیی، دەبێتە حکوومەتی! و هەر حەقێك ناحەق!

لێرە هەر هاوارێك، هەر ناڵەیەك و هەر ئیعترازێك بێدەنگ دەکرێ. شەقامەکان ئیتر بیر هێنەرەوەی ژیان و جووڵان نین. ئێرە زیندانێکی گەورەتر لە "ئێوین"ە. بەراست لە بیرم چوو بڵێم ئەگەر شەوانە دەنگی "اللەاکبر"ت گوێ لێ بوو، بزانە کە ئەوانە هەر کارمەندەکانی سەفارەتخانە بیانییەکانن کە دەیانەوێ شۆڕشی مەخمەڵی وەڕێ بخەن!

باوکی خۆشەویستم! شوکور بۆ خوا لە ئێران ئازادیی نزیك بەموتلّق هەیە. ئەگەر موتڵەق بووایە چمان دەکرد. هەر بە هۆی نزیك بوونی ئازادی موتڵقە کە ئینسانێکی تێگەیشتووی وەك تۆ زیندانی دەکرێ، بەڵام مێژوو باشترین دەرسمان پێ دەدا.

کاتێك کە بێ تاوانەکان لە زیندانن و تاونباران لە سەر کورسیی دەسەڵات بن، رەنگە کاتێك بێ کە....

بۆ نادرنی بابەتەکانتان بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی پێوەندی بەم ئیمەیلەوە بگرن:
komelayeti@hotmail.com

# چاخی ئەسکەندەری مەکدوونی

و: ئاڵەشین

بەشی حەوتەم

**سەرهەڵدانی چیینەکان وشارستانییەت لە ڕۆژهەڵات**

لە زانستی کۆنینەناسی (ئارکۆلۆژی)دا کاتێ باسی ڕۆژهەڵات دەکرێ مەبەست وڵاتانی میسر تا چینە. لەو مەودایەدا پێنج دۆڵ و چەمی پڕ ئاو هەیە کە هەلومەرجە سروشتییەکانیان بوونەتە هۆکاری گەشەی کۆمەڵایەتیی بەرایی مرۆیی و زۆربوونی حەشیمەت و چالاکییەکانیان لە چاو ناوچەکانی دیکەی جیهان. ئەو ٥ دۆڵە بەپیتە بەڕیز لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات بریتین لە:

١: چەمی نیل لە ئەفریقای باکوور(میسر)

٢: دەجلەوفورات لەسنووری بوتاهی(نێوان دووزێ)

٣: چەمی سیند لە هیندستان

٤: چەمی گۆنگ لە هیندستان

٥: چەمی هوانگ هوو لە چین.

لەڕۆانگەی مێژوویییەوە دەتوانین سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەت لەوڵاتانی سۆمێر، بابل، ئاشوورو کلدە (دەجلەوفورات)، میسر (چەمی نیل)، چەمی سیندوکونك(لەهیندوستان)و هوانگ هوو دا ببینین و هەر

وەها دەبێ بڵێین کە ئەو ناوەندانە دوای ئەوەی دەوڵەتیان پێکهێناو چینی کۆمەڵایەتییان تێدا سازبوو، هەر بە سنووری خۆیان نەوەستان بەڵکوو بازنەی فلەستین و لەگەل شارستانییەتی سومێر لە لوبنان و فلەستین ڕووبەڕووبۆوە. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو شارستانییەتە ئاوێتەبوونی







دەسەلاتیان بەرەو دەورووبەر پەلی هاویشت.

بە جۆرێك شارستانیەتی میسر بەرەو باشوور رووی کردە وڵاتێك کە "جستە"یان پێ دەگوت ، بەرۆژهەڵاتدا گەیشتە عەرەبستان و هەرتکیانی لەگەڵ یەکتر لێکەوتەوەو

تا ئەودیوی قەوقازو بانووی ئێران پەلی هاویشت.

ئەگەر سەرنج بدەینە دۆخی سیاسی هەزارەی دوویەمی بەر لە زایینی ئەم بەشەی گۆی زەوی، سێ ناوچەی مەزنی جوگرایی دەبینین کە خاوەن دامودەزگای دەوڵەتین:

١:ناوچەیەکی ئەفریقایی: لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی ئەم وشکارۆیە

٢:ناوچەیەکی ئوروپایی: باشووری ئورووپا لە ناوچەی باڵکان (یونان و ڕۆما)

٣:ناوچەیەکی ئاسیایی: هیندوستان و چین.

هەموویان لە کۆتایی هەزارەی دوویەمی بەر لە زایین خەریك فرەوان کردنەوەی سنوورەکانییان بوون. بابەتی جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەو ناوەندانە لە پێشڕەوی و پەل هاویشتنەکانی خۆیاندا بەرەو سنوورەکانی یەکتر، لە باری سیاسی وسەربازییەوە تووشی ناکۆکی وکێشە دەبوون بەڵام لە باری فەرهەنگییەوە تێکەڵ و ئاوێتەی یەك دەبوون. هەر چۆنێك بێ کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات شارستانییەتی لە مێژین و کۆنیان بەدی هێنا.

شارستانییەتی نێوان دووزێ، میسرو ناوچەکانی نێوان فلەستین وسووریە، کارییگەرییەکی زۆرییان کردۆتە سەر دەوڵەتە کۆنەکانی ئورووپاو پێکهاتنی ژیارەکانیان . هۆزو خێڵەکانی ناوچەکانی ئورووپا و زۆربەی بنەما فەرهەنگییەکانیان لە نێوان دووزێ، میسر، فلەستین، سووریەو هیندستان، وەرگرتووە.

شارستانییەتەکانی دواتری ئورووپاش بێ بەش نەبوون، چونکی لەسەر کۆلکەی ئەوانەوە شین بوونەتەوەو گەشەیان سەندوەو پێشکەوتوون.

یەکەم هێماگەلی ڕوونی گەشەی موسیقایان لە سنوورەکانی نێوان دووزێ، و لە نێوهۆزە سومێریی، ئاشووری، بابلی و کلدانییەکان دا دۆزیوەتەوە. پاشان نۆرە دەگاتە میسرو هیندوچین، لە دوایش دا دەبێ ناوی فلەستینیەکان و جوولەکەکان بێنینەوە. لە ڕۆژئاوادا یونان پێشەنگ بوو، بە جۆرێك کە موسیقای یونان دەگاتە ٨٠٠ ی بەر لە زایین. لە رۆم و (ئیتالیا)شدا لە ٣٠٠ ی بەر لە زایین دا ، موسیقا برەوی هەبووە. ئێستاش چاوێك بەو ناوچانەدا دەخشێنین.

**نێوان دووزێ و (مێزۆپۆتۆمیا)**

لەو بەشەی جیهانیش وەك کەنارەکانی چەمی نیل، لە سەرەتای قۆناغی کۆنی بەردینەوە مرۆڤگەلێك دەژیان کە لەکۆتاییەکانی قۆناغی نوێ بەردین(٥٠٠٠ بەرلە زایین) کۆمەڵگەلێکیان پێکهێنا. کۆمەڵگەلێك کە هەرکامیان هاوکات لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکە، دەوڵەتی بەدەسەڵاتیان دامەزراند، چونکی پادشایەك کە خۆی زیاتر بە خودا یان نوێنەری نزیکی خودا دەزانێ دەسەڵاتێکی بە سەریان دا هەبوو. لەو کۆمەڵگەیانەدا ئایین هەمیشە " چەندخودایی" بووو لە هەر کۆمەڵگەیەکیش دا چینە جۆراوجۆرەکانی خەڵك بە جیاوازییەکی نە ئەوەندە زۆرەوە کە لە میسردا هەبوون، دەژیان . گرینگترینی ئەو کۆمەڵگانە بریتی بوون لە: سومێر، بابل، ئاشوورو کلدە.

**سومێر (سەدەی چوارەم و سێیەمی بەر لە زایین)**

سومێرییەکان خەڵکێکی شارستانی بوون کە بەر لە هەزارەی سێهەمی پێش زایین شارگەلێکی گرینگییان لە دەوری چۆمەکانی دەجلە (tigris) وفورات (euphrat) پێکهێنابوو. ئەو خەڵکە زیاتر بایەخییان بە ژیان لەم دنیایە دەدا تا دنیای دیکە، بۆیە بە پێچەوانە میسرییەکان هونەرەکەیان بریتییە لە هونەری ژیان. لە سومێریش وەك میسر پادشاکان نوێنەری خودا بوون و کاهینەکان بە کاروباری داراییان رادەگەیشتن.


ئایینی سومێر لە سەربنەمای چەند خودایی دامەزرابوو. ئانۆ(ano) خودای ئاسمان، ئینلیل (enlil) ئافرێنەرو فەرمانڕەوای زەوی، ئێ ئا (ea) خودای ئاوو دەریاکان و خودای خێرو شەفا، نانار (nannar) ئافەرێنەرو خاوەن و سوڵتانی شاری ئور، سین (sin) خودای مانگ، شاماش یان شەمەش (shamash) خودای خۆر، ئیشتار (ishtar) خودای ئەوین و رەنێوهێنان، کە بۆ فریودان و کەوی کردنی هەرکام لە خودایان ڕێوڕەسمێکی تایبەت یان بە سازو گۆرانی پێك دێنا.

# قەلی نێو جۆگە

ن: ڕەسووڵ سوڵتانی

دەگێڕنەوە لە مێرگێکی بژوێن دا پۆلە باڵندەیەك دەژیان. لە هەمووان بەرچاوترینیان پۆلێك بولبول و پۆلێك قەل بوون. قەلەکان بۆ ئەوەی نەبنە گاڵتەجاڕی ئەم و ئەو هاتن داوایان لە بولبولەکان کرد هەرکام بڕێك لە تووك و پەڕی خۆیانیان پێ بدەن. بولبوولەکانیش بڕێك ڕاوێژیان کردو وایان بە باش زانی داواکەیان قبووڵ بکەن. لەبەر ئەوەی مەترسییان لەسەر بوو. قەلەکان ڕووی رەشی خۆیان لە بن تووك و پەڕی کەناریو بولبولان دا شاردەوەو زەمانێکی باش هەڕو گیڤیان لێ دا. با ئەوەشتان پێ بڵێم کە قەلەکان هەمیشە بە دزیی بولبوولەکانەوە کۆدەبوونەوەو بەرنامەی جۆراوجۆریان دادەڕشت. وای لێهات لە دەرفەتێك دا قەلەکان ڕایانگەیاند کە ئێمە خاوەنی ڕەهای ئەم مێرگو چیمەنەینو ئەوانەی کە پێیان وایە بولبولی ڕەسەنن درۆزنی ڕاستەقینەنو ئێمە بەڵگەمان هەیە کە درۆ دەکەن. لەو کاتەدا خاوەنی مێرگەکە کەس نازانێ چۆناوچۆن بوو کە دەستی کردبوو بە کێشانی جۆگەیەکی قووڵ بە نێوەڕاستی مێرگو مەزراکەی دا. ئیتر ڕەوەی قەلو بولبولیش بڕیاریان دا پێکەوە نەژینو هەربۆیەش هەرکامیان کەوتنە بەرێکی جۆگەکە. ئەو دابەش بوونەیان بووە هۆی ئەوەی کە روخساری قەلەکان پتر دەرکەویو خەڵك باشتر بیانناسنەوە. لە نێو هۆزی قەلان دا قەلی وا هەبوون ئەگەرچی هەر لە کۆنەوە دوژمنایەتیی بولبولەکانیان دەکرد بەڵام ئەمجارەیان کەوتنە بیری ئەوەی قازانجەکانیان بپارێزن. ئەوان پردێکی لەرزۆکیان بە پووشو پەلاش بەسەر جۆگەکەدا ساز کرد. قەلی وابوو ئەوەندەی ئەمبەرئەوبەر کردبوو پەڕوپۆی پێوە نەمابوو. هی وابوو کەمتر... هی وابوو هەر لەسەرەتاوە خۆی خزاندبۆوە نێو هۆزی بولبوولان. بولبولەکانیش بەس بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئەوان دژی هیچ جۆرە ئاژاوەو شەڕو خوێن ڕشتنێك نین وەڕوویان نەدەدان کە ئەوانە قەت قەت ناتوانن ببنە بولبول، لەگەڵ ئەوەش دا وەلای سەروویان خستبوونو بەردەوام لە پەڕوپۆی خۆیانیان لێ دەکردەوە و دەیاندانێ. هەر بۆیە زۆریان پێوە دیارنەبوو کە ئەوانە زرە بولبولن. قەلی لێقەوماوی داماو بە هەمووی ئەوانەشەوە نەیاندەتوانی رۆژانی گۆرانی و سروود خوێندن جەوهەری خۆیان بشارنەوە. هەر کە دەنگیان هەڵدەبری هارمۆنیای گۆرانیەکانیان لە بولبوولەکان تێك دەدا. دیسان ئەوان هەر وەڕوویان نەدەدان. بە تێپەڕینی زەمان تووك و پەڕی سەروچاوی قەلەکان سەریان هەڵدایەوە و ئیتر نەیانتوانی بە پەڕوپۆی بولبولان روخساری ڕاستەقینەی خۆیان بشارنەوە. هەر ڕۆژەی خاڵێکی رەشی نوێ لە روخساریان دا خۆی دەنواند.

تەنیا دڵخۆشیی ژیانیان ئەوە بوو کە پەڵەیەك یا خاڵێکی رەش لەسەر روخساری بولبولێك ببینن و لێی لە هەرا بدەن، وەك بڵێی خۆیان قەت خاڵێکی ڕەشیان بە نێوچاوانەوە نەبووبێ. ئیتر باسی ئەوە ناکەین کە لە بنەوە چیان لە دژی بولبولەکان دەکردو چییان نەدەکرد. ئاخر پێشینیان دەڵێن نە مار کلکی لەبیر دەچێ و نە باخەوان کوڕ. قەل لێیان قەوما. هەرچی دەیانکرد لەگەڵ پۆلی بولبولان هاوڕەنگ نەدەبوونەوە. کاتی کورکبوونیان هەرکامەی بەوپەڕی فیداکارییەوە دەیان هێلکە بولبوولیان وەبن خۆیاندا. ئەگەرچی یەك دانەشیان هەڵنەهێنان و نیوەیان پیس کردن و نیوەشیان خواردەنەوە. پردە لەرزۆکەکەیان لێ رووخابوو. قەلەکانیش ڕایان نەدەگرتنەوە. ناچار بوون پەنا بەرنەوە نێو جۆگەکە. لەوکاتەوە ئیتر دەستەواژەو ئیدیۆمی قەلی نێو جۆگە کەوتە سەر زاروزمانان. باوەڕ بکە ئابرا " کەر ناو جۆگە" ڕاست نیە، ئاخر کەری بەسزمان کەی ئەمەنە سەگ بووگە بتانێ لەهەردووبەر جۆگە بلەوەڕێ.





## ژمارە ٩٣ و ٩٤ی گۆڤاری مەهاباد

دوای ماوەیەك ڕاوەستان، سەر لە نۆی چاپو بڵاو بۆوە. ئەم گۆڤارە کە پێ دەنێتە هەشتەمین ساڵی بڵاو بوونەوەی خۆی، چەند بەشی ئەدەبی، ڕووناکبیری کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێ.

ژمارەی ٩٣و ٩٤ی ئەم گۆڤارە کە وێنەیەکی هونەرمەندی شمشاڵژن قالەمەڕەی بەرووبەرگەوەیە، کۆمەڵێك بابەتی بە پێزی لە خۆگرتوەو لە سەروتارەکەی بەبۆنەی ساڵی زمانە زگماکییەکانەوە، باسێکی پۆختی لەسەر ڕۆڵو نەخشی زمانی زگماکی لە پەروەردەو فێرکاریی مرۆڤ دا کردوەو دواتر تیشکی خستۆتە سەر باردۆخی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داو هەروەها ئاماژەی بە گرفتو کێشە سیاسیەکانی بەردەم پەرەگرتنو خوێندنو نووسین بەزمانی کوردیی کردوە.

شیاوی ئاماژە پێکردنە کەئەم گۆڤارەش وەکوو باقی گۆڤارە کوردیەکانی دیکەی نێو ئێران ناچارە بەشێکی بۆزمانی فارسی تەرخان بکا.




ئێمە بۆ سەرلەنوێ وەگەڕکەوتنەوەو دەرچوونەوەی گۆڤاری مەهاباد دەستخۆشانە لە سەرجەم ستافی ئەو گۆڤارەو هەموو ئەو قەڵەو دڵسۆزانە دەکەین کە لە پێناوی خزمەت بە نەتەوەو نیشتمانەکەیاندا بابەتی تێدا بڵاو دەکەنەوە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. ٥١٣ ٦ Jul ٢٠٠٩

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: ٨ - MHZ: ١١٦٠٤ -
Polarization: Horizental - S R: ٢٧٥٠٠ - FEC: ٥/٦

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: ٠٠ ٩٦٤٧٧٠١٥٩٧٢٦٨

٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat٨٢@yahoo.com

## بەر لەماڵاوایی

# مەرگی رێبەر یا لە دایك بوونی ئۆستوورە

ن: ئارام ئیبراهیم خاس

مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوە بندەستەکانی جیهان، ئەوەی زۆر بەخۆوە بینیوە کە رێژیمگەلی سەرەڕۆی دوژمنی ئازادیی گەلان، رێبەرانی دژبەرەکانیان بە شێوەی فیزیکی لە نێو بەرن. زۆربەی ئەو رێبەرانە تیرۆر کراون یا لە مەیدانی شەڕدا گیانیان بەخت کردووە و یا ئەوەیکە لە گرتووخانەکانی دیکتاتۆراندا، دوور لە چاوی خەڵکی بندەستەیان چەندین ساڵ چاوەڕوانی رزگاریی نەتەوەیی بوونە. زۆر بزووتنەوەی لەو جۆرە کاتێك لەگەڵ وەها دۆخێك دا بەرەوڕوو بوونەتەوە، تووشی داکشانو سەرلێشێواوی و لەرزۆك بوون و دابەزینی ورەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی و دواجار ئاشبەتاڵ بوون. بەڵام زۆرن نموونەی خەباتی ئەو نەتەوە بندەستانەی کە نەك تیرۆری رێبەرەکانیان و سڕینەوەی فیزیکییان نەبۆتە هۆی تێشکان و لە نێوچوونیان بەڵکوو بۆتە هۆی پاڵنەرێکی هۆشیاریی نەتەوەیی و خەباتی ئەو نەتەوانەی کردۆتە خەباتێکی گشتگیرو کانالیزەی کردوونە.

***

کات ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ شوێن ڤییەن ئوتریش

رێبەری بە تواناو کاریزماتیك و پێشەنگی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو نەتەوەیی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، کەسێك کە روخسارێکی نێودەوڵەتیی بە مەسەلەی کورد بەخشیوە، لەسەر مێزی دانوستان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێران، لە پێناوی گەیشتن بە ئارمانجەکانی نەتەوەو حیزبەکەی دا بە دەستی نێردراوانی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی گیانی بەخت کرد. بەڵێ دوکتور قاسملوو و قادری ئازەر نرخ و خوێن بایی دێموکراسی و مافخوازیی نەتەوەیەکی زۆر لێکراوبوون کە تەنانەت پەیامی ئاشتیخوازانەشی بە دەسرێژی فیشەك وەڵام دەدرێتەوە. زۆر دەمێك بوو کە دەسەڵاتبەدەستانی تاران و تاڵانکەرانی دەسکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران لە دەرفەتێکی لەبار دەگەڕان کە دوکتور قاسملووی تێدا تیرۆر بکەن. لەبەر ئەوەی کە دۆست و دوژمن ئاگاداری ئەوە بوون کە دوکتور قاسملوو بە هەوڵی بێوچانی خۆی بۆ چارەسەریی کێشەی کورد، چ رۆڵێکی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەو جیهان دا هەبوو. هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی لە پیلانێکی لەوەپێش دارێژراو دا، لە شەوی ناپیرۆزی ١٣ی ژووئیەدا رێبەرێکیان لە نەتەوەی کورد ئەستاند کە هەتا ئێستاش نەبوونیی ئەو بە روخساری ئەو نەتەوەیەوە دیارە. کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندە تیرۆریستەکانی ئەو رێژیمە سەدەناڤینییە، قاسملوویان تیرۆر کرد بەڵام ئەوەی کە ئەوان هەرگیز بیریان لێ نەکردبۆوە ئەوە بوو کە " قاسملوو هزرو بیرو باوەڕەو باوەڕ لەنێوچوونی نیە." ئاخر هزر چۆن دەکوژرێ؟ بەڵێ ٢٠ ساڵ لە تیرۆری ئەو مەزنە پیاوەی مێژووی نەتەوەی کورد تێپەڕی، کەچی هێشتا گەلی قاسملوو رووگەو ژوانگەی ئەڤیندارانی قوتابخانەی قاسملووەو رێبازی دێموکراتە. ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو خانووە شیروانیە سپییە، رووگەی ئازادیخوازان و دیموکراسی خوازانە. ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە جەرگبڕە دا تێدەپەڕێ بەڵام هێشتا دروشمی رازاوە بە ناوی قاسملوو هەر لەسەر دیوارەکانن. ئەو گەنجانەی کاتی تیرۆری قاسملووی بلیمەت، سەروپێچکە بوون یا هێشتا لە دایك نەببوون، ئێستا ناوی قاسملوو هەروەك پیرۆزترین ناو لەسەر زارو زمانیانە. بەڵێ نە تیرۆر توانیی قاسملوو لە نەتەوەی کورد بستێنێتەوە و نە سیستەمی پەرەوەردەیی ئیسلامیی ئێران توانیی نەوەکانی دوای قاسملووی پێ نامۆ بکا. ٢٢ ی پووشپەڕی ٦٨ یەکێکە لە بەژانترین رۆژەکانی رۆژئەژمێری خەباتی نەتەوەی کورد بەڵام هەر ئەو رۆژە دڵتەزێنە ئێستێ پاش ٢٠ ساڵ بۆتە هێمای خەبات دژی سەرەڕۆیی و تیرۆر، بەڵێ ئیتر ٢٢ی پووشپەڕ رۆژی بێ ورە کردنی نەتەوەیەکی بچووك نیە. رۆژی وەگەڕ خستنی ورەی نەتەوایەتیی نەتەوەیەکی مەزنە، کە ناوی قاسملوو چووەتە تانۆپۆی ژیانییەوە. مانگرتنی سەرانسەریی ٢٢ی پووشپەڕ هەر ئەوە نیە کە رۆژێکمان بۆ بارسووکی لەسەر خۆمان تەعتیل کردبێ، بەڵکوو خاڵێکی دەسپێکی خەباتی نوێی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانە کە جار لە جار پتر لاوازی و داماویی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر ویست و ورەی پۆڵایینی گەلی کورددا دەخاتە روو. بەڵێ ئیتر رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ رۆژی مەرگی رێبەر نیە، رۆژی لەدایکبوونی ئوستوورەیەکە، کە مێژوو گەورەییەکەی نووسیوەتەوەو دوژمنانی بێزار لە رووناکی و لە حەقیقەت توانایی بەرەنگاریی لە هەمبەر ئەو و ئامانجە بەرزەکانی ئەویان دا نیە.

وەرگێڕان لە فارسییەوە: رەسووڵ سوڵتانی

## وێبلاگنووس

## دست نوشتەهای مریم قاضی

### گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

وێبلاگی "دست نوشتەهای مریم قاضی" دەلاقەیەك بە رووی هونەرو ئەدەبیاتی کوردستان کە لە لایەن مریەم قازی شاعیرو نووسەر، بەڕێوە دەچێ. ئەو وێبلاگە هەروەك لە ناوەکەی را دیارە تەرخان کراوە بۆ بابەتە هونەریو ئەدەبییەکانی مریەم قازی بە زمانی کوردی و فارسی.

لە لاپەڕە ئینتێرنێتییەکەی ناوبراو دا ئەو بابەتانە دەبینرێن: بقاو انطباق، ساعت کوکی، رۆژی رەش، شێعر، یادی هێمن، هوای مەآلود و کفشهای تازە من، داستانی "ددان"، من بە حذف فکر میکنم، قطرە بە دریا، وڵاتی من، خاتمی آمد تا...، بۆ ئەو منداڵانەی ئێستاش دەبنە قوربانی مینەکان، کەمی سخت اما ممکن، هەناوەکەم ......


نوێترین بابەتی ئەو وێبلاگە "بقاو انطباق" هەڵوێستەیەکە لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی سەرۆکۆماری لە ئێران.

مریەم قازی وێڕای ئاماژە بە خێرا بوونی رووداوەکان لە ئێران دێتە سەر چاوەڕوانییەکانی خەڵك لەم خولەی هەڵبژاردن و تیشك دەخاتە سەر ئەو ماددانەی یاسای بنەڕەتی ئێران کە تاکوو ئێستاش هەر لە سەر کاغەز ماونەتەوەو جێبەجێ نەکراون (٣، ١٢، ١٥، ١٩، ٢٦، ٤٤، ٤٨).

ناوبراو لە بارەی دەرەنجامی چاوەڕاوننەکراوی هەڵبژاردنەکان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی تووڕە نیگەرانی خۆی لە کەوتنە پەراوێزەوەی ئەو ویست و داخوازییانە دەردەبڕێ کە لە ماوەی هەڵبژاردن دا لە لایەن چالاکانی سیاسی و مەدەنییەوە خرانە روو.

/http://maryamghazi.blogfa.com

# "خولیاو مەرگی قاسملووی کورد"




کتێبی "خولیاو مەرگی قاسملووی کورد" لە نووسینی کارۆل پرۆونهووبێر، لە بیستەمین ساڵی تیرۆری ئەم رێبەرە مەزنەی کورد لە لایەن تیرۆریستانی رێژیمی ئێرانەوە، بڵاو دەکرێتەوە.

پێویستە بوترێ خاتوو کارۆل پرۆونهووبێر یەکێك لەو لێکۆڵەرە بیانیانەیە کە لە نزیکەوە دوکتوری قاسملوویان ناسیوە. ئەو بەرهەمە بەنرخە، فەتاح کاویان لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێی داچۆتەوەو لە لایەن چاپخانەی رۆژهەڵاتەوە (هەولێر) لە ٣٤٣ لاپەڕەدا چاپ کراوە.

لە ژمارەی داهاتووی "کوردستان" دا، راپۆرتێك لە بارەی کۆڕێکی تایبەت بە ناساندنی ئەم کتێبە کە دووشەممە ١٥ی پووشپەر بە ئامادەبوونی نووسەر لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێك بێ، بڵاو دەکرێتەوە.

## موحسین مەخمەلباف:

# خامنەیی و ئەحمەدینژاد دوژمنی خەڵکی ئێرانن




مۆحسێن مەخمەلباف دەرهێنەری بەناوبانگی ئێران لە وتووێژێکی دا لەگەڵ کاناڵی "العربیە" دەڵێ خامنەیی و ئەحمەدی نژاد دوژمنی قاتڵەسەری ئێرانن نەك ئەمریکا.

مەخمەلباف وێڕای ئاماژە بە ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانە دەڵێ: خەڵکی ئێران کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لە پێناو ئازادی و دیمۆکراسی دا شۆڕشی کرد کە بە ئاکام نەگەیشت و لە سەردەمی هەڵبژاردنی خاتەمیش دا هەوڵی دا گۆڕان پێك بێنێ بەڵام ئەویشی بۆ نەلواو ئەو خەڵکە تینوویەی ئازادی ئەمجاریش ویستیان تامی ئازادی بکەن کە ئەحمەدی نژاد کودیتای لێ کردن.

ناوبراو هەر لەو وتووێژە دا هێندێك گەندەڵی و دزی لە کاربەدەستانی وڵات لەقاو دەدا.

# محەممەد حقووقی شاعیرو رەخنەگر و تیۆریسییەنی هاوچەرخی فارس کۆچی دوایی کرد



شاعیرو رەخنەگرو تیۆریسییەنی هاوچەرخی فارس محەممەد حقووقی، رۆژی دووشەممە هەشتەمی پووشپەڕ لە تەمەنی ٧٢ ساڵ دا کۆچی دوایی کرد.

حقووقی لە دایك بووی شاری ئیسفەهان لە ساڵی ١٣٣٠وە هەڵبەست و بەستەکانی خۆی بڵاو کردەوەو لەگەڵ هێندێك لە ئەدیبەکانی ئەو شارە دەستی کرد بە دەرکردنی گۆڤاری "جنگ ادب" کە زۆر زوو بوو بە گۆڤارێکی کاریگەر لە جیهانی ئەدەبی فارسی دا.

ئەو هونەرمەندە جگە لە نووسینی چیرۆك و بەستە کاری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو دارشتنی تیۆرییشی دەکرد و لە ماوەی ٥٠ ساڵ چالاکی ئەدەبی دا نزیك بە ٥٠ کتێبی نووسیی و بڵاو کردەوە

# ماڵئاوایی مایکل جەکسۆن شای پۆپی جیهان



مایکل جەکسۆن گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکا کە لە لایەن لایەنگرەکانییەوە بە شای پۆپ ناوی دەبردرا بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ لە تەمەنی ٥٠ ساڵی دا کۆچی دوای کرد.

ئەو هونەرمەندە ناودارە کە لە ساڵانی ٨٠ەوە گۆرانیبێژی بێ رکابەری موسیقای پۆپی جیهان بوو لە ماوەی ژیانی دا چەند جار تووشی کێشە هات کە ئەگەرچی بە سەری دا نەسەپان بەڵام لە بواری تەندروستی و ژیانی هونەرییەوە بەرەو رەوشێکی خراپی بردو جگە لەوەی لەم دواییانەشدا لە رووی داراییشەوە رەوشێکی باشی نەبوو.

پێویستە بوترێ جەکسۆن بڕیار بوو مانگی ژوئیە لە لەندەن ئاهەنگێك ساز بکا کە بەداخەوە مردن ماوەی نەدا.

